# پەڕەسێلکەکانی کۆچ

ڕۆمان

فەڕۆخ نێعمەتپوور

چاپی یەکەم: 1998

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# پاژی یەکەم

بـەفرێکـی  قـورس زەوی دەخـوا، خواردنێکـی سـپی. خواردن دەدرەوشێتەوە. هـەورەکـانی تام، بۆنی خواردن پەڕش و بڵاو دەکەنەوە، کلوە درشتەکانی بەفر، هـێمن و لـە سـەرەخـۆ بـەرەو ئـەم خـوانە دێـن... بـەرە و خوانی ئازاری سپی. بـەفـری قـورس، پایـزە تـەمەنی کلوە درشتەکانی بەفرە. هەوری سەرۆک جێ دێـڵن تـا لـە داگیرکردنێکـی سـپیدا، مێژوویەکی بێ ناسنامە بۆ دوێکە و سبەی جـێ بێـڵن. لـە وەرزێکـی وادا زەوی گـەرماکـانی بـەرە و قووڵـایەکـان بەکێش دەکاتەوە. زەوی لە بەفر ساردتر دەبێت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕێگاکـانی گـوڵان نوسـتوون. سـەفەرە ڕەنگـاو ڕەنگـەکان هی دوێنێن، دوێنێی دوێـنێکـان، پـێش مێـژوو. زەوی زسـتان، تەنیاتـرین زەوییە. سەفەری زستان تەنیاترین سەفەرە، مرۆڤەکەشی تەنیاترین ڕێبوار و تەنیاترین سەرکەش.

دەڕۆی. ڕۆیشتن، قەدەری مرۆڤە. ڕۆیشتن سەرەتاترین منداڵدان و دواترین وێستگەیە. دەسپێک و کۆتایی. تەنیا بوونەوەرێک کە لە سەفەرە ترسناکەکانی قووڵـایی مێـژووەوە گەیـشتۆتە "ئێـستا" و دەگاتـە سبەیش، سبەی سبەیەکان، پاش مێژوو.

سـەمای کلـوە بەفـرەکان، مۆسـیقایەکی دەروونـیە. خـۆیان، خـۆیان دەنێـژن. داگیرکـردنیش، ژیانـە و مردن. ژیانی دوێکە و، مردنی ئێستا و سبەی. زستان، وەرزی کۆتایـی هاتنی خەونەکان و شەڕی دوو خەونە. دوو خەون ، خەونەکانی دی دەمـرێنن. چ داگەڕێـی چ سەرکەوی، قاچ هەر تەڕ دەبێ. مرۆڤ لەودیوی سنووری بەفرەوەیە. ئەوەی ئیستا ڕاهێنانێکە بۆ ئەودیوی سنوور.

بەفـر، حـەزی لـە حەقـیقەتی خـۆیەتی، شـێرەبەفـرینەکان. حەقیقەتیش حەزی لەحەقـیقەتیخـۆیەتی، لـەززەتێکـی جیاکراوە و تەریک. مان، تەنیا دەمێنێتەوە. خودێکی ئەزەلی تا ئەودیو سنووری بەفر، یان...

لێرە هەموو شتێک حەقیقەتێکی لە بەفر تێدایە.

ڕچـە نەشکاوە... ڕێگا سەرەو ژوور بێت و زیاتر لە ئەژنۆیەک بەفر باری بێت، کـێ مەجـبوورە بیـشکێنێ؟ جگـە لـە تـۆ! جـاری وایـە پێچا و پێچ و جاری وایە ڕاسـت بـە شـاخەکەدا هەڵـدەزنێت ، بەڵـام زوو زوو بـۆی ڕادەوەسـتێت و بـە هەڵکێـشانی چەنـد هەناسـەیەکی قـووڵ دەیـەوێ لـێدانی شـێتانەی دڵی هێور بکاتـەوە. دەسـتە تەزیوەکانی لە سەر دڵی ڕادەگرێ. ماسوولکە و دەمارەکانی نـێو لـەپ وردە تەکانێک لە خۆیاندا هەست پێ دەکەن. ڕچە دەشکێنێ بۆ کێ؟ ڕەنگـە هەر بۆ خۆی. بلێی کەسی دیکە هەبێت کە کۆچ سەری پێ هەڵگرتبێت و ئیتـر مەجـبوور نەبـێت بارستایی ئەم بەفرە بدڕێ؟ ڕچەی کۆچ دەشکێنێ. نە دوواهـەمین کەسـەو نـە یەکـەم کـەس. بـەس ڕچـەی کۆچـی خۆی دەشکێنێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەوانـەی پێـشتر و ئەوانـەی دواتریش هەر رچەی کۆچی خۆیان شکاند. کەس جێگای کەس ناگرێتەوە. هەر کەسە و ریگای خۆی و هەناسە و خەونی خۆی و خاک و بەفری شێلراوی ژێر هەنگاوی خۆی. کۆچ، چەشنێکە لە تێشکان. کۆچ ئـەو ڕابـردووەیە کـە لـە ئێـستادا جێگای نابێتەوە، ئاشکرا بووە و راوی دەنێن. راوی دەنێن تا چیدیکە دووپات نەبێتەوە.

ئاوڕ دەداتەوە. گلۆپە تازە داگیرساوەکانی شار، تیشکیان بە هۆی هورۆژمی لە ناکـاوی بەفـر زۆر بـڕ ناکـا. دەڵێی ئەوانیش دەیانەوێ زوو ماڵئاوایی لێ بکەن. دڵی دەگوشرێ، پتر دەگوشرێ. جاری وایە هەست دەکا جەستەی بێ ترپەی دڵ رێ دەکـا. گەیـشتووەتە قـەد پاڵی کێوەکە. بەفر لەوێ زۆرترە. هەنگاوی پتـر دەچـەقێ. هەناسەی سوار دەبێ. چیدی پێویست ناکا سەر کەوێ. راستە و ڕێ دەیـبڕێ. جەسـتەی تـەڕە. هـەوا بـۆنی تـەڕی دەدات، وەک بـۆنی حەمام بەیانـیان زوو. بـەرەو تاریکـی دەچـێت. لانی کـەم دوو سـەعاتە ڕێی بە بەرەوە مـاوە. تـۆ بـڵێی بگاتـە جـێ؟ تاریکـی سـام دەخاتـە نێو دڵیەوە. تاریکی، بەفر، تەڕبـوون و خەمێکـی قـورس، ئەمانـە بەسن بۆ چۆک دادان. چۆک دادەیت و سـەر داخـەیت و پـاش ماوەیـەک راوەستان، لەپەو ڕوو دەکەویت، تەسلیمێکی ئەبـەدی، یـان رەنگـە ئـەزەلی. ئەگـەر رانەوەسـتێ، بەرگـەی دوو سەعات رێ کـردن هەر دەگرێ. تەنانەت ئەگەر جل و بەرگی تەڕ هەڵگەڕاویشی بیبەستێ، تەنانـەت ئەگـەر چلـوورە بەفـری قەبـەش بـە شـوێن خـۆیدا راکێـشێ. گرنگ ئەوەیـە جەسـتە لـە ناوەوە هەست بە گەرمایەکی بەتین بکاو، دڵنیا بێت لەوەی کـە جارێکـە دەتـوانێ ئـەم گەرمایـە بـە بەردەوامـی بەرهـەم بێنێ. زەردەخەنە دایدەگرێ. دەیەوێ ئاوڕ بداتەوە، بەڵام تاقەتی نیە. جارێکی دی بیر لە تاریکی دەکاتـەوە. تاریکـی و ورشـەی بەفـر، ئاوێتەیەکـی سـێحراوین. هەسـت دەکـا دیاردە سێحراوییەکان بە بەردەوامی لەژیانیدا دووپات دەبنەوە، سێحری ژیانی ئەو شارەی وا جێی دیڵیو سێحری ئەو رێگایەی کە دیاردەی جێ هێشتنی تێدا روو دەدات. چەنـد چـرکەیەک رادەوەسـتێ و هەناسـەیەکی قووڵـی بـۆ هـەڵ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەکێشێ. سەر هەڵ دەبڕێ، لێدانی دڵی توندە و لە دەماری گەردن و لاجانگی دەدات. دەبێ ئێستا شین و سوور هەڵ گەرابێت، شین و سوورێکی سارد. وەک شینایی وەنەوشەی سەر شاخان و سوورایی خوێنێکی مەیبو. باشە، دەکرێت دڵێک ئاوا توند لێبداو کەچی جەستە هەر سارد بێت!

- ئاوی بە ڕوودا بپژێنن ، بابێتەوە سەرخۆ... لەگەڵ تۆمە کەماڵ!
بە گرانی دەجووڵێم. دەمەوێ دۆڵکە ئاوەکە بێنم، بەڵام زووتر لە من دەستی دەدەنێ. ئاوڕ دەدەمەوە. نیگام لە سەر سیمای بێهۆشی دایکم دەچەقێ.
باوکی لە سەر دۆشەکەکە راکشاوە و جەستەی لە سینگیەوە بەهۆی دوو سەرینەوە قەفی تێکەوتووە. تەمەنی لە هەشتا پترە. ئاوارە بووین. لە سەر جادەوە ڕێگای سەرەو ژوری گوندێکمان دەبڕی. لە هەموومان بەکارتر بوو. بەڵام کتووپڕ کەوت. هەر ئەم شەو کەوت. چەند ساڵ لەوە پێش دوکتۆرەکان پێیان گوتبوو نەخۆشی شێر پەنجەیەتی. لەسەر خۆ قسەکەی بیستبوو و دیسان وەک جاران گەڕابووەوە سەر کارەکەی. هەروا بەگوڕ کار و باری دووکانەکەی رادەپەڕاند. لەوەپێش، یەک دوو جار لە جێگادا کەوت، بەڵام هەستایەوە، تاکو ئەمشەو کەئیتر کەساسی و رەنگ و رووی نەخۆشی بە تەواوی پێوە دەرکەوت. سەر لە ئێوارە بە هێمنی و لەسەر خۆ نوێژی کردبوو. پاشان لە سەر بەرماڵەکە بە دڵ و تێرو پڕ کەوتبووە نزاکردن. نزاکردن، خۆ فریودانە لە بەرامبەر مەرگ و کارەساتدا. تەلەفۆنیان لێ کردین، بچین. ئێمەش چووین. زۆربەی خزم و کەس و کار لەوێ بوون. ناو هۆدەکە بۆنی قەنەفڵ و ڕێحانەی وشکی بن گیرفانی پیرێژن و دووکەڵی سیگاری پیاوانی دەدا. بۆنی زبری مەرگ ژوورەکەی داپۆشی.
دایکم هاتەوە سەرخۆ. بە ئاستەم نێو زاری باوکیان تەر کردبوو. دایکم دیسان دەستی خستەوە نێو دەستی و داموکایەوە و ماچی کرد. باوەگەورەم جاروبار

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چـاوی دەگـێڕا. پـیرە پیاوێکی خزم، بە دەنگی بەرز، قورئانی دەخوێند. دایکم دیسان دەستی ماچ کردەوە. باوکی رووی تێ کرد و گوتی:

- ئـەوا پـێت دەڵـێم ... بیکەیـتە هـەراو بەزم قەت ناتبەخشم! دەبێ ئازابیت .. رۆلەگیان! ئەمە رێگای هەمووومانە.

رێگـای هەمـوومان؟ دیـسان مـاچ کردنەوەی دەست. دایکم لە کاتێکدا دەنگی نزم و نووسا بوو، گوتی:

- نا بابە گیان... بە سەر چاو! ئاااا بابە گیان... بە قوربانت بم...

ـ بێ جێم کرد دەگریم! ئەوسا بەدەمیخۆیدا دا.

ـ بە سەر چاو...

دیسان بوورایەوە و بەلادا هات.

تەکانێکـی لـە خـۆیدا، ویـستی هەسـتێتەوە، بەڵـام زیاتـر رۆچـوو. بـۆشـایی بن بەردێک کە بەفر بەتەواوی نەیگرتبوو و لە بنەوەڕا رەهۆڵ بوو. وچانێکی دا. بە دەسـت بەفرەکەی لادا. بەردی گڕنی گڕنی بواری خۆ پێوە گیرساندنی پێدا و هـەر چۆنـێک بـوو هەڵکـشایە سـەری. مانـدوو. هەناسـەی لەو تەمە بەفراوییە دەچوو کە شیوو دۆڵانی گرتبووە خۆ.

زسـتان وەرزی هەناسـە کـپ کـردنی زەویـیە. سەیرە، چۆن نامرێ! زەوی، لە زسـتاندا جەسـتەیەکی مۆمیایـی کـراوە، کاروانێکی چەقیوە! هەڵمژینی هەوای سـارد هەڵـامەت دێـنێ، هـەر بـۆیە زەوی هەناسـەی کـپ دەکـا. زەوی دەبـێ بڕوێـتەوە، دەبـێ بـە جەسـتەیەکی نەخۆشـەوە خـۆی لـە بـەر هـەتاوی بەهاردا هەڵنەخا! زەوی، پیرە، پیرتر لەباب و باپیر و خەونەکانیان.

- ئای پیری!.. دۆعای بەخێری بۆبکەن... مەگرین...!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دیـسان چاوی بە هەموومانـدا گێڕا. تا دەهات ڕەنگی پتر هەڵ دەبزرکا. نەنکم لـە بـەر قاچـیا دانیـشتبوو، قاچـەکانی دەشـێلا و بە ئارامی دەگریا. گریان باڵای دەکرد. باڵا بەرزتر لە مردن.

- ئەوا پێت دەڵێم گەر بە قسەم نەکەی مواخیزم بیت... کچم نابیت... !

دایکم ئەمجارە سەری خستە سەر سینگی.

دوای ئـەوەی دوکـتۆر نەخۆشـینەکەی پـێ ڕاگەیانـد، ئـێواران بـڕێک مـیوەی دەکـڕی و دەچـووە بەرزاییەکەی قەراغ شار و تا درەنگان دەمایەوە. جارجارە دەنگی گریانێک، گریانەکانی دیکەی دەبەزاند و گوڕێکی زیاتری بە هارمۆنای داماویـی مـرۆڤ دەدا. پـیرە پیاوێکـی خـزم هەڵـیدایە و گـوڕاندنی. چاوەکانی مۆڵـەق بـوون. لـە نـێو بـراکاندا هەر ئەم و باوەگەورەم مابوون. باوەگەورەم وا دەڕۆیشت و ئەویش بە تەنیایی دەمایەوە، دواتەنیای کاروانی براکان.

- وس بن... عەمرتان نەمێنێ... عەقڵ کورتانە...!

باوەگـەورەم قۆرتێکـی گـران کەوتـە هەناسـەیەوە. دایکـم خۆی بە سەردا داو چەناکەی ماچ کرد. لە کاتێکدا هەناسەم قورسایی دەکرد، بەسەر مامی دایکمدا نەڕانـدم. لەپـشت شوشـەی ئەسـتوری عەیـنەکەکەیەوە چـاوە هەڵـدڕاوەکانی قەتیس ما. باوەگەورەم هەناسەکانی ئاسایی بوونەوە.

... کـە هەناسـە ئاسـایی دەبێـتەوە، ڕێکـردن دیـسان ئاسـان دەبێـتەوە. بیری کەوتـەوە کـە جارێکـیان سمایـیل پێـی گوتـبوو: "کە هەناسەت سوار بوو، هەم چـاوەڕوانی کـردن دژوار دەبـێ، هـەم بڕیار دان" ئەوانەی ڕێگای دوور دەبڕن کەمتر دەهێڵن هەناسەیان سوار بێت. هەناسەی سوار، تایبەت بە بڕینی ڕێگای کـورتە. تـا کـورت‌تر، پشوو سوارتر. بەڵام تا عاشقتر بیت دڵەکوتەش زیاترە، دڵەکوتەیەک لێوا و لێوی نیگەرانی... نیگەرانییەک لێوا و لێوی تامەزرۆیی.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕێگای شار بەرەوگوندەکانی ئەو ناوچەیە دیار بوو. بەفر سپی نەکردبوو. وەک مارێکـی ڕەش بـە پـێچ و لـۆچ لـە نـێو تـەم و بەفر و بەرز و نزمی‌دا ون دەبوو. ئـاوڕی بـەرەو شـاردایەوە. خانووەکانی قەراغ شار، ئەو ڕێگایەی کە ئەو لێوەی هاتبوو، هێشتا تاک‌وتەرا خەڵکی تێدا دەبینرا.

لەندکرۆزێـرێک بـە هەڵـەداوان خـۆی بـە کۆڵـانەکانی نـێو ئـەم خانــووە پەرپووتانەدا کرد و لە قەراغ دوا ریزە ماڵەکاندا گیرسایەوە و، چەند کەس لێی دابـەزین. دوانیان لە پاڵ یەکتر و یەکی دیکەیان چەند هەنگاوێک لە پێشتر. لە دەشـتیان دەڕوانی. یەکـیان قـاتی لەبـەردا بـوو و دووانەکـەی دیکە جلوبەرگی بەڵـەک بەڵـەک. قات لەبەرەکە باڵا کورت، نەختێک چەماوە، قژێکی بژ، تەنکە ریشێکی سۆفیانەو، دووچاوی گوماناوی دیمەنی بوو.

دووانەکـەی دیکـە باڵـا مـام ناوەنـدی و چـوار شـانە. شـۆفیرەکە لـە نـێو لەندکرۆزێـرەکەدا مابـووەوەو بـە پەنجـە فەرمانەکـەی دەکـوتا. قات لەبەرەکە داوای دووربینی کرد. هێنایان. کاتێک بۆ دووربینەکە چوون، زەبری پەنجەکان بـە سـەر سـوکانەکەوە کۆتایـی پـێ هات، بەڵام هەرکە دوور کەوتنەوە، دیسان دەسـتی پێکـردەوە. تا پتر رووناکی رۆژ لە کزی دەکرد، کزەی سەر لە ئێوارە ساردتر و بـە بڕشت‌تر دەبوو. هەوا سارد بوو، بەڵام ئەگەر جووڵابای ئارەقەت دەکـردەوە. دەنگـی خـوڕەی جـۆگە کانـیاوەکەی باشـووری شـار گاڵتەی بەم وەرزە دەکـرد. قـات لەبەرەکـە هەسـتی بە جووڵەی تارمایيەک کردبوو، کە بە قـەد پاڵـی کـێوەکەوە بـوو.کـە دووربـینی تـێ گـرت، ئـەوجار بـە جـوانی بینی. تارماییەکە بە تەواوی هێزیەوە ڕێگەی دەبڕی.

بـیری کـردەوە کـە ئێستا دەبێ ئەم کزەبایە لە ناو قەدی ئەو شاخەدا چەندە بە بڕشـت بـێ! بـزەیەک نیشتە سەر لێوی. بەڵام زوو بزڕ بوو. گەڕایەوە و بەوەی پەنای گوت:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- دەبێ بیگرین... تەنانەت نابێ بێلین رەق بێتەوە... نزیکترین گوند بۆ وی دوو سەعاتی دیکە رێیە... دەبێ خێرا چەند ماشینێک بۆ ئەوێ بەرێ بکەین. هەروەها پایگاکەی سەرەوەش دەبێ ئاگادار بکەنەوە.

- زوو چەند ماشینێک بەرێ دەکەین، بەڵام پایگاکەی سەرەوە ناتوانێ یارمەتیمان بدات. هەم بەرزە و هەم بەفریش زۆرە ... پاشان، خەریکە تاریکاییش دادێ.

- بە هەر حاڵ دەبێ ئاگادار بکرێنەوە... بریا هەر لێرەوە چەند کەسێکمان وە شوێن خستبا... تەنیا سەعاتە رێیەک لێمان دوورە.

بە شوێن ئەم قسانەدا ئاوڕێکی دایەوە و پاشان گوتی:

- دەکرێ شۆفیرەکەو هاوکارەکەت بە شوێنیدا بەرێ بکەیت... ئەگەر جارجارە تەقەی لێ بکەن هێزی رێگا کردنی لێ دەستێنن!

- ئەستەمە، ناکرێ... دوو کەس و بۆ مەئمورییەتێکی وا! ئەویش لە کاتێکدا تاریکی دادێت و کەلو پەلی پێویستیش لە بەر دەستدا نییە، رەنگە چەکداریش بێت... بێگومان چەکداریشە!

_ خۆ قەرار نیە هەر مەئموورییەتێک بە تەواوی ئیمکاناتەوە جێ بە جێ بکرێ. مەئموورییەت پێش هەر شتێک تواناى رۆحی و دەروونی دەوێ. ئەوەی کە دەیبینی بە بەر چاومانەوە خەریکە دەردەچێ، کانگای گەلێک زانیاری پێویستە، بەڵام وا دیارە تۆ لەمانە ناگەی! ئەوە تەنیا یاخیەک نیە کە دەر دەچێ ... هەڵبەت لە بەر چاوی تۆ وایە، بەڵام لە بەر چاوی من نا.

- من کارەکانم تەنیا بە پێی ئیمکان و دەرفەتەکانە. ئەوەی یاسا پێم دەڵێ ڕایدەپەڕێنم!

قات لەبەرەکە لە کاتێکدا بە تەواوی توڕە بووبوو، نەڕاندی:

- لانی کەم چەند تەقەیەکی لێ بکەن... با تەنیا خەیاڵاتی شیرینی ڕابردووی هاودەمی نەبن!

بەرەو لەندکرۆزێرەکە چوو. ئەوی دیکەیان بە دەنگێکی گڕو بەرزەوە گوتی:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- لە نێو شارداین... دەبینی ئەم خانووانە خەڵکی مەدەنی تێدایە.
بەڵام قات لەبەرەکە، پاش ئەوەی بە بێسیم چۆنیەتی بارودۆخی هەڵاتووەکەی بە بنکەی پەیوندیدار بە خۆیەوە راگەیاند، دەستی دایە کلاشینکۆفەکەو بە تەک تیر بۆ چەندین جار تارماییەکەی بەر فیشەک دا. دەنگی گوللەکان بۆ ماوەیەک خورەی جۆگەکەی مراند و گوێی دەشت و دۆل قۆستیەوە و سەرئەنجام لە بن بەفردا ئارامی گرت. لە نێو خانووەکانەوە دەنگی چەند قیژە و هاوارێک بەرز بووەوە.
ئەو هاوارو قیژەی کە لە ناکاو بەرز بووەوە، دڵ و گوێمی سمی و، رۆحی گڕ تێ بەردام. هەناسەکان بۆ جارێکی دیکە مەودایان تێ کەوتبووەوە. لە گەڵ هەر هەناسەیەکی گرانا، نەختێک جەستەی دادەکشا.
بێ ویست و ئیرادە دەیویست دەرفەتی سپیەکانی بەر فراوانتر بکاتەوە. بەڵام ئەوەندە بە ئاستەم دادەکشا کە هەست پێ نەدەکرا. ماچەکانی دایکم پتر دەبوون. دەنگی قورئان خوێن کزتر دەبوو. هاوارەکانی گریان باوەشیان بە یەکتردا دەکرد. چەند بێزم لە مردن دەبێتەوە! مردن زوو بەرۆکی پێ گرتم، مەرگی خۆشەویسترین کەسەکان. یەک بە دوای یەکدا هاتن. بێ ترس و بێ هیچ شەرمێک. بە هەر لایەکدا دەڕوانم، سیمای جەستەیەکی مردوو لێم دەڕوانێ. دەڕوانێ و هیچ ناڵێ. وەک بڵێی لاسایی بێدەنگییەکی گەورەتر دەکەنەوە. لاسایی دایکی بێدەنگیەکان، لاسایی خەونە مردووەکان.
مردن ، کۆتایی پارچەیەک مۆسیقا یان شێعرم دێنێتەوە یاد. کاتێک تەواوی بیرو هەست لە مۆسیقا یان شێعرێکدا دەتوێتەوە، رووت رووت دەبێتەوە و دەکەوێتە بەر تاقگەی سێحری، ئیتر پێت وایە کە کەوتوویتە نێو جیهانێکی ئەبەدی و هەتاهەتاییەوە، بەڵام کتوپڕ تەواو دەبێت و تۆ رووت رووت دەکەویتە نێو جیهانی راستیەکانەوە. جیهانی راستیەکان بە رووتی تۆ پێدەکەنێ و تۆش شەرم لە خۆت دەکەی. ئەمە مەرگە. ئەمە هەموو کەسێک لە ژیانیدا تاقی کردووەتەوە. هەموو کەسێک بۆ مەرگ خۆی لە بەر دەم مۆسیقا و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شـێعردا رووت کـردۆتەوە. هەمـوو کەسـێک بـە رۆچوون لە جیهانی مۆسیقا و شـێعر دەیـەوێ تامـی مـەرگ بکـات. لـە شـێعر و مۆسیقا ناگەی، ئەگەر بیر و هەسـتت لـە ڕزگـار بوونێکـی ئەبـەدیدا فـرێ نەدەیـتە نـێو کایـەی مـەرگ و ژیانەوە!

دایکـم دەیـەوێ سەرینەکانی پشتەوەی بۆ رێک و پێک بکا، بەڵام پاش ئەوەی چەنـد جار دەستیان دەداتێ، بێ هیچ ئەنجامێک وازیان لێ دێنێ. یان جەستەی باوکـی قـورس بـووەو ناهێڵێ بیانجووڵێنێ، یان رەنگە دایکم برستی لێ براوە. غەمی مەرگ سستی کردووە. داهێزراوە. لە بەر چاویدا ئەو کەسە ماڵئاوایی لێ دەکـا کـە لـە شـەوێکی ئـاوادا سـۆزی خـۆی و دایکـی دایکـم، دایکمی کرد بە دایکـم. دەبـێ یەکـەم جـار کە منداڵەکەی لە باوەش گرتووە چۆنی دواندبێت؟ باوەگـەورەم لـە کـۆیبیـست و یـەک مـنداڵ، چواری بۆ مابوونەوە. منداڵەکان زۆرتـر لـە زستاندا مردبوون. هەر لە دەیەم مەرگەوە، بە نەنکمی گوتبوو کە لە زستاندا شیریان زۆرتر بداتێ.

لـە سـەرما ناپارێـزێ، بەڵـام بەهێزتری دەکا. کە جار جارە دەستی لێ دەدات سـەرمای دەسـکەکەی دەستی دەگەزێ. تەنیا دراخێکی پێیە. رەوەزە بەردێک کـە بەفـر بـە تەواوی داینەپۆشیوە، بە لا سەروویەوە وەک ورچێک هەستاوەتە سـەر پـێ و لێـی مـۆڕ دەبێـتەوە. ئـەم رەوەزە بـەردە چەنـد ئەشـکەوت و حەشارگەی تێدایە. بە منداڵی گەلێک جار رێی کەوتووەتە نێویان. ئەم رەوەزە بـەردە بـە هـەوا خۆشـی شـوێنی پایـەگا و بە زستان دیسان شوێنی دانیشتوانی جارانـیەتی. کتوپڕ دەنگی چەند تەقە. هەست بە شەپۆلیان دەکا. ویزەی گوللە هـەوای تـەڕ کـون دەکا. دەنگی تەقە ناوچاوان گرژ و مۆن دەکا. چەند چرچ و لۆچـی تـێ دەخا ؟ کەس نازانێ . کێ لەو کاتەدا دەیژمێرێ؟ دەسووڕێتەوە. لە قـەراغ شـار دەڕوانـێ. بـە ئاسـتەم لەندکرۆزێـرەکە دەبینێ. ئەوان بوون. بەڵام

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕەنگە لەم ڕەووەزە بەردەش‌دا هەبن. کێ چوزانێ! ڕەنگە بەم شێوەیە خەریکن ئاگاداریـان دەکەنەوە. لە نێو بەفرەکە دادەنیشێ. دانیشتنێکی مەیلە و ڕاکشان. دەسـت بـۆ دەمانچەکـەی دەبـا و ماوەیـەک لە ڕەووەزە بەردەکە دەنۆڕێ. نەکا وەشـوێنی کەوتبـێتن؟ بـە پەلـە ئـاوڕ دەداتـەوە. بەڵام بناری شاخ لە نێو قەدی کـێوەکەوە ونـە. سـەیرێکی ڕەووەزە بەردەکـە دەکاتـەوە. هەڵدەسـتێ. وەڕێ دەکەوێـتەوە، بەڵـام ئـەم جـارە جەسـتەی سـستە. تەنیایـی، تەقـە، شـەو و نیگەرانییەکی زۆر، خوێن دەمەیەنێ.

- خوێنی مەیی، ئیتر نارژێ!
منداڵـێک لـە قوژبنێک خزاوە و لە کاتێکدا لەپی دەستی ژێر چەناگەی داوە و تاقە دڵۆپێک فرمێسک لە چاوانیدا نیە، لێم دەڕوانێ. کاسی بێدەنگیی نائاسایی مـنە! یـان ڕەنگـە تـوڕە بـوونی سـەرکەوتووانەم، لـە لای وی لـە مـەرگ مـنی بەهێزتـر نیـشان داوە! یـان ڕەنگـە لـە لای وی من کەم تەمەنێکی پیرۆزم، کە پیرۆزیی گەورەتەمەنێکی شکاندووە.
هەناسـەکان تـا دێ پتـر مـەودایان تـێ دەکـەوێ. پتـر و پتـر. بیر دەکەمەوە: شـێرپەنجە مرۆڤـێکە لـە نـاوەوەڕا دەسـتی خـستووەتە بیـنەقاقای‌و دەیـەوێ بیخنکێـنێ. پتردادەکـشێ. دایکـم لەباسـکی دەئاڵـێ. نـەنکم دەسـتی لـە سەر قاچـەکانی قەتـیس دەبـێ و ڕێـژنەی فرمێـسک دەرژێـتە سـەر چارۆکەکەی. ڕەنگـی باوەگەورەم دەگۆڕێ. ڕەنگێکی شین سیمای دەگرێتە باوەش. جل و بەرگەکـەی شـەمزاوە. تەقیلەکەی کەوتووەو سەری رووتەڵەی دەر کەوتووە. چـرچ و لـۆچەکانی ژێـر چەناگـەی لـە گەڵ هەر هەناسەیەکی گرانیدا شەپۆل ئاسـا دەبـزوێن، دەکـشێ و دەکـشێ. دایکـم دەم دەنێـتە نـێو دەمـی. قوڕگم دەگوشـرێ. چـاوی نـوقاندووە. ئێـستا ئیتـر نـێوان هـەر دوو هەناسـە دە چـرکەیەک دەبـێت. چەنـد زەحمەتـە! لـێوەکانی لـە گەڵ هەر هەناسەیەکدا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەلەرێنەوە و دەچنەوە نێو زاری. دوا هەناسەی دەنگێکی نائاسایی بوو... زیاتر لەو لرفانەی کە لە گەڵ هەناسەکانی بوون. هەموو چاوەڕوانی هەناسەی دیکە بوون، بەڵام... ئیتر نەهات. دایکم دیسان دەمی خستەوە نێو دەمی و منیش سەرم کێشا بە دیوارەکەی تەنیشتمدا.

کە مەرگ دەبینی زیاتر هەست بە تەنیایی دەکەی. بڵێی مەرگی بە کۆمەڵ و خوازراو، هەستی تەنیایی بڕوێنێتەوە؟ دەمریت و هەر لەو کاتەدا لەوانەی دەورو بەرت دەڕوانی، کە لانی کەم بۆ چەند ساڵی دیکە زیندوون.
باوەگەورە وەک چۆن بە کچەکەی وت ئازا بە، ئازا بوو. چ ئەو کاتەی مەرگی کوڕەکەی و برازاکەی بینی و، چ ئەو کاتەی شار پەیتا پەیتا بۆردوومان دەکرا. ئازایەتی، مەرگی خۆی لا بچووک کردبووەوە. ئەو چەند ساڵەی بە سەرەتانەوە ژیا، وەک باوکێکی دڵسۆز دارە دارەی بە کۆرپەی مەرگی خۆی کرد. جاری وا بوو هەستت دەکرد، ڕێزی هەیە بۆی. هەر وەک چۆن ڕێزی منداڵی دەگرت، ڕێزی مەرگیشی دەگرت. دەیزانی کە بە قەد یەک بۆ ژیان پێویستن! ساڵانی زۆری تەمەنی بە بیری مەرگ ڕای‌هێنابوو.
مرۆڤ بۆیە لە سەرەتاوە لە مەرگ دەترسێ ، چونکە پێی ڕانەهاتووە. دواتر ڕادێ، بەڵام بیری ساڵ و بیری کاتەکان وازی لێ ناهێنن، ڕاهاتنێکی کاس.
ئەگەر ژیان زوو فێری بینینی مەرگ و مەراقی کردبێتیت، دەکرێ هەر لە منداڵییەوە کاتەکانت پێ کورت بێت، بەڵام چ بەختەوەر بیت و چ چارە رەش، کاتەکان لە پیریدا گەلێک کورتن، دەزانی ئیتر هەموو جەستەکان مەودایەکن بەقەد ئەو ساڵانەی کە مۆمیان تیا دادەگیرسێ و پاشان یەک بە یەک خامۆش دەبن.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خامۆشیش بن ئەو هەر دەبێ رێ بکا. هەر چەند چراکانی شاری لێ ون بوون، بەڵام چراکانی گوندێکی نە زۆر دووری لێ وەدەر کەوتوون. تاریکی بە تەواوی دابەزیوەو بارگە و بنەی خستووە. خۆشییەک لە دڵیا دەگەڕێ. شەو لە ژێر چارشێوی رەشی خۆیدا دایدەپۆشێ. شوێنیشی کەون، نایدۆزنەوە. ئەی جێ هەنگاوەکان ؟ بە قەد ئەژنۆیەک دڕی بە بەفر داوە. دڕ پێدانێکی وا بارینی بەفریش ونی ناکات . مەگەر با هۆز یان گەردەلوول و زریانێک کە رووکەشی بەفر ڕادەماڵێ و بە پەنا و پەسیوان و چاڵەکانیدا دەکا. بەڵام ئەمشەو هەوا مەندە. بەفر ئەوەندە قورس دەبارێ کە جووڵەی لە هەوا بڕیوە. ئاوڕ دەداتەوە. ئاسمانی شار شوێنی خەرمانەی گڵۆپەکانە. " ماڵئاوا خەرمانەی عەشقە کۆنینەکان! ماڵئاوا ئاسمانی وەرزی خەونەکان! ماڵئاوا کووچە و کۆڵانەکانی رووان و پشکوتن و سیس بوون! ئەی ئەو رۆژانەی لە نێوتاندا گەڕام، ئەی ئەو شەوانەی لە نێوتاندا نووستم... ماڵئاوا!" سەرە و خوار دەبێتەوە. هەنگاوی سەرە و خوار خۆشییەک بە دڵیدا دەگێڕێ. بەڵام بەفر نەرمەو هەر دەچەقێ. چەند خۆش بوو ئەگەر توانیبای تلاوتل دابکشایە. ناو دۆڵەکە کپ و مەندە. هەست بە دەنگی نیشتنی بەفر دەکرێ. تاریکییەکی روون. روونێکی تاریک. وەک شوێنی کارەساتە مەزنەکان. ڕادەوەستێ. دەڕوا. دەگاتە بنی دۆڵەکە. دڵی زۆر تەنگە. بە قەد تەنیایی بیرێکی سەرکێش لە وڵاتی گوماناویدا. دەیەوێ بگری. چۆک دادەدا و دەست بە رووخسارییەوە دەگرێ. لە بەینی دوو هەنسکدا ڕادەوەستێ. دەنگی خوڕەی جۆگە ئاو، دەڕژێتە گیانیەوە. دوو هەنگاو واوەتر، کەچی ئەو نەیبیستبوو. فرمێسکو گۆشەی لێوی بەبزە کشاو، دەگەنە یەک. کە رۆح گرێی تێکەوت ، ئیدراکیش گرێی تێ دەکەوێ. دوو مست ئاو لە روومەتی دەدا. بەفراوێکی فێنکە! فێنک فێنک ، وەک کانی بەهار. لێرە و لەوێ چەند شوێن پێی رێوی، کەروێشک، چەقەڵ، رەنگە گورگیش. گورگ، هەڵوێستەیەکی پێ دەکا. گورگ لەم شوێنانە بە دەگمەن ماون، بەڵام بەفری زۆر بەرەو دەورووبەری

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئاوایـیەکان بەکێـشیان دەکاتـەوە. ئاوایـی وەک بەرخێکی بە تام و بۆن هەر لە دوورەوە مێـشک وڕ و کـاس دەکا. بیر دەکاتەوە تەنیا تەپۆڵکەیەکی ماوە کە بیگەیەنێـتە ئاوایـیەکە. تەپۆڵکەیەک و تەختایی یەکی نەختێک کشاو. ئیتر لەم تەپۆڵـکەیەوە دارستان دەست پێ دەکا، دار بەڕوو، دارەبەن و دار مازوو کە بە رووتی خەوتوون! لە ئاوەکە دەپەڕێتەوە. رادەکا. کتوپڕ بیری دەکەوێتەوە کە لەندکرۆزێـرەکە بیـنویەتی. چـۆک دەداتـە سـەر بەفرەکە و لەو کلوو بەفرانە ڕادەمێنێ کە بچووک بوونەتەوە، کەچی بە لیشاو هەر بەرەو زەوی دێن.

***

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# پاژی دووهەم

لـە نـاو خەندەکەکـە راکـشاوم، دەمانچەیـەکم پێـیە و خورجێک نان و پێخۆر. خـورجەکە بـەتاڵ بـووەتەوە. دەنگی تۆپ و خومپارە و کلاشینکۆف و ژێ‌سێ دنـیای کـاس کـردووە. بـۆنی بـاروت، شەپۆل دەدا. هەرایە و دەنگە دەنگ. دەنگـی تـووڕە بـوون و جـوێن‌دان و یارمـەتی خواسـتن، مـرۆ سەرسام دەکا. دەمانچەکـەم بـەدەسـتەوەیە. تەقـە بکـەم یـان نـا؟ دەمانچـە بۆ خۆ پاراستنە. ئەوەی ئەولاتر دەڵێ: "ئەمشەو هێرش دەبەین، بریا زووتر نانت بۆ هێنابایین." بەروویـدا پـێدەکەنم. نـازانم بـۆ پێکەنـیم، بەڵـام پێکەنـیم. تەقە دەکا. دیسان تەقـە. ئاوڕێـک دەداتـەوە و چاوێک دادەگرێ. دیسان پێدەکەنم، پێدەکەنێ. هەناسـە هەڵکێـشان لێـرە دژوارە. شـتێک بـە سەر سینگی مرۆڤەوە قورسایی دەکـا. لـەو سـەری خەندەکەکە کەسێکی دیکە وەدەرکەوت. لەتەمەنی خۆما. ڕەنگـە هەنـدێک کـشاوەتر. هـات. رەشتاڵـە و قـژ خـاو، تەپـو تـۆزاوی بـە کۆڵێکەوە و یوزییەک بە دەستەوە. سەرنجی راکێشام. بە بزەوە سڵاوی کرد. وتی لـەو شـوێنەوە کـە هاتـووە، بـریندار و کوژراو هەیە. سەرنجی دام. وتی: "دەبـێ بمێنیـتەوە تـا تاریـک دەبـێ، ڕەنگـە تەقـە گەرمتـر بـێت."کتوپڕگرمە گرمێکی دوور. هەلێکوپتەرەکان لە ئاسمان پەیدا دەبن. تەقە گەرمتر دەبێت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نـێوان تـێلدڕووەکـان و خەندەکەکە دەبێ بە ڕۆژی حەشر. خۆڵ و وردە زیخ دەبـارێ. زیاتـر خـۆم بـە بـنی خەندەکەکـەوە دەنوسـێنم. گـرمەکان نزیکتـر دەکـەونـەوە. ئەوەتا بە سەر سەرەوەن. یەکەم ڕۆژیش هەر ئاوا بوو. سەعات دووی ڕۆژێکـی بەهار، دەنگ و ڕەنگی شار گۆڕا، دەنگ بوو بە دەنگی ئەمڕۆ و دەنگی ماشینی فەریاگوزاری و شیوەنی خاوەن مردووەکان و ترس... ڕەنگ بـوو بـە تاریکایـی ژێرخانەکان و مەودای خۆڵەمێش ئاسای نێو نیگاکان. کات چەقـی. بـە هەموو شتێکدا ڕۆ چوو. شەڕ، کات قورس دەکا، ئەوەندە قورس، کـە هەست بە خانە خانەی دەکرێ. ئەو ڕۆژە شار، بۆنی گڕ، دووکەڵ، هەڵمی خـوێن و هەناسـەی حەپەسـاوی دەدا. فرمێـسک و لاقـی تەنـیا لـە نـێو خۆڵی کێـلدراودا پیاسـەیان دەکرد. شار دەیناڵاند، شار دەیقیژاند. شار، هەر جارەی لە شوێنێکەوە برووسکەی دەدا و دەچوو بە ئاسماندا.

هەلیکۆپـتەرەکان چـوارن، سـیانیان تەقـە دەکـەن و یەکـیان دەیـەوێ بنیشێ. تەقـە، سـنووری خـەیال دەبەزێـنێ. دووکەڵـێکی سـپی لـە مەیـدانی نـێو بیـنا بـەرزەکانی نـێو سـەربازخانەکە بـەرز دەبێتەوە و، مەودایەکی زۆر دادەپۆشێ. سـەرئەنجام یەکـێک لـە هەلیکۆپـتەرەکان دەنیـشێ. پـاش ماوەیەکـی کورت هەڵدەفڕێتەوە. ئاگربار و ڕاکت، چەند مەتر لا سەروی خەندەکەکە دادەبێژن. دەنگـی هـاوار بـەرز دەبێـتەوە. کوژراو یان بریندار؟ نازانم. دەنگی بێسیم بە دەسـتێک نەفرینی لێ دەبارێ. هەر دووکیان بەرەو ئاسمان تەقە دەکەن. هەر لـەم کاتـەدا ریـزێک خومـپارە راسـت و چەپی خەندەکەکە دەکوتێ. دەبم بە زەوی! دڵـم ئەوەنـدە تـوند لـێ دەدات کە هەست دەکەم زەویش دەبزوێنێ. مـردن، سـەرە تاتکێـی نێو خەندەکەکە دەکا. کێی بینیوە؟ لە نێو تەپ و تۆز و لـە ژێـر خۆڵی ڕژاوی سەر جەستەمەوە سەر هەڵ دێنم. چرنوقێک دەبینم کە خـۆی لـە دیواری خەندەکەکە گیردەکا. هەڵدەزنێ و دادەبەزێتەوە. ئەوسا لە سـەرکولوویەک گـل چـەق دەبەسـتێ. گڵ لە نێو لەپدا ورد و خاش دەبێ... ئیتر پەنجەکان سست دەبن.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەوی دیکەیان دێتە لام. قۆڵی بریندارە و منیش جەستەم کوتراوە. دەڵێ ئیتر لێـرە نـادەن. دەوەسـتین تـا شـەو دادێ. مەتارەیـەکم دەداتـێ... تەرمەکـە هەنـدێک لـە خۆمان دوور دەکەینەوە. بیر لە بزە و چاو قرتاندنی دەکەمەوە. ئـەوی دیکـە دەڵـێ نابـێ ئێـرە چـۆڵ کـەین. رادەوەستین تا دێن. لای ئێوارە دێن. بۆ ڕاگواستنی تەرمەکە ڕادەوەستین تا شەودابێ.
شـەوگار خەریکـە لـەق و پۆپـی خـۆی بە سەرماندا شۆڕ دەکاتەوە. دەنگەکان خـنکابوون. بێدەنگییەکـی کـپ. سـوتووی جگـەرەکان هێـند درێـژ بـوونەوە، قۆرتیان تێ کەوت، گوتیان:
- سماییل! تۆ و (دەستیان بۆ من راداشت) تەرمەکە ببەنەوە!
مـن و سماییل مابووین. لە خەندەکەکە هاتینە دەرەوە. برینی سماییل سووک بـوو، بەڵـام ئـازاری دەدا. تا شیوێکی دیکە ڕانەوەستاین. تەرمەکەمان لە سەر زەوی دانـا. هەناسـەکان بەرە و ئارام بوونەوە دەڕۆیشتن. خوێن لاق، دەست، پـشتێن و سـەر سـینگی تـەڕ کـردووە. وشـک دەبێتەوە و رەق هەڵدێ. پێش ئـەوەی خـوێن بـە جەسـتەمەوە وشـک هـەڵ بـێت، هەمیـشە حـەزم دەکـرد رووداوەکـانی ژیـانم بگێـرمەوە. بەسـەر هاتـەکانی ژیـانم تا ئەو کاتە مەستی دەکـردم. هەسـتم دەکـرد تەنـیا هـی خـۆم نـین و دەبـێت بیانگێـرمەوە. ترسـنۆکەکان هەمیـشە تامـەزرۆی بەسـەر هاتەکانم بوون. بەڵام دوای پەڵەی وشـکی خـوێن، ئیتـر وەڕەز بـووم لـە گێڕانەوە. لە جەستەی ساردی تەرمەکە بێـزارم. هەسـت دەکـەم هێشتا گڵ لە نێو پەنجەکانیدا ماوەتەوە و ئارام ئارام دەڕژێ. هێـڵی گەرانەوەی مەرگ بۆ نێو ژیان. زووتر ماندوو دەبم. " سماییل .. ڕاوەسـتە!" ڕادەوەسـتێ. لە جۆرە ترس و تەنیایی و بەزەییەک لێوا و لێوم. سـڕم. شتەکان لە خەون دەچن. دەنگی ژاکانی خونچەیەک شێتم دەکا. گوێ هـەڵ دەخـەم. هەسـت بـە بۆن ناکەم. لە فەزایەکی سێحراویدا هەنگاو دەنێم. حەزم بە دەنگە. دەنگێکی بەرز. ڕامچڵەکێنێت. سماییل زۆر جار پشتا و پشت ڕێ دەکـا. لـە مـن ماندووتـرە. وەک من بێدەنگە. هەمیشە حەزم لە بێدەنگی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بـووە. بەڵام نەک بێدەنگییەک مەرگ بچێنێ. " خانووەکەمان زۆربەی کات لە بێدەنگـیدا بوو. روو بە شاخی باشووری شار دەیڕوانی. زستان ، شاخ سپی و، بەهار سەوزو، هاوین زەردو، سەوزو ، پاییز زەرد. گەر چاویش لێک بنێم هەر لـە کـاتی خـۆیدا هەست بە گۆڕانیان دەکەم" . حەزم لە گریانە، نازانم سماییل دەگری یان نا، سماییل رەنگە چەکەکەی سەرشانی کە زوو زوو لە سەر قەدی رێکـی دەکـا، بـەر بە فرمێسکی بگرێ، بەڵام من دەمانچەکەم لەوە بچووکترە کـە لـە سـەر قـەدم بـێت و بچـێت! "دایکیـشم هـەر وا بـوو. بـە فرمێـسکەوە دەمناسـییەوە. وەک ئـەوەی کـە هەمیـشە لـە غـوربەتدا بێت. کە منداڵ بووم، کاتـێک دایکم دەگریا، دەچوومە گەوڕی تاقە مانگاکەمان ، دەگریام. مانگاکە کاوێـژی دەکرد، کلکی بادەداو لێم ڕادەما. دواتر ڕاهات. تەنیا لە کاتی چوون و هاتـنە دەرەوەدا ئاوڕێکـی لـێ دەدامـەوە. خـرمەی وشکە گیای ژێر ددانی، بەرە بەرە گریانی پێ لە بیر دەبردمەوە. ئاوسانی ماسوولکەی لاشەویلکەکانی دەیترساندم. ئیتر قەت نەچوومەوە". گۆزینکی چەند رەقن! دەیانگوشم. حەز دەکـەم نەرمیان بکەمەوە. نەرمتر لە شلکەی ران ، سماییل بن باڵی گرتووە و هەسـت بـە رەقایـی ناکـا. پێـڵاوەکەی دادەکەنـدرێ. پاژنەشـی رەقـە. "باوکم قـورس و قـایم و رەق دەهاتـەوە. هـەر بـە هاتنەوەی جووڵەی ئاسایی نێوماڵ دەبـڕاو مـنداڵ دادەمرکان. نانی دەخوارد، جگەرەکەی دەکێشاو لە سووچێک ڕادەمـا. دایکـم بـە گـریان دەیەویـست ژیـان دەسـتەمۆ بکـاو باوکم بە ڕق و توورەیـی. فرمێـسکیش وەک ڕق مـرۆ بەخـشەندە ناکـا، تەنـیا داوا دەکـا." دەکەویـنە نـێو مێـرگێکەوە. مانـدووین، بەڵـام لێـرە ناکرێ تەرمەکە دابنێین. هەنگاونان لە نێو مێرگدا هەم خۆشە و هەم ناخۆش. خۆش بۆ ئەوەی کە ژێر پـێ دەحەسـێتەوە و ناخـۆش لـە بەر ئەوەی کە ماندووترت دەکا. تەرمەکە بە ئاسـتەم لـە مێـرگەکە دەخـشێ. "گەڕەکەکـەمان بـە زسـتاندا تەڕ و تووش و قــوڕاوی بــوو. گەرەکێکــی نوقمــی بەفــرە بــالا بــەرزەکان و گوێــسوانە داچـەماوەکان. گـەرەک، زسـتانان بـۆنی زێرابی لێ دەبڕا، بەڵام چوار وەرزی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ساڵ بۆنی شیاکە و جوێن و شەڕی هەر لێ دەهات." دادەنیشین. سماییل خۆی دەکێشێتەوە. دەنگی قرچەی پشتی دەگاتە گوێم. "باوکم هەمیشە بە خوشکەکانم پشتی خۆی دەشێلا. خوشکەکانم پێشبڕکێیان بوو، بۆ ئەوەی دڵی باوکم نەرم بکەن. هەر خراپ شێلانێک سەر کونەیەکی بە شوێنەوە بوو. ئیتر وای لێ هات لە شێلان ترسان. پێشبڕکێ کۆتایی هات." زۆرمان نەماوە. خانووەکانی قەراغ شار دەردەکەون. بە دەست فرمێسکەکانم دەسڕم. سارد ساردن."کە یەکەم جار بە منداڵی فرمێسکی باوکم بینی، زانیم دەبێ کارەساتێکی گەورە رووی دابێت. باوکی مردبوو. ئەو جار منیش بیری ئەو رۆژەی کەوتمەوە کە دەبێ باوکم بمرێ! ئیتر تێر تێر گریام". خانووەکان تارماییین. تارماییەکان هەم لە خۆیان دەچن، هەم لە گەلێک شتی دیکە. تارماییەکان نارِوانن، تەنیا داوای نیگا دەکەن. ئەوان خولقاون بۆ ئەوەی لێیان خورد بنەوە. سماییل دیسان مەتارە ئاوەکەم دەداتێ. شلەتێنە. دەکۆکم. مردن، پانتاییەکە فراوانتر و بەر بلاوتر لە شەڕ. مردن، لە هەموو شوێنەکانی دیکەی ژیاندا جەستەی تینو و چاوی تیشک ساردی لە جووڵەدایە، بەڵام لە کاتی شەڕدا، دەڵێی شەڕ دووانەی خۆی کە "مردنە" دەدۆزێتەوە... دەست لەملانی دەبێ و ناو چاوان و دوو گۆنای ماچ دەکا، ئەگەریش زۆر دڵ تەنگ بێ، دەگری. دەگری و گلەیی لە هەموو ئەو ڕابردووە دەکا، کە لێک ترازاون. ئەو ماوەیە زۆریشی نەخایاندووە. رەنگە هەر دە، بیست، یان پەنجا ساڵ بێت. مەودای لێک ترازانیان زۆر نیە... بەردەوام یەکتر دەبیننەوە و لێک بزڕ دەبن. رۆحێکی قەقنەس ئاسا لە بن خۆڵەمێشی کارەساتەکانی رۆژانەدا دەیانبزوێنێ و باڵیان پێ دەگرێ و لە کۆلان و شەقام و شاخ و کولانە مریشک و زێراب و باغچە و بەر بەرۆچکەی خانووە قوڕەکان ، پێکیان شاد دەکاتەوە.

تەرمەکەش، تارماییە. لێی دەروانم، روانینێکی بێ کۆتایی... بێ سنوور... قووڵ. روانینەکە بۆ دەرەوەیە، بەڵام بۆ دەروونیشە. سەفەرەکە لە دەرەوەیە بەرەو ناو خۆت. بێ جووڵەی گلێنە و مژۆڵ و لێو و زمان. تەنیا جار جارە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەست بە سووکە لەرینەوەیەکی گۆناو پشتی برۆ دەکەم. یەکەم کۆلان قووتمان دەدا. تەرمەکە لە پاڵ دیوارێکدا دادەنێین. ئەو ڕادەوەستێ و من دادەنیشم. قۆڵم شل بووە. پشتم دێشێ. سماییل دیسان خۆی دەکێشێتەوە. بایەکی فێنک خۆی بە کۆلاندا دەکاو کاکۆڵی تەرمەکە دەبزوێنێ. وا هەست دەکەم. سماییل چەکەکەی بە دیوارەکەوە دەنێ و چەند هەنگاو واوەتر هەڵ دەتروشکێ. دەگەڕێتەوە. مانگە شەو سەر دەردێنێ. کۆڵانێکی نیوە تاریک و نیوە ڕۆشن. دەنگی بۆقی چۆمەکانی قەراغ شار زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە هەست پێ دەکرێ. کتوپڕ سماییل دەڵێ:

- دوای گریان پیاو بێ بەزەییتر دەبێت. ئەوەی ناگری، باشتر دەبینێ. ڕقم لە گەرمای فرمێسکە، کاتێک لە سەر پەنجەکانەوە بۆ ناخ دەگوازرێتەوە.

- نەمزانی فرمێسکەکانی منت بینیوە.

- جار جارە ترووسکەیان دەدا. شەو، بەوە نیە شەوە. هەمیشە تیشکی نادیار تێیدا لە هاتو چۆدایە.

جگەرەیەک دادەگیرسێنێ. دووکەڵەکەی، تیشکی مانگە شەو دەقۆزێنێتەوە. تەرمەکە، دەڵێی ماندووە و خەوتووە. شەو برینەکانی داپۆشیوە. ڕەنگە بە سووکە ڕاتەکاندنێک بە خەبەر بێت. ئەوسا بە دەم ڕوانینەوە باوێشکێک بداو پێشیشمان کەوێت!

- هەر وا دەبێت... هەر وا بووە... چار نیە!

- مەرگ، جوانی ئارەزووەکان دەڕوشێنێ. ئارەزووەکان ئیتر تام و بۆی تر بە خۆیانەوە دەگرن... لە بیر دەکرێن... بە کردەوەش لە بیر دەکرێن.

کۆڵانەکە نیوەی نوقمی ترێفەی مانگە شەوە و نیوەکەی دیکەی تاریکە. خانووەکان زیندەوەری مرۆ ئاسایان تێدا نیە. پشیلەیەک لە نێو ترێفەی مانگەوە ڕادەخوشێتە نێو تاریکی. ڕادەوەستێ. هەر کە جووڵەی ئێمە دەبینێ، ڕادەکا. زبڵدانەکان بەتاڵن. چەندین ڕۆژە لێواو لێوی پاشماوەی مرۆڤ نابن. دەفرێکی بەتاڵن کە تەنیا بۆنی تیژی ڕابردوویان لێ دێت. پشیلەکان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نـیگەرانن. بە سەر سوڕمانەوە سەر لە زبڵدانەکان دەردێنن. سەیری پەنجەرە تەنـیاکان و دەرگا داخراوەکان دەکەن. بەرە بەرە واز دێنن. ئیتر هەر چاویان لـە چۆلەکە و ریشۆلەیە. لە شووشە شکاوەکانیشەوە خۆ بە ژووریدا دەکەن، تـا لـە کایـەی تەراتـێنی مـشکەکاندا بەشـداری بکـەن! پـشیلەکان چالاک‌تر و مەندتـر دەبـن. ڕەنگە ئێتر مرۆڤیش زۆر ترسناک نەیەتە بەر چاویان. مرۆ تا بەخـشەندەترە، ترسـناکترە. گـڕی سـووری جگەرەکـەی سماییل ترسناک و دوورە دەسـت دەنوێـنێ. "بـاوکم پـێش ئـەوەی بخـەوێت، دوا جگـەرەی دادەگیرسـاند. مـژە قووڵـەکانی ژوورەکـەی روونـاک دەکـردەوە. دواتـر میـشەیەکی بـە دوادا دەهات، ئەوسا دەکۆکی و لە سەر گازی پشت خەوی لێ دەکـەوت. سـەرنجم دەدایـە پـرخەی، تـا خەوم لێ دەکەوت. پرخەی باوکم، تـوڕە بوونێکی ناوشیارانە بوو." سماییل لە تەرمەکە نزیک دەبێتەوە. پتر سەر نـەوی دەکاتـەوە و ورد لـە سـیمای شـێواوی دەروانـێ. "خوشکەکانم هەمیشە سـەریان بە سەری یەکترەوە بوو. خەفەت، گریان، شادی و تەنیایی خۆیان بە سـەر یەکتـردا، دابـەش دەکـرد، ژوورەکـەی پـشتەوەی دیـوەکانی دیکە هی ئـەوان بـوو. ئەو ژوورەی کە تەنیا تاقە پەنجەرەیەکی هەبوو کە بە سەر داڵانە بچـووکەکەدا دەیـڕوانی. پەنجەرەیەکی چوارچاوو چڵکن و مۆریانە لێدراو، کە شووشـەکانی بـە هـۆی کۆنیـنە بوونـیان، لـێڵ و تـەماوی بووبـوون. ژوورەکـە یەغانێکـی تـێدا بـوو بـۆ هەموویان. لە گەڵ ئاوێنەیەکی درز تێ کەوتوو، چەند شانەی دارینەو پلاستیکی. ژوورەکە هەمیشە بۆنی مێخەک و سمڵ و رێحانەی وشـکی دەدا. بـە تایـبەت کاتێک سەری یەغانەکە هەڵ دەدرایەوە. لە کۆتایی هەفـتەدا ئەم بۆنانە لە گەڵ بۆنی ئارەقەی بن باڵ و لەشیان تێکەڵ دەبوو. ئیتر ژوورەکە بە تەواوی بۆنی ژن و گەورە کچی دەگرت."

- سەری دووشەق بووە... بە دەسەسرێک بیبەستین چاکە.

گیرفانم پشکنی.

- پێویست ناکا، ئەوەتا پێمە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

" ئاوێنە درزاوییەکە، کاتێک لێت دەڕوانی سیمای دووشەق دەکرد. سیمای دووشەق مرۆ بێزار دەکا. خوشکەکانم هەمیشە پرتەو بۆڵەیان بوو. سەرئەنجام دایکم بە باوکمی گوت و ئەویش نەڕاندی:

- دانەیەکی دیکەش بکڕم بۆ ئەوەی ئەویش درزی تێ بکەوێ؟

ئاوێنە گەورەکە هەر بە شکاوی کڕابوو."

سماییل سەری تەرمەکەی بەست. دەستی لینج بووبوو. گوتی دەبێ لە حەوشەی یەکێک لەم ماڵانەدا بەلۆعەی ئاو هەبێ. دەتوانی سەرنجێک بدەی؟ دواتر وتی نا، خۆم دەچم. شۆڕە شۆڕی بە ئاستەمی ئاو گەیشتە گوێم. هاتەوە.

- تا دۆزیمەوە شێت بووم... لە نێو دیوارەکەدا بوو، تەنیا سەری بەلۆعەکە بە دەرەوە بوو. نازانم بۆ لە دیواریان خنیوە... دەزانی؟ لە بەر زستانە.

کە زستان دێت، حەوشەکان پڕ دەبن لە بەفر و ئاو دەیبەستێ. چێشکەکان لە بن گوێسوانەکاندا، پەڕەکانیان فش دەکەنەوە و سەریان لە جەستەیاندا نوقم دەکەن... تەڕ دەبن. ڕەشەبا لێیان دەداو دانە دانە و بە کۆمەڵ دەوەرن. کە زستان دێت، بۆنەکان دەمرن. ئاگر دەبێ بە با. گەر زۆپایەکت نەبێ هەڵ ناکەی: زۆپایەک و ژوورێک و... خەیاڵێک. سەرەتا، لە یەکەم بەفر زۆر ڕادەمێنی، دواتر بۆ پەڵەرەشەکان چاو دەگێری.

سماییل وتی: "بە نۆرە بە کۆڵیا بدەین چاکترە... زۆرمان نەماوە."

لێی نزیک بوومەوە. تۆپەڵە قژێکی خوێناوی بە سەر شانیەوە بوو. هەڵم گرت و لە کونە دیوارێکم خنی. سماییل هیچی نەگوت. " گلۆڵە قژی خوشکەکان و دایکم و ژنانی خزم، کون و کەلەبەری حەوشەکەی پڕ کردبوو. کە پاییز دەهات تۆپەڵە قژی دەق بەستوو، کە کەس نازانێ چۆن لەو کەلەبەرانە دەکەوتنە خوارەوە، لە حەوشەکەدا بە دەم باوە دەکەوتنە تەراتێن. قژە سپی و خەناوییەکان کەمتر دەکەوتنە خوارەوە. ئەوان تا بنی کونەکان دەبران...

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

فـڕێ دانی خەنــە گــوناحە و دەرکــەوتنی نیــشانەکانی پیریــش گوناحێکــی گەورەتر!"

تەرمەکـە دەدەم بە شانمدا. دەڵێن قورسترە لە کاتی ژیانی. هێز، مرۆ سووک و چـالاک دەکا. هێز، بەرەو حەوا رادەکێشێ. داوای فڕینت لێ دەکا، بەڵام کە هێـز، مەرگـی بـە کۆڵـدا دا، دەمێنێـتەوە. درەنگتـر رێ دەکـا. هێز، مەرگ بە شـانیدا دەدا بـۆ ئـەوەی لە شوێنێکی وەهای دابنێ کە ئیتر لێ نەئالێتەوە. بۆیە گۆرسـتانەکان دوورن. دوور دوور. دوورتـر لـە ڕابـردووت. ئـەو تۆپەڵـە قژە خوێناویـیە، بـێ گـومان دەعبا لێی دەئالێت. خوێن ، خۆراکە. تەرم، شارێکە کە هـەر سـاتەی لـە کۆڵـان و شـەقامێکی دا جـۆرە تـرس و تەنیایی و بەزەییەک بەرۆکت پێ‌دەگرێ. قورس قورسم. هەنگاوەکانم دەچەقێ.

چەنـد رۆژ دواتـریش هـەر وەک ئەمـرۆ وا بوو، ئەو رۆژەش گوتم: "تۆ بڵێی ئەمـرۆش نەبێـتە دووپـات بـوونەوەی رووداوەکـەی چەند رۆژ لەمەو بەر؟" لە پـێش خوشـکە گەورەکـەم ( فاتـێ ) و مامەوە رێم دەکرد. بیرم دەکردەوە: "ئەگـەر شـتێک روو بـدات، بـە پێچەوانەی چەند رۆژ لەوە پێش لە بێدەنگی‌دا روو دەدات." بێدەنگـی، کـووچە و کۆڵان و شەقامەکانی شاری وەقسە هێناوە. بێدەنگـی، لـەو پەڕی خۆیدا دەبێ بە وشەو رەستەو مۆسیقا... وەک چۆن قسە لە زۆر و بۆریی خۆی‌دا مەیلی بێدەنگی دەخولقێنێ. قورسایی بێدەنگی وەهایە کـە ئەبـەدی دەنوێـنێ. بـووەتە بوونێکـی پیرۆز. دەستی گرتووین و خەریکی بـەرێ کـردنمانە. چاو ساغە. بێدەنگی وەک کووچە و کۆڵان، بووە بە خاوەنی ئەو راستەرێیانەی کە لە یەکتر ون دەبن. با، تەپ و تۆز بە حەوادا دەکا. بۆنی خاکـی تیـنوو دێـت. بـۆنی خـاک، یادی رووداوەکە دەهارووژێنێ. خاکێک کە بـۆنی خـوێنی گرتبێ، مرۆ لێی دەسڵەمێتەوە. جا داخۆ ئەو خاکەی کە نەوە لە پـشت نـەوە تـێکەڵ بـە خـوێن بـێ، دەبێ لە گەڵ بێزاری و لە بیر کردن لە چ ئاسـتێک‌دا بـێ؟ مـرۆڤ زۆر لـە گـەڵ خـوێن هـەڵناکـا. یـان دەبەزێ، یان بە نەفرەت و نەفرین و وەڕەزییەوە خۆ ڕادەگرێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕادەوەستین. لە سەرەتای ئەم کۆڵانەوە تا ئەو سەری، لە بەر ڕوانینی سەربازخانەکە دایە. بە چیچکانەوە دەڕۆین. نیوە دیوارێک دەمانپارێزێ. سنووری بێدەنگی و ترس زۆر لە یەک نزیکن. مرۆڤ زۆر جار لە بێدەنگیدا بیر دەکاتەوە. داخۆ بیر کردنەوە لە ترسەوە نیە؟ بیر کردنەوە، ترس نیە؟ "گەر وا با ئێمە لە هەموو کەسێکی دیکە پتر بیرمەند دەبووین." دەگەینە ماڵی مام عەزیز. ژێرخانێکی شێدار و نیوە تاریک و هەندێک کەل و پەل. مامم وەپێش دەکەوێ. سڵاو و چاک و چۆنی. هێشتا چاو بە تاریکی ڕانەهاتووە. مام عەزیز دوورە خزمە. نەبووە و خاوەنی چەند کچە و کوڕی نیە. چاوم ڕادێت سێ کچن و دایکێک. کچێکیان سەری لە سەر دەستەکانیەتی. دەستەکانیشی لە سەر ئەژنۆن. بیر دەکەمەوە دەبێ زۆر بەم بار و دۆخەوە ماندوو بێت. کەل و پەلی پێویست دەپێچنەوە. دەڕۆین. دەڵێن ڕاوەستن سەیران ماوە! دایکی دەنگی دەدا. پاش ماوەیەک وەدەر دەکەوێ، سوور و سپیەکی نەختێک کەڵەگەت، قەد باریک و قژ لوول کە ئەگریجەی لە ژێر لەچکەکەیەوە دەرکەوتووە، پانتۆڵێکی پیاوانەی کوردی و کراسێکی دیسان پیاوانە کە دوگمەکانی تا ژووری مەمکی داخستوون. چاو و سەرنجمان لەیەک دەچەقێ. ئەو ڕاناوەستێ و خەریکی لەپێکردنی پێڵاو و هەڵگرتنی جانتا بچووکەکەیەتی. نیگا گۆڕینەوەکانی ئەو ڕۆژە هەموو شتێکیان بڕیەوە. چاوانی بێدەنگ و مەندی ئەو تامێکیان لە بێدەنگی ئەم شارە هەبوو. شار تام و بۆنی کارەساتی دەدا. گەیشتینەوە کۆڵانەکە. یەک یەک و دوو دوو خەریکی پەڕینەوە بووین. کەل و پەلەکانمان بە شوێن خۆماندا ڕاکێشان. من و ئەو هەر چاوێکمان لە یەکتر بوو. کتوپڕ دەنگی هەلیکۆپتەرەکان ئاسمانیان داگرت. پەلە بکەن... پەلە بکەن! هێشتا چەند کەسمان لەم سەری کۆڵان بوو. دەنگی دۆشکە و بیکەیسی تێکەڵ بە گرمە و زرمەی هەلیکۆپتەرەکان بوون. هەلیکۆپتەرەکان جاری وابوو هەوایان بەر شاپازللە دەدا. هیچ دەرگایەکی کراوە نەبوو. خۆمان دایە بەر گوێسەبانەی خانووەکان. مەترسیی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بیـنین. کـەل و پەلـەکان هـەروا لە بەردەمماندا کەوتبوون. هەوا بۆنی خوێن و گــریان و خاکــی تــەقاوەی دەدا. "را مەکــەن... خــۆتان بــە دیــوارەکانەوە بقرسـێنن." راوەستان دژوار بوو. مرۆ کە مەترسی لە سەرە، حەز دەکا را بکا. را کـردن تـرس بە تاڵ دەکاتەوە، بەڵام بە ترۆپکیشی دەگەیەنێ. ئێستا دەبێ بچەقـی بـۆ ئـەوەی مەرگ ببەزێنی. مەجووڵێ بۆ ئەوەی نەتبینن! لێم رووانی. چەنـد حـەزم دەکـرد لـە بێدەنگـی چاوانـیدا نـوقم بـبم. چرنـووقەکە بـلێی بگەرێـتەوە! لەم سەر تا ئەو سەری کۆڵان داری بزە رووا. بەڵام خێرا ژاکان و لـە جـیاتی بـەر، کـرم لەچرۆکانیەوە هەڵقولین. دەنگ، نزیک نزیک بووەوە. زرمـە و گـرمە، گوێـی کـاس دەکـرد. زەوی و خانـووەکان دەلـەرزین. وەک ئـەوەی تایـان گـرتبێ. دەرگـا و پەنجەرەکان ددان بوون و چۆقەیان دەهات. دەنگـی دۆشـکە گوێـی کـاس دەکـرد. کـتوپڕ لە چوار ڕێیانی لای چەپمانەوە دۆشـکەکە دەرکـەوت. بە سەر سیمورغێکەوە بوو. هەلیکۆپتەرەکە لە ئاسمان لـووتی بـەرەو دۆشـکەکە کـرد و بە ئاگربار و راکت لێی دا. سیمورغەکە جێی دەگـۆڕی. باڵــندە ئاسـنینەکە سـووڕی دایـەوە. دۆشـکەکە خـۆی کـرد بـە کۆڵـانەکەی ئێمەدا. دیسان تەقە. سیمورغەکە تیژ تێپەری و تۆزەکەی لە گەڵ تـۆزی تەقیـنەوەی راکتەکان تێکەڵ بوو. لە چەند شوێنی دیکەوە دەنگی تەقە هـات. دۆشـکەکە بـەردەوام تەقەی دەکرد. دەنگی زریکە و قاو و قیژی ژن و هـاوار هاواری پیاوان تێکەڵ دەبن. راکتەکان چەند شوێنی نێو کۆڵانەکە و ئەم حەوش و ئەو بان دەگرنەوە و پریشکی گڕاوییان دەبێتە باران و کۆڵانەکە تەڕ دەکـا. دایکـی سەیران لەو سەری کۆڵانەکە هەستابووە سەر پێ و دەیقیژاند و بـە خـۆیدا دەکێـشا. ئـەوانی دیکـە، یـان خۆیان بە زەویدا دابوو، یان خۆیان گرمۆڵـە کـردبوو و لـە قـوژبنی نـێوان دیـوارەکان و زەوی خـزا بـوون. بـۆنی هەناسـەی تەقیـنەوە دەهـات. هەسـتم بـە پەنجـەکانی خۆم کرد کە خۆیان لە زەوی گـیر کـردبوو. دەکـرێ ئەمەش چرنووقی من بێت! تۆز، ناو زارمی مزر کـردووە. هەمـوو جەسـتەم نوقمی تۆزە. تف دەکەمەوە، بەڵام دەبێ بە لیک و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بـه چەناگـەمدا شـۆر دەبێتەوە. دەیسرِم. قاچم دەکەوێتە سەر شتێکی گەرم و هـەڵ دەبەزمـەوە. سـووتاندنی، چەند سووتێنەر ! چاوم لە سەیرانە. سەری لە نـێو ئامێزی دایە. دەڵێی دەیەوێ بەر بە هەڵاتنی بێدەنگی چاوانی بگرێ. هەر لەم کاتەدا لەو سەری کۆڵانەکە، دەنگی شین و ڕۆ ڕۆ بەرز دەبێتەوە.
مێـشک دەتکێ؟ مێشک تکابووە سەر زەوی. جەستەی دایکی سەیران لە ژانا پێچـی خواردبـوو. کچـەکان رژان بە سەریا. باوەشیان پێدا کرد. سەیران هاتە سـەر تەرمەکـەی و زەق زەق لێـی ڕوانی. عەبەسـانێکی ترسناک. عەبەسانێک کـە مەزلـوومترین مرۆڤـت لێ ترسناک دەکا. لەگەڵ مامم سەیری یەکترمان کـرد. ئەوسـا مـن هەر دووشانیم گرت رامتەکاند. "بگری... بگری... بە خۆتا بکێـشە... لـە خۆت بە... قژت برِنە... بگری!" دانیشت گرمۆڵە بوو. کە ئاوڕم دایـەوە، بینـیم هەنـدێک لـەو لاتـر، تەرمـێک بـە کلاشـینکۆفێکی شـکاوەوە کەوتـووە. دەنگـی تەقـە هـەر بـەردەوام بـوو. هێـشتا تـۆزی نـێو کـۆلانەکە نەڕەویـبووەوە و لـە نـێو دیـوارەکە نەتـرازا بووین کە ویرِە ویرِی خومپارە بە سـەرماندا تێـپەڕی و یـەک دوو کۆڵـانی ئەو لاتری هەژاند. چیدیکە دەرفەتی گـریان نەبـوو. سـەیران دوا کەس بوو کە لە گەڵ من خۆمان هەڵدایە چاڵێکی پشت ئیدارەی ئاو.

تەرمەکـە دادەنـێم. سمایـیل شـانی ژێـر دەدا. سمایـیل نـەوی بووبـووەوە. قورسـایی مێـشک، دەسـە سـرِەکەی داخـزاندبوو. پێی بڵێم؟ پێم نەگوت. بێ مێـشکیش هەر تەرمە. گران هەنگاو هەڵ دێنێ. لە کۆلانی پشیلەکەدا سمایل گـوتی: "لـەم کاتانـەدا بـیر لـە نووسـین بکـەوە! هەموو شتێک بە سەرنجێکی وردتـرەوە دەبـینی." ئـەم رۆژانـە بۆ نووسین دەبن؟ ئەم مرۆڤە قەت خوو بە مـردن ناگـرێ. دەبـا هەرچـی زووتـر تێـپەڕبن! تێـپەڕ دەبـن. دواتـر دەبـینی سـەمفۆنیایەک لـە رووداو، تیاتـرۆی ژیـانتی داگـیر کـردووە. حـەز دەکەم بە سماییل بڵێم من ژیان خۆڵەمێشی و قاوەیی و شینێکی تۆخ تۆخ دەبینم، باوکم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خۆڵەمێشی و خۆشکەکانم قاوەیی و دایکم شین. خۆڵەمێش هەموو توو و ڕەگەکانی خنکاندبوو کەسیش گوێی لە لرفە لرفی هەناسەی تەنگیان نەبوو. کە باوکم لە ژیانی بوروکرات ئاسای وەدەر نرا و بەرە و ئەو شوێنەی پاڵ پێوەنرا کە هەموو تەمەنی خۆی لێ دزیبووەوە، ئیتر ڕەنگی خۆڵەمێشی نێو ماڵی ئێمە لە جاران تۆختر بووەوە. ئیتر نەیتوانی وەک جاران گەشە بە قسە نەستەق و قەڵەمییەکانی بدات. بەرە بەرە تێ گەیشت کە زانیارییەکانی کۆنن و ئەوسا ڕقی هەڵ دەستا و هەر دوو قاچی لە پێڵاوێک دەکرد و گاڵتەی بە هەموو کەسێک دەکرد. داری خۆڵەمێش، باڵای کرد و لق و پۆپی دەرکرد و پەیتا پەیتا پشکوت. ئەوسا پەنجەرەکانیش لە قەراغەکانەوە دەستیان کرد بە ڕزین. خۆڵەمێش، تووی بێدەنگی دەچاند. نێو ماڵی کپ‌تر و خنکاوتر دەکرد. ژووری خوشکەکانم تا دەهات لە بۆنی‌دا نوقم دەبوو. بە بینینی ئاسمانی پڕ لە هەورە خۆڵەمێشییەکان، ئەوەندەی دیکە دڵم دەگیرا و دەگوشرا. هەستم دەکرد جیهانی خۆڵەمێشی‌ی باوکم تا ئەو پەڕی ئاسمانەکان ئامێزی کردۆتەوە و دنیای لە باوەش گرتووە. هەورە تریشقە ئەوەندەی دیکە سامی دەخستە نێو دڵمەوە "بروسکەی هاوار و جوێن و بارانی شەق و شەپازللە." دواتر گەورە بووم، ئەو جار باوکم چاوی لە زەوی بەر پێی خۆی دەبڕی و سارد سارد دەیدواندم. ئیتر ئەم ڕەستەیە زیاتر لە قسەکانیدا دووپات دەبووەوە: "ئاگات لە ماڵەوە بێت!"

"ئاگات لە تەرمەکە بێت!" سماییل بوو. دوور کەوتەوە، بۆ کوێ چوو؟ دەبێ چاوەڕوان بم. چاوەڕوان دەبم. ترێفەی مانگ هەموو شتێک شکۆمەند دەکا. چەند ساڵ دواتر بوو کە سماییل گوتی: "ترێفەی مانگ ، شەوگاری زستان ساردتر دەکا." ساردێکی شکۆمەند!

تەرمەکە تاکە پێڵاوێکی لە پێدایە... "خوشکەکانم تەنیا جووتێک پێڵاوی جوانیان هەبوو. لە کاتی زەماوەندا دەبوایە یەکیان لە پێی بکردایە. هەر بۆیە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەر جارەی یەکیان لە گەڵ دایکم دەچوونە شایی. هەمیشە چاوەڕوانی دوو جووت پێڵاوی دیکە بوون. چاوەڕوانی... چاوەڕوانی. هەمیشە کاتە ماندوو و بێ گرێکانی خۆیان بە چاوەڕوانی پڕ دەکردەوە... لاویەتی، چەندە هەوێنی هەڵسوڕانە، ئەوەندەش هەوێنی چاوەڕوانی تێدایە. لاویەتی، خەون دەکا بە چاوەڕوانی. هەموو کاتێک، چاوەڕوانی رووداو و گۆڕانێکی گرنگە. پێت وایە هەموو شتێک لە پێناوی وەدی هێنانی چیرۆکی چاوەڕوانی تۆدایە. هەموو شتێک بۆنی پەیامبەری عەشق و خۆشەویستی لێ دێت. شەو دەبێ بە کاتە سێحراوییەکانی تلدان. بەیانیان دەڵێی خۆر لە پشتی کێوی دڵی تۆوە هەڵ دێ و تاڤگەی پرشنگی هەڵدەبەستێ. چاوەڕوانی لە دنیای ژوورێکدا، دنیای دەرەوەشت لێ بچووک دەکاتەوە. بچووک بچووک، بە قەد ترپەی ئەو هەنگاوانەو، بە قەد تیشکی ئەو چاوانەی کە قەرارە بێن. جاری وایە ئەوەندە حەز بە راموسان و گۆڕینەوەی چپە و گەرمای لەش و سۆزی لێوان دەکەی، کە هەڵدەستی و بە دەم ئاوازێکی ئەفسانەیی پڕاوی سەر لێوتەوە، سووکە سەمایەکی بۆ دەکەی. وەک وردە شەپۆلی قەراغ چۆمەکان لوول دەخۆیت و دەکشێی تا لە کەناری خەونەکانتدا دەگیرسێیەوە. ژووری شێدار و نیوە تاریک دەبێ بە فەزای رۆمانسیانەی ئەو زیندانەی کە عاشقی دڵ کەیل تێیدا لە زنجیر دراوە و کەچی سەر گۆنا و چاوانی هێشتا گەش گەشن. قژ، سمێڵ و ڕدێن ماش و برنجی دەبن، بەڵام نێو چاوان و کوڵمەکان و گلێنەی چاو نەء. ئەوە خوێنی ئەوە تێتدا دەگەڕێ. ئەوە گەرمای لەشی ئەوە لە تۆدا پەنگی خواردووەتەوە. رێک وەک تێکەوەگلانی دوو جەستەی حەسرەتاویی ساڵانی ساڵ لێک دابڕان.

پنتێکی قاوەیی لە نێو بازنەیەکی خۆڵەمێشیدا. پنتەکە بە جەستە رێ دەر ناکا، بەڵام بە چاو، بە روانین با. "چاوەڕوانیی فاتێ لە درزی پەردەوە و لە دانیشتنی ئێوارانی کۆڵانەوە دزەی کرد و نیگای لە نیگای کوڕێک ئاڵا. چاوەڕوانی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەرۆکـی بـە خەیاڵـاتی شەرمنیش گرت. ئەمە چەند ساڵ دواتر بوو. کوڕەکەی کۆڵـان، کوڕێکـی مەنـد کـە دایم تەسـبێحێکی بـە دەسـتەوە بـوو و گرێـی ملی دەسـوڕاند. دایکـم نیگەرانتـر بـوو. نـازانم ئەمـە چەندەی خایاند کە تەها هاتە خوازبـێنی فاتێ. تەراکتۆری هەبوو. هەر لە منداڵییەوە دەمناسی. لە گچکەیەوە بـە کاسـبی ڕا هاتـبوو. هەفـتەی جارێک یان دوو جار دەهات و تێکەڵی منداڵی گـەڕەک دەبـوو. هەمیشە لە کایەی شەش خان، جەغزێن، تۆپە قاڕێنە و شەڕە شـەق خـۆی دەبـوارد، پتـر حـەزی لە قەرا قەرا و سەگ بازی و هەڵماتێن بوو. پـارەی ئاسـن هەمیـشە لـە نێو دەستیدا زرینگەی دەهات. چاوی دەبڕییە باغە گـەورە کەلاوەکـەی ئـەو سەری ماڵانەوە و پرسیاری کەرە بەڕەڵاکانی دەکرد. تـەها قـەت نەیـتوانی تـێکەڵ بە منداڵانی گەڕەک بێت و ، منداڵانی گەڕەکیش قـەت حـەزیان بـە تـێکەڵ بوونی نەدەکرد. لە بەر چاوی ئێمەدا شتی لە دەست فرۆشـەکان دەکـڕی و ئـەو سـا بـە بـزەوە لـە هـەرە بچـووکەکانمان رادەمـا. سـەرئەنجام ماڵی سەلیمە شەل شەڕێکی گەورەیان بە ماڵی تەها فرۆشت و کار کێـشرایەشارەبانی. تـەها ماوەیەکـی زۆر نەهاتـەوە. کـە هاتـەوە ، دیسان هەر ئـەوەی جـاران. تـەها قـسڵ، زیـخ، چـێو، خـشت و بـەردی بـە تەراکـتۆرەکەی دەکێـشا. فاتـێ گوێـزرایەوە. کۆڵـانیش ئیتـر سـوڕی تەسبێح و سوڕاندنەوەی گرێی ملی حەمیدی بە خۆیەوە نەدیتەوە.

سمایـیل دێـتەوە. لێـی ناپرسـم. هیچ ناڵێ. دەمەوێ بڵێم: "سماییل! چەند ساڵ دواتریش کە باوەگەورەم مرد، هەستم دەکرد دایکم من بوو شینی دەکرد.

حـەزم لـە خۆشەویـستی بـێگەردی بـوو، بەڵـام لێیـشی دەترسـام. ئـەو شـەوە بێدەنگـی مـن لـە ئازایەتییەوە نەبوو ، لە شەرمەوە بوو." حەز دەکەم پێی بڵێم: "جـیهانی شـینی تـۆخ، خۆشەویـستیەکەشی ترسـناکە." سماییل دەست دەداتە تەرمەکـە. پێـی دەڵـێم: "نـۆرەی مـنە." هەمـوو مرۆیەک لە ژیانیدا تەرمێک بە کۆڵـیدا دەدا. کـە تـەرمت دا بە کۆڵتدا، ئیتر هەموو ژیانیشت دەگۆڕێ، جا لە هەر تەمەنێکدا بێت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بـیرم دێـتەوە ، ژان و ئازار ، خاکیش ورد و خاش دەکا. ژان و ئازار لە خاکیش وەڕەز دەبێت... لە مالیش وەڕەز دەبێت... لە هەموو شتێک وەڕەز دەبێت. بۆ ئـەوەی کـە خـۆی بـسڕێتەوە، لـە دەسەلـات دەگەڕێ. بەڵام چەند ساڵ دواتر سمایـیل وتی: "دەسەڵاتیش چەشنێک لە بێ دەسەڵاتییە. ئەی ئەوە نیە خاوەنی ڕابردوویەکـی حەسـرەتاوی، مەترسـی ئێـستا و بـیری داهاتـووە!" ئـەی چـار؟ گینگڵ دان. هەر جارە و گینگڵ دانێکی نوێ!

باڵندەکانی سۆز لە گەڵ غوربەت سەفەر دەکەن. غوربەت دەجولێ و سەفەری دیکـە دەکا و هەگبەیەکی دیکە لە کۆڵی کارەساتاویی خۆی دەنێ. غوربەت، بە دەم سـەفەرەوە سەما دەکا، سەمایەکی شێتانە. وەک گەردەلوول حەزی بە خۆ سـوڕدانی نـێو گەڵـاو لقەکانـە. ئەو سا بەرز بەرز دەکشێ و روو لە مانگ دەکا. دەیـەوێ بـە درێژایـی تیـشک رووبـەری ئاسمانی بتەنێ. گەردەلوول لە شەوی مانگەشـەودا بەسـامە. پەنجەرەکان دادەخەیت و لەو دیوی شووشەکانەوە و لە درزی پەردەکانەوە لێی دەڕوانی. سەمای شێتانە، پانتایی نیگات دادەگرێ.

بـۆ هـەر ئـەم پەنجەرەیە؟ پەنجەرەی دیکەشمان هەیە. ئەوەتا لەو سەر! رووی تـێ دەکەم. بە دەست هەڵمەکەی دەسڕم و هەنیەی پێوە شەتڵ دەکەم: منداڵ بـووم. لـە گـەڵ خـزمان و دراوسـێیەکمان چـووین بـۆ سـەیران. لە گەڵ چەند منداڵـی وەک خـۆم چـووین بـۆ مەلـە، لـە چۆمێکی قەراغ دارستانەکەی داوێنی شـاخەکە، لـە گـەڵ کچە دراوسێیەکی هاوتەمەنی خۆم کە مەمکی بە قەد نووکی سـەرە قەندانـێک قـوت بووبـووەوە، چەنـد جارێـک نـیگامان لـێک ئاڵا. لە نێو چەمەکـەدا مەلەمان دەکرد کە هات. سەرەتا لە دوورەوە لێی دەروانین. پاشان بـەرە بـەرە نزیک بووەوە. لە سەر بەردێک دانیشت. خۆم هەڵدایە نێو ئاوەکە. سـەرنجم دا. سـەرنجی دام. پـێکەنی. پێکەنیم. بەردێکی هەڵداشتە نێو ئاوەکە. ئاوەکە بەرووومدا پژا. پێکەنی. هەتاوی گەرمی سەرەتای هاوین، دارستانی چڕ، شاخی هەڵکشاوی بەرە و ئاسمان، بۆنی وردە زیخ و تامی گەرمی نیگای ئەو بە سەر جەستەو لا ملمەوە دەیانئاوساندم. هەستا بڕوا. بانگم کرد: "منیش دێم" بە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پەلـە خـۆم پۆشتە کردەوە و پێی گەیشتمەوە. دارێکی گالۆک ئاسام بینییەوە و هەڵـمگـرت. بێدەنگی دارستانەکە شەرمێونی کردبووین. نەدواین. چاوم گێرا. چەنـد خۆشـە درەختێکـی مـیوە بێـتە سـەر ڕێمـان! " هـا ئەوەتا! چوالەیە." من دەمـتەکاندو ئـەویش کـۆی دەکـردنەوە. "منـیش حـەز دەکەم چوالە بتەکێنم." دەسـتم گـرت و ڕامکێـشا. بـێسـوود بـوو. هاتمـە خـوارەوە و فێرم کرد چۆن سـەرکەوێ. هەر نەیتوانی. یارمەتیم دا هەڵکشێ. لاقەکانیم لە ئامێزگرت. نەرم و خــز و جــۆرەیەک بــوون. چــوالەی دەتەکانــد و پــێدەکەنی. نەیوێــرا بێــتە خــوارەوە. وتم خــۆت هەڵــدە. خــۆی هەڵــنەدا. دیــسان یارمــەتی. کەوتــە باوەشمـەوە. ڕوومـەتم بـە ڕوومەتـیەوە. هەسـتم بـە هەموو ئەندامەکانی لەشی دەکـرد. شـتێک وەک خـۆ ڕاپسکاندن ... هەناسەی، شێتی دەکردم ... سست بـووم. هەڵـات. لەو لاوەترەوە دەستی بە ڕوومەتیەوە گرت و پێکەنی_ مندالّی تامی چوالە دەدات.

تەرمەکـە بـەلادا دێ. دەکـەوێت. لـە چۆڵـگەیەکی نـێوان گەڕەکـی شـاردراین. سمایـیل دەڵێ: "کە جێم هێشتی هاتم لە قەراغ ماڵەکانەوە هەندێک گوێم هەڵ خـست. ئـەم دەشـتە شـیوێکی تـێدایە کـە لـە پاڵ سەربازخانەکەوە دەست پێ دەکـا. هەمـوو شتێک دەشێت!" لە نێو خانووەکانەوە تفەنگەکەی لە زامن دەر کـرد. سمایـیل دەیـەوێ تەرمەکـە بدات بە شانیدا. ناهێڵم. دەڵێم وریاتر بێت. ڕۆیـشتین. حەسـانەوە. بـا، تا دێت فێنکتر دەبێت. خوێن، داوای جگەرە دەکا، بەڵـام ناکرێ. سماییل بزۆزە. زۆر چالاک دەنوێنێ. ئەوەندە کە حەز دەکەم لە قوژبنێکی بێدەنگدا دایبنێم و هەتا هەتایە لە گەڵی بدوێم. بدوێمو بڵێم ئەگەر خۆشەویـستی لە دوای بینینی مەرگ یان کارەساتێکی گەورەوە دەست پێ بکا، بـۆ هەمیـشە بەهرەیەکـی لـەو دووانـە تـێدا دەبـێ. بـەم شـێوەیە زیاتر لە هەر چیرۆکێکـی خۆشەویـستیی دیکـە لە خەیاڵات و دنیای نەدوواندا نوقم دەبێ. کاتێکـیش دەدوێن دەڵێی یەک وشە یان ڕەستەیەک دەتوانێ هەڵگری هەموو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ماناکان بێت. وشەیەک، دەتوانێ وەک چڕنوقێکی مەرگاوی زەوی بدڕێ و بیکێڵێ و خوێنی خۆی تیا بچێنێ. عەشقی وا زۆر بە کەمی دەرگای خۆی بە رووی پێکەنیندا دەکاتەوە. تەنیا جار جارە کە لەم کاتانەشدا دەڵێی هەموو دنیا پێدەکەنێ. نامۆیی، چەشنێک نامۆیی سەر هەڵدەدا. خۆشەویستی وەها، سنووری سۆز دەپەڕێنێ. بێ ئەوەی بڵێی " خۆشم دەوێی" ، خۆشەویستی لە دایک بووە، لە مێژە لە دایک بووە. خۆشەویستییەکی حەشار دراو کە هەر دوو لا سامی لێ دەکەن. دەمەوێ بڵێم "فاتێ" ش، یەکەم چرۆ و ئاخر چرۆی ژیانی لە مەودای نێوان درزی پەردە و کۆڵانە خۆڵاوییەکەی بەر ماڵمان زیاتر بڕی نەکرد و زیاتر نەپشکوت. ئەو رۆژەی کە بە بووکی بردیان، وەک ئاسکێکی تۆقاو هەر ئاوڕی دەدایەوە. کە رۆیی رەنگە زیاتر لە هەر بووکێکی دیکە گریابێت، نەء! رەنگە هەر بە قەد ئەوانەی گریابێت کە حەسرەت و مەراقی ئەویان لە دڵدا بوو.

گریان مرۆ سووک دەکا. جوان جوان بەتاڵی دەکاتەوە، بەڵام مرۆی دوای گریان، بوونەوەرێکی سڕە. دوای گریان دادەهێزرێی. حەزت بە خەوە. یان رەنگە لە نەستتدا حەزت بە پێکەنینە، پێکەنینێکی لێوا و لێو... ئامادەی سەررێژ بوون. سنووری نێوان گریان و پێکەنین کەم مەودایە، بەڵام کە گریان زۆرتر بوو، پێکەنین شەرم دایدەگرێ و خۆی لە کەلێن و کەلەبەری ژیانی رۆژانە دەپەستێوێ. کە پێکەنین شەرمی کرد، هەموو ژیان بەرگی شەرم دەپۆشێ. کە پێکەنین لێوی خۆی گەست و گۆشەی لەچکی بۆ داپۆشینی خۆی برد، کە پێکەنین نەتەقییەوە و لە نێو سیبەکان و قوڕگدا پەنگی خواردەوە، کە پێکەنین هەست بە ئازاری خۆی بکا، دیوارەکان بەرز ساز دەکرێن و پەنجەرەکان هەمیشە پەردەکانیان دا دەدریتەوە و نێو ماڵ بۆنە شێ دەگرێ.

ژیان با سەر تا سەر تابلۆیەکی رەش بێت، بەڵام پەڵەیەکی سپی بەسە بۆ ئەوەی هەمیشە ئاوڕی لێ بدەیتەوە. دڵ و بیرت هەر لایەتی. ئەو پەڵەیە تا دوور بکەوێتەوە، گەورەتر دەبێت. ئاوڕ دانەوە و ئاوڕ دانەوە " ئاگات لە پێشی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خـۆت بـێت، دەکـەویت!". "بۆ نەکەوم ؟ ئیتر زۆر لە پەڵەکە دوور ناکەومەوە". "ڕمانەکـە سـەختە... ئیتـر نـە ئـەو و نـە ئـەم!" بـا بـۆ سـاتێکیش بێت ، کات لە خەونـەکانمان دابماڵـین. حـەزە حەقیقـیەکان شـێتن و سەماییەکی ئەفسانەییان هەیـە. جـاڕ بـدەن! رابگەیـەنن! بـا دەهـۆڵژەنـە سـێحراوییەکان لـە قووڵـایی ئەفـسانەکان و مێـژووە ون و نادیـار و سـەر هەڵـگرتووەکانەوە بێـنە دەرێ و هەمـوو بوونـیان بکەن بە وزە و بژەنن! بژەنن و بژەنن تا لە سەر خۆ دەچن و رەق هەڵدێن و دەبن بە پەیکەری هێمای خەونەکان.

تـەها دەم شـڕ بـوو. هەمیـشە بـۆنی قـسڵ و بـەرد و ئارەقەی دەدا. کە شەڕی دەکـرد بـە کەیفـی خـۆی بـارانی جوێنی دەباراند. کە منداڵ شوێن عەرەبانەی تەراکـتۆرەکەی دەکـەوتن و خـۆیان پـێوە هەڵدەواسـی، تـەها بنێـشتەکەی نێو دەمی دەخزاندە ژێر زمان یان بنی ددانی و بە دەنگێکی گۆڕاوەوە دەیدانە بەر جـوێن و تـووک و نەفـرین. جـاری واش بـوو رەپێیان دەکەوت و بەردیشی بۆ فـڕێ دەدان. ژنـان لە شەرمانا لێویان دەگەست و کوڵمی خۆیان بە سەرپەنجە دەگـرت. پـیاوە پیرەکانـیش وە "استغفرالله" دەکەوتن و گەنجەکانیش شیر و تیریـان لـێ دەکێشا. رۆژ هات و رۆژ چوو. منداڵێکیان بوو نێویان نا ئەحمەد و دواتـر بەشـێکی حەوشـەکەی بـڕ داو دووکانێکـی بـۆ منداڵانی گەڕەک لێ ساز کردو فاتێ بوو بە دووکاندار.

فاتـێ دێ و دەچـێت، ژوورەکـان بۆنی پیاو و منداڵ دەدەن، بەڵام زیاتر لە مانە بـۆنی تەنیایی. بۆنی پیاو تێکەڵێکە لە ئارەقە و نەوت و دار و قسڵ. بۆنێکی تیژ کـە قـەت نارەوێـتەوە. پەنجەرەکان دەکاتەوە. دەرگاکان ئاواڵەن، بەڵام دەڵێی ئـەو بۆنە لە ناو نوێن و پشت قاپی وێنەکان و نێو بۆفی و ژێر مافوورەکان خۆی حەشـار داوە. بـەردەوام وەک ئـاوی مێـرگ و ئـاوی بـن گـیا جـاڕی بـەهار دەدەڵـێتەوە. نەفـرەت لـەو بـۆنە دەکـا. ئـەو بۆنە زۆربەی کات بۆنی دەمیشی تـێکەڵ دەبـێ، بـۆنی ئـەو هەناسـانەی کـە وە هەناسـکە هەناسـک دەکـەون و سـەرمای لامل و گۆناو دەم و گەردن و نێو مەمکانی ڕادەماڵن. ئەو بۆنە تێکەڵ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بـە جەستەی دەبێت. خۆ جەستەی، دەرگا و پەنجەرە نی‌یە تا بیانکاتەوە و شنە بایەکـی سـەحەری یـان ئـێوارە بایـەک ڕایمالـێ. بـە جەسـتەیەوە لکـاوە. تـا حەمامێکـی دیکـەش پێـی دەچـێ. چەنـد بـە لـەز خـۆی دەشوا! وەرزی پێست گۆریـنە، بەڵـام شەوی دوای حەمام پتر لە هەر شەوێکی دیکە نیگای مەراقاوی لـە سـەرە. لـە نـێو جـێگاکەدا خـۆی بـە ئەحمـەدەوە خەریک دەکا. بەڵام تەها ناکـشێتەوە قیرسـیچمەیە. مـنداڵ خەبـەری دەبێـتەوە و تـەها هـەر واز ناهێنێ. مـنداڵ دەگـری و لـنگەفرەیەتی و ئـەویش هەر نرکەیەتی. ئەحمەد دەگری و فاتـێ فرمێـسک دەرێـژێ. دواتر مەمکی ئالوودە بە تفی زاری تەها دەخاتە نێو دەمی ئەحمەد و وەک چەرمی وشک هەڵاتووی بەر هەتاو وێک دێتەوە. تلێک و پرخە پرخی تەها. لە نێو تاریکییەوە ئەحمەد لێی دەڕوانێ. داوای ژیان دەکا. بـە خۆیەوە دەگوشێ. دەم و چاوی بۆ ماوەیەک لە مەمکی‌دا نوقم دەبێ. لێوی بۆ ناو چاوانی ئەحمەد دەبا و دیسان بۆنی تەها ...

تەرمەکـە قاچی لە نێو سکم جووت بووە ، رەقایی ئەژنۆی لە سینگم دەچەقێ . سمایـیل چەنـد هـەنگاو لـە پێـشەوەیە. سـێبەرێکە، سـێبەرێکی روون. لـە ئێوارەیەکـی درەنگ وەخت دەکا ... "فاتێ ئێوارەیەک لە گەڵ ژنی گەڕەک لە بـەر دەرگای کۆڵان دانیشتبوو، لەو سەری کۆڵان تاپۆی جەستەیەکی ئاشنا دەر دەکـەوێ. نزیکتـر. تەسبێح هەڵ دەسووڕێنێ و جار جارە گەردنی بە لایەکدا دەشـکێنێتەوە. ئـەوە؟ هـات و تێـپەڕی. ئەو بوو. فاتێ خۆی بە ژووریدا دەکا. ئەحمـەد بـە خـۆیەوە دەگوشـێ و دەگـری. هـەڵ کـەوت بـوو؟ نـەء. رۆژانی دیکەش هات. تەها ترس بوو، ئەحمەد بەزەیی. چێشتەنگاو بوو. لە دەرگا درا. بـە رووی حەمـیددا تەقیـیەوە: "دووکانەکـەتان کـراوەیە؟ ... دەکرێ هەندێک شـت بکـڕم؟" ویـستی بـڵێ نـا، بەڵام وە پێشی کەوت. "گوڵە بەڕۆژەم دەوێ!" ئـارام دەخــزێنە نـێو ئامێـزی یـەک. "بـێگومان لـەو رۆژەوە خەریکـی خـۆ رازاندنـەوەیت!". " خـەریکم" . "دەترسـی؟" . "من ژنێکی مێرد و منداڵ دارم." پەپـولەکانی چـپە زوو دەفـڕێن. بـۆنی ئـەو هەناسـانەی کـە دوو عاشـق بـۆی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەمـردن. چەنـد دووره دەسـتن ئـەو شەوانەی کە دەبێ خۆت خاوەنیان بیت. چەنـد سـرکن ئـەو رۆژانـەی کـە دەبـێ دەستەمۆی تـۆ بـن. ئینـسان چەند لە جەسـتەی خـۆی عاسیە، ئەگەر نەبێ بە هی ئەو کەسەی کە خۆی تامەزرۆیەتی. جەسـتەت هی خەونەکانتە. بۆنی کۆترە شینکەیەکی نێر لێت ئاڵاوە، بۆنێک کە تامـی هـێلانەی بەهاری دەدا. وەڕس نابێت و وەڕس نابی . هەر دەگمێنن و بە دەنـووک هـێلکەی خەونەکانـتان تاوتـوو دەکـەن. لـە بیری کا، پوشکە و پەڕی هەڵـوەریوی باڵندەکاندان. درەختەکان هەر خۆیانن و خۆیان، چ لە زستان دا و چ لـە بـەهار و هـاوین و پاییـزدا. هـەر خۆیان سەوز دەبن و چرۆ دەکەن و باڵا دەکـەن، هـەر خۆشـیان دەوەرن و وشـک دەبـن. ئەگـەر هەسـت بە قورسایی تـەواوی ئـەوین لـە جەسـتە و رۆحـی خـۆتدا بکەی ، بستێک زەویت بەسە بۆ ئـەوەی دنـیای بـەرینی خـۆتی تـێدا بنـیات نێـی. قـریوەی پـێکەنین دێ. ئـاوڕ دەدەنـەوە. دوو مـنداڵ لە سەر بانەکەوە سەرەتاتکێیانە. دەردەچن. ئەوەندەی پێ ناچێ لە دەرگای حەوشە دەدرێ.

رادەوەستێ، یان راوەستاوە و چەند چرکەیەکە من پێم نەزانیوە. لێی نزیک دەبمـەوە. ئەژنۆیەکـی داداوەتـە سـەر زەوی. بـە دەست دەڵێ دانیشە. چۆن؟ تەرمەکـە بـە لادا دەخـەم، ئـارام لـە سـەر گـیای بانەمـەر پاڵ دەکەوێ. ئامێزی دەکاتـەوە. لە شیوەکە نزیک بووینەتەوە. با، نە لە ئێمەوەیە بۆ شیوەکە و نە لە شـیوەکەوەیە بـەرەو ئـێمە، لـە شـاخەکەوە دادەکـشێو لاشانی ئێمە و درێژایی شـیوەکە ڕادەماڵـێ. جـا "بـا" بـێدەنگ بـە! وس بـە! گلێنەکان گەورە دەبنەوە. سمایـیل بــە سـینگە خـشکە دەڕوا. دەڕوا و دەوەسـتێ. لــە پـاڵ تەرمەکـە ڕادەکـشێم. سێرەی دەمانچەکەم روو لە شیوەکەیە. بە تەرمەکەوە سیانین. لە شەوێکی وا دا سیانی وا زۆرترە لە دوو. حەز ئەکەم بزە و چاو داگرتنێک رووم تـێ کـا. کـتوپڕ دەنگـی زرمـەی پـێ و تەقـەی چەنـد تفەنگـێک. دواتـر دوو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

برووسـکەی بـە هێـز لـە لاشـانی چەپـی سمایـیلەوە. سماییل تەقە دەکا منیش هەروا. بێدەنگی.

شەش ساڵ دواتر ... ئێوارەیەکی رۆژی هەینی‌یە. پاییزە. خانوویەک سووتاوە. تـێک تەپـیوە. هێـشتا دوای یەک حەوتوو، گڵ و خۆڵەمێشە تێک چڕژاوەکەی گـەرم گـەرم بـوون. بـۆنی گۆشـتی بـرژاو دەهات. خەریکی پشکنینی بووین. دواجـار گـەورە کچێکـی ئاوایـی گـوتی: " بەشی دواوەی خانووەکە بگەڕێن! لە ژێـرخانەکانەوە دەنگـی هـاوار و ناڵـە و زریکـە دەهـات." دەگەڕێین. دوانمان چۆکـیان دادا، گوتـیان: "ئـەوەتا ... وەرن لێرەیە!" چووینە سەری. سەری تۆپە خەڵـووز؛ جەسـتەی ئێـسکێکی رووت. لە ئانیشک و گۆزینگیەوە ئێسقانەکەش نەمابـوو. ئـەو شـوێنانەی وا ئێـسک‌پـێچ و پـەنای تـێدەکـەوێ، ریـشاڵ ریشاڵ گۆشـتی بـرژاوی بە سەرەوە مابوو. دواتر کە وەرمانگێڕا، توێ توێ بەقەد دوو تمەنیـیەک پـشتێن، کراس و ژێر کراس. ئێسکەکان گەرم گەرم. لە تەلیسمان خستن. کە منداڵ بووین ئێسکمان لە سەگ دەدزی و لە ئاورمان دەخست، ئەو سـا بـۆنەکەیمان هـەڵ دەمژی. وەک تەرمێکی تەواو لە کفن‌دا رێکی دەخەین. بـڕیار: "دایـک دەبێ بەس بگری، نابێ دەستی لێ بداو لە ئامێزی گرێ!" بەڵام بڕیار دەشکێ و دایک باوەشی پێدا دەکا، رەق و لەرزۆک و بێ ئامێز.
ئـێوارەی رۆژێکـی هـەینی‌ی پاییـزە. تاڵـە. سەرەتای زەردە پەڕە و زستانیش بـۆنی هەناسـەی دێ. بێدەنگـی، تامـی کەکرە دەدا و زەردەپەڕ، تامی‌قەیسی‌ی زۆر گەیـیوی مەیلـە و ڕزیـوو، زسـتانیش تامـی گـڵی ئەو ژێرخانانەی کە قەت تیشکی رۆژیان وێ ناکەوێ.
"بـڵێی سمایـیل وێـی نەکەوتـبێ؟" ناجووڵێ. بە سنگە خشکێ بەرەو لای دەچم. بـەردێک هەڵدەداتە نێو شیوەکە. دەنگ نایەت. دەگەڕێینەوە سەر تەرمەکەو، سـەد هـەنگاوێک بەرەو سەرتر لە شوێنی تەقەکە، لە شیوەکە دەپەڕێینەوە. کە گەیشتینەوە، خەوی دوو ساڵەی سەرەتای تەمەن نوقمی کردم.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# پاژی سێیەم

دەرگاکەی لێ کردمەوە. بێ دەنگ و بێ هیچ چرپە و کەلامێک چوومە ژوورەوە. تەنیا بە سەر یەکترمان دواند. دەرگای ژێرخانەکە ئاوەڵا بوو و بە ئەسپایی راخوشیمە نێوی. "سیا" دەرگاکەی بەست و چووە سەرێ. لەوە پێش هەموو شتێکمان گوتبوو. من بە بێدەنگی تا دەمەو بەیانی لەوێ دەمامەوە و ئەوسا دەردەچووم. ژێرخانێکی تاریک کە تەنیا لە دەلاقەیەکەوە تریفەی زیو ئاسای مانگ دەڕژایە ژوورێ. شەمچەیەکم هەڵکرد و تەلیسەکانی قوژبنی ژێرخانەکەم لادا و ئەوسا بلووکێک. بە دەست گڵی ژێر بلووکەکەم لادا و سەری گۆزەیەک دەرکەوت. وەرەقەکانی نێو گۆزەکەم دەرهێنا ... کات، سستە.

دەچمە بەر تریفەی مانگ. سەعات دوانزەو نیوە. هێشتا ماویەتی. ئەمشەویش تام و بۆنی شەوەکەی شەش مانگ لەوە بەر دەدات. لە گەڵ سماییل هەرلەم ژوورە دانیشتبووین. کات زۆری بە بەرەوە مابوو، ئێمەش بنی زەمانمان دەخورا. چار نەبوو. هەر بۆیە دەممان بە گوێی یەکترەوە دەنا و دەدواین. هەستم دەکرد گوێی سماییل سوێرە و زبر. جار جارەش سووکە پێکەنینێک. پڕ بە سییەکانم هەوای لێڵ و خوێناوی بیرەوەری هەڵ دەمژم. بیرەوەری تەنیا بوونێکە کە ماندوو نابێت. بوونێکی بێ لەش کە رۆح ئاسا دێت و دەچێت. وەک سێبەرێکی ون لە گەڵت رێ دەکا. قسە ناکا، بەڵام هەمیشە دەدوێ! لێوە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەفسانەییەکانی، وشکی ئاخاوتنێکی ئەبەدین ... تا تۆ دەژی. بوونێکی لاوەکی، لە گەڵ تۆ فەرامۆش دەبێ یان فەرامۆش دەکرێ. وایە! کەس پێویستی بە بیرەوەری کەس نییە. مەگەر ئەو کاتەی کە بیرەوەریەکان تێ هەڵکێش دەبنەوە.

ئەو کەسەی تێر و پڕ ژیابێت، زۆری بیر ناکەیت. ڕەنگە واش نەبێت. هاو تەمەنەکان زۆرتر بیری یەک دەکەن. مەرگی هاو تەمەنەکان، نزیکترین وێنەیە بە مەرگ. هەر ئەو خێراییەی خوێنی تۆیان لە نێو دەمارەکانیاندا بووە، کەچی ئێستا مەییووە. مەیین ... مەیین ... چەند ترسناکە! هەڵدەستم، بە ژێرخانە تاریکەکەدا دەگەڕێم. گەڕان، بیری مەیین دەپسێنێ. ژوورەکە بەرتەسکە. قاچم لە پووتێکی قەراغ دیوارەکە دەدرێ. زرمەیەکی زڵ تۆزی نێو تریفەی مانگەکە _کە ئێستا مەودای کەم بۆتەوە _ دەشێوێنێ. دوای قەیرێک دەنگی پێی چەند هاتوو چۆیەک. شەمچەیەک هەڵ دەکەم و کۆمێدە پەڕپووتەکە دەبینمەوە و بە زەحمەت خۆمی لە پاڵ دەنێم. دوای ماوەیەکی دیکە دەرگا دەکرێتەوە و گڵۆپەکە دادەگیرسێ. چاو ئازار دەدا. بە ئەسپایی:

- دامرکێ! بۆ ئەوەندە دێیت و دەچی؟

دواتر بە دەنگێکی بەرز:

- بابە کەسی لێ نییە ... نەم وت پشیلەیە؟!

دیسان تریفەی مانگ کە خەریکە بە لا تەنیشتی دەلاقەکەدا هەڵ دەگەڕێ.

- سماییل! با بەم لادا بڕۆین. با لە کۆڵانەکانی خوارەوە بچینەوە دەوروو بەری حەمامەکە و مەقەڕەکەی لا سەرووی! لە کۆڵانەکانی سەرەوە بۆی دابەزین باشترە.

- کوڕە پێت وایە ئەوەندە بە غیرەتن. بۆردوومان ماندوو و بێ تاقەتی کردوون. ئەی ئەوە نییە هیچ بەر پرسێکیان جێ قوونی گەرم نابێت!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

رۆیشتین. سماییل دەڕوا، دەڕوانێ، دەپشکنێ، لێ ورد دەبێتەوە، ڕادەوەستێ و خـۆی وە پـەنای دیـوار و سـەر چـوار رێـیەکان دەدا. منـیش دەنووسـم و بـڵاو دەکەمەوە.
- بەتـر پێـرێ شـەو گەشتیان بینیوە. دوو دوو سێ سێ . ئاگاتان لە خۆتان بێ. هەڵبەت لەوە بەدوا نەبینراون، بەڵام وشیار بن!
تـرس بـۆ خـۆی لـە گەڵت دێ. بێ پرسی تۆ. تۆش لە گەڵیا پێک دێیت و ئیتر هەر چاوە چاوتانە. ترس وشیارت دەکاتەوە ... هێواشت دەکاتەوە، بەڵام وەک بورکانیـشت لـێ دەکـا. تـرس، چەنـد روو و لایەنـە. ئازایـەتی و خەیانـەت لـە ترسەوە دەست پێ دەکەن.
"- بۆ دەترسی؟
- دەمەوێ بۆ جارێکی دیکەش بێت ، خۆشەویستەکەم ببینمەوە.
- بۆ ناترسی؟
- دەمەوێ بۆ جارێکی دیکەش بێت ، خۆشەویستەکەم ببینمەوە."
لـە گەڕەکـی حەمامەکـە نـزیک دەکەوینەوە. دەمەوێ بە ئیشارەتێک پێی بڵێم کـە زیاتـر وریا بێت، بەڵام تاریکی دەرفەت نادا. هەر ئەوەندەیە تارمایی یەکتر دەبیـنین. تارمایـیەکان، یەکتر بە هێمای تارمایی دەدوێنن. سماییل بۆ من، من بـۆ سمایـیل سـێبەرێکی رەش بـووین. رەش رەش. ئەوەندە رەش کە لە سەر پەیکـەرەی شـەو دیـار بـووین. سمایـیل بـۆ تارمایـی دیکـەش دەگـەڕا. لـە تارمایـییەکەی دواوەی خۆی دڵنیا بوو، بەڵام لە هی پێشەوە نا. تارمایییەکانی پێـشەوە رەنگـە نەجووڵێن و لە پەنا یەکـدا بێ سرتە بن. حەزم لە جگەرەیەک بـوو، هـەوای فێنکـی بەیانی و نەرمە ئارەقەی لەشم داوای دووکەڵی جگەرەیان دەکرد. دەنگی زرمەی شتێک هات. خۆمان وە پاڵ دیوارەکاندا. دواتر دەنگی ئحـم ئحمـێک و کەسـێک بـە سـەر پـێ پلـیکانەدا سەر کەوت. من پێکەنیم ... پێکەنینێکـی نـەرم. بـێگومان سماییلـیش پێکەنیوە. ئەو هەر لە خۆوە پێکەنینی دێ! دیـسان وەڕێ کەوتینەوە. ئەو راست دەڕۆیشت و من جارێک بۆ چەپ و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جارێـک بـۆ راسـت. بـە پەلـە و بـە هەنسکە هەنسک. بە ئاستەم دەنگی توونی حەمامەکە دێتە گوێم.

- بابـە لـە تـونی حـەمام زۆر دەترسـم. دەڵـێن شـوێنی جـنۆکەیە. حەمەی مام رەحمان دەیگوت من بینیومە.... راستە بابە؟
بابم کە زۆر کەیف خۆش بوو، گوتی:
- کە لە حەمام هاتینە دەرێ لە مام زۆراب بپرسە، ئەو هەمیشە لە تونی حەمامەکەدایە. بزانە وایە!
بەڵـام قـەت لـە مـام زۆرابمـان نەپرسـی. نـازانم بـۆ جارێکـیش بـێت باوکم بۆ نەیـبردم بـۆ دیـتنی تـونی حەمامەکـە؟ باوەگـەورە و خاڵەکانیـشم زۆر جـار لە حـەمامدا دەدیـت. بـابم تەنیا چاک و چۆنی‌یەکی لە گەڵ دەکردن و ئیتر لێیان دوور دەکەوتـەوە. زۆرم حـەز دەکـرد لای ئـەوان خۆمان بشۆین. خاڵەکانم لە دوورەوە بـە ئامـاژە گاڵـتەیان لـە گـەڵ دەکـردم. جەسـتەی باوەگـەورەم زۆر سـەرنجی رادەکێـشام. پیرێکـی زۆر بـەکار بـوو، بەڵـام دەمبینی ماسولکەکانی، لەهـی مرۆیەکـی ئاسـایی دەکـەن. دواتـر ئـەوان پارەی ئێمەشیان دەدا. کەمتر هـەڵ دەکـەوت لـە شـوێنی خۆ رووت کردنەوە لە گەڵ باوەگەورە و خاڵەکانم یەک کەوین.
دەنگـی تـونی حەمامەکە بۆنی سابوون و کەف و چڵکاوی دێنایەوە بیرم. بیری ئـەو کیسەکێـشە دەکەوتمـەوە کە هەمیشە بە دەم منداڵانەوە پێدەکەنی. بیری ئـەو حاجـیانەی دەخـستمەوە کە بەدەم خۆ شۆردنەوە خەونوچکە دەیبردنەوە. بـیری بێرەحمیـی دایکـم لـە کـاتی شـۆردنی مـن و خووشکەکانمدا. بیری ئەو ئافـرەتانەی کـە تەنـیا لـە نمـرەکاندا دەرپـێ کورتەکانـیان دادەکەنـد و دەیـان گوشـین. بـیری ئـەو پیرێژنانەی کە تەنیا بە فۆتەیەکەوە، بە دانیشتنەوە بیست سـوڕیان دەخـوارد بـێ ئـەوەی جارێـک نـاو گەڵـیان دەرکـەوێ. بـیری ئـەو منداڵـانەی کە جاری وا بوو لە هۆش خۆیان دەچوون و بە قیژ و قاو وەک تەرم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بـۆ دەرەوە بـەڕێ دەکـران. بـیری شەڕی ئەو ژنانەی کە تا هێزیان تێدابوو، بە سـەر یەکتـردا دەیـان قیـژاند و سەتڵ و جامۆڵکە و لفکە و سابوونیان بۆ یەکتر دەهاویـشت. بـیری ئـەو منداڵانەی کە دەخزان و خوێنی دەم و لووتیان دەپژا، یـان سـەریان دەشـکا. بـیری چاوگـێڕانی هەندێک پیرێژن کە نیگایان بە سەر لەش و لاری ژنە گەنجەکانەوە شەتڵ دەبوو. باوکم دەی گوت:

- لـە هەمـوو شـوێنێکی دنیا حەمام شوێنی خۆ شۆردنە، کەچی لێرە شوێنی خۆ نواندن و هەڵ ڕشتنی قسە نەکراوەکان و عوقدەکان.

یان دەی گوت:

- ژنان حەفتەی رۆژێکیان بەر دەکەوێ کەچی تا جارەکەی دیکە قسەکانیان لە نێو حەمامەکەدا دێت و دەچێت. بەشی پیاوانیش دەکا!

دایکیشم دەی گوت:

باشـە دەی واز بێـنە! قوڕ بە سەری ژنی داماو کە نە فریای خۆی دەکەوێ و نە منداڵی و نە ئێوە!

هەسـت دەکـەم سمایـیل ئەسپێکی خۆش رەوە. مەستی وزەی چەلەنگی خۆی بـووە. تیژتـر ڕێ دەکا. فریا ناکەوم. هەندێک لە خانووەکان دەبوێرم. لە چوار ڕێـیانەکە نـزیک دەبیـنەوە. چوار ڕێگا، هەمیشە بەشی چوار بۆچوون یان چوار کارەسات دەکا. ڕێگاکان هەمیشە بە چەشنێک لە یەکتر ونن. هەموو ڕێگایەک شـوێنی خـۆ حەشاردانیـشە. کاتـێک شـەو ڕێگاکـان بـە یەکتر دەگەنەوە، تەنیا تارمـاییەکانن لە گەڵ یەکتر شەڕ دەکەن. شەڕێکی ون. شەڕێک کە چاوەکان لـە یەکتـر ونـن و وشـەکان تەنـیا لـە بـەر پێی خاوەنەکانیاندا دەوەرێن. کتوپڕ دەنگێکی گڕ و ترسناک ... دوای ئەویش دەنگێکی لێواولێوی هەڕەشە:

- ئێست ... !

- نەجوڵێی کوڕە ... دەکوژرێی!

دەنگی سارد و سەهۆڵ ئاسای میل هێنانەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خـۆم بە دیوارەکەوە نا. چاوم لێیە سماییل چرکەیەک یان کەمتر رادەوەستێ. راوەسـتانێک لـە نـێوان مـەرگ و ژیان‌دا، یان لە نێوان دوو پرسیاری زیندان و دنـیای دواوە کـە مـنی لێم. یان رەنگە پرسیاری ئەوەی کە ئەگەر نەجوڵێ، ئەو جـار نـیگاکان لـە سەر من یەکانگیر دەبن. بەرەو دوا هەڵدێ. منیش رادەکەم. دیسان دەنگمان دەدەن. فڕە فڕی با دەنگی تونی حەمامەکە دەکوژێ.

نـازانم! دواتـر دەنگـی تەقانـدنی ریـزە گـولەیەک. وا هەسـت دەکـەم دەنگی زرمـەی کـەوتنی شـتێک، شـتێکی نـەرم و بـێ دەسەڵـات. حـەز دەکـەم ئـاوڕ بدەمـەوە. ویـزەی گـوللە دەورم دەتـەنێ. لەپێچـی کۆڵانەکە ئاودیو دەبم و بە سـەر حەسـاری کورتەبـنەی قـوتابخانەی منداڵانی گەڕەک‌دا باز دەدەم. دڕکی قـەراغ حەوشـەکە قـاچم دەبـڕێ. "نـەکا گـوللە بـێت!" پرسـیارێکی ترسـناک. دەگەمە بینای کۆنی گچکەی لای ئاو دەستەکانی قوتابخانە، کە لەوە پێش، زۆر لـەوە پـێش‌کتێبخانەی گشتی بووە، ئێستا رووخاوە و پیسایی دەروونی تەنیوە. بـنی ژێـر گۆشـەیەکی سـاپیتکی دیـوارەکەی بـە قـەدەر جەسـتەی ئینـسانێک داڕووخـاوە. بـە چـنگە کڕێ سەر دەکەوم و لە سەری رادەکشێم. بۆنی پیسایی لەوێ، لە هەر شوێنێکی دیکە خەست ترە.

دەنگـە دەنـگ و ژاوە ژاو کۆڵـانەکانی دەورو و بـەری تەنیوە. دوای ماوەیەک دەنگــی ســیرەی تایــەی لەندکرۆزێــرەکان و گــرمەی مۆتۆرەکانــیان هــەوای بێگەردی بەیانی دەڕوشێنێ. شتێکی تاڵ ، تاڵتر لە فرمێسکی فاتێ و جنێوەکانی بـاوکم ئەوکم دەگرێ. "سماییل بوو کەوت؟" سماییل دەی گوت کە بە منداڵی دەکـەوتم، زیاتر لە هەر شوێنێکی دیکەی جەستەم ئەژنۆکانم بریندار دەبوون. سمایـیل دەی گـوت پتـر ئـەو کاتانـەش دەکـەوتم کە باوکم ڕەپێی دەنام. ئەو کاتانـەی کـە گـڕوی قـرانێکم دەگـرت بـۆ کـڕینی بـرمەی مامە حەمە. لە ژێر سـاپیتەکەدا فرمێـسک تکـاو گـڵە وشـکەکەی ژێـر سـەرمی کـون کـرد. بـۆنی سـاردی چیمەنـتۆی سـاپیتەکە، کـە شـوێن شـوێن کـەرووی‌هێـنابوو ، بێـزاری دەکـردم. سماییلی لێو بە بزە، کراوە و قسە خۆش، دەسفرۆشی دەکرد. کەس

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نەیدەتـوانی شـەڕی پـێ بفرۆشـێ. لـەوە خۆیـی‌تر بوو کە بتوانرێ بەرۆکی پێ بگـیرێ. کە گەورەش بوو هەر وا بوو. جار جارە زمانی دەیگرت. پێم دەگوت سمایـیل، تـۆ لـە نـێو کوڕ و کۆمەڵدا زیاتر زمانت دەگیرێ، کەچی لای خۆمان وانـیت. کەواتـە ئەمـە نەخۆشـییەکی نەفـسی‌یـە و بـە هـیممەتی خـۆت چـاک دەبـێت... باشـە بـە چـی وات لـێهات؟ پێدەکەنی و دەی گوت تازە چووبوومە پۆلی یەکەمی سەرەتایی، مامۆستاکە پرسیارێکی لە قوتابی‌یەکی تەنیشت منەوە کـرد ، ئـەو نـەی‌زانی وەڵـام بداتـەوە، منـیش هـەر لە گەڵ دەست هەڵهێناندا وەڵـامم دایـەوە. مامۆسـتاکە زۆر رقی هەڵستا. هات و بە هەر چی هێزی خۆی بـوو زللەیەکـی لـێدام. منـیش دەسـتم بـە روومەتمـەوە گـرت و لـە قوتابخانە هەڵاتم. لەو کاتەوە وام.

تــرێفەی مانــگ دواتیــشکی خــۆی لــە دەلاقەکــەدا دەپێچێــتەوە و واز لــە سـەرەتاتکێی شـوێنە شـاردراوەکان دێـنێ و خۆی لە سەر دیوارەکەی دەرەوە مەڵـاس دەدا. جگەرەیـەک دادەگیرسێنم و مژێکی قووڵی لێ دەدەم. دەورو و بـەرم لـە ژێـر تیـشکی بـە هێـزی جگـەرەدا سـوور هـەڵ دەگـەڕێ و رووناک دەبێتەوە.

سـارد بـوو، سـارد. لە ژێر میچەکەدا هەڵدەلەرزیم. لە ژێر پاژنەکانمدا هەستم بـە شـتێکی لینج کرد. بڵێی چی بێ ؟ بڵێی بنیادەم بگاتە ئێرە بۆ کارێکی وەها. کـتوپڕ دەنگـی خـشپە خـشپێک دێ. خـشپەی نـێو تاریکـی هەمیشە ترسناکە. رووناکـی نەگاتـە هـەر دەنگـێک، ترسـناکە. دەنگ بە رووناکی‌یەوە ئاسایی‌یە. خشپە سەرەتای کارەساتە. نیازی شاراوە و بێ دەرفەت لە هەڵهێنانی هەنگاوی بـڵند دەترسـێ. خـۆم زیاتر بە دیوارەکەی پشتمەوە نووساند. ئەگەر چرا لایتم تێگـرن دەمبینـنەوە. چـار نی‌یـە، هەناسـەم کـپ دەکـەم . هەناسە کەمتر... بە ژمـارە. بەڵام دڵم توند لێ دەدا و داوای هەوا دەکا. ناوە ناوە هەناسەیەکی قوڵ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەمـوو جەسـتەم دەجولـێنێ. خـشپەکە نزیکتـر دەبێتەوە. دەوەستێ. خۆی لە دڵقێک دەدا. "بۆ قسە ناکەن؟" دەست دەبەم بۆ گیرفانم، هێشتا رادەیەکی زۆر لـە وەرەقـەکانم پـێماوە. سماییل دەی‌گوت تا ئەو جێگایەی دەکرێ نابێ فڕێ بـدرێن. تەنانـەت تاوانـە ئـاوا فڕێیان دەدەینە پشت دەرگاکانەوە. هەق وایە لە دەرگـا بـدەین و پـاش ئەوەی بەڕێزەوە لە گەڵ خاوەن ماڵەکان قسەمان کرد، بیدەیـنە دەسـتیان! منـیش پێدەکەنـیم. وەرەقـەکانم گوشی. خشپەکە وەژوور کـەوت و هاتـە بـن دیـوارەکەی مـن. ئـەی کەی چرا لایت لێ دەدەن؟ حەتم دەیانـەوێ لاقـم بگـرن و رامکێـشنە خـوارەوە. بـۆن دەکـەن ... زیاتـر لە هەر بوونەوەرێکـی دیکە بۆن دەکەن. کتوپڕ دەنگی کرە کرێ شتێکی رەق و سفت هەڵدەسـتێ و بـە شـوێنی‌دا نوزەیەکی خنکاوی نێو قوڕگ ، فەزای پڕ لە هەڵاو هەنگامەی تاریکی کەلاوەکەم لێ هێور دەکاتەوە. مەیلە و بزەیەک نیشتە سەر لێوانم:

"بێ خەیاڵی سەگ، نیشانەی دووری مەترسی‌یە!"

ئاسـوودەیی، خانـەکانی لـەش دەکاتـەوە. جەسـتە، ئـاوی ژیان دەکێشێ و فش دەبێـتەوە. ئارامـی دوای مـەترسی‌یە گەورەکان، مرۆ بێ خەیاڵتر دەکا. قۆناغی دوای خەتـەر، سـەرەتایەکی دیکەیـە. سەرەتایەک وەک سەرەتاکان. خەوێکی قورس نیشتە سەر پێڵوەکانی چاوم. خەو هەڕەشە زیاتر دوور دەخاتەوە، دوور دوور.

"لـە بیرمـە سمایـیل! لـە کـاتی بۆردوومانەکانی شار ئەو کاتەی زۆربەی خەڵک بـەرەو ئاوایـی‌یـەکانی دەورو و بـەر دەڕۆیشتن، تۆ بە خۆت و گاریەکەتەوە لە گەڕەکـە تەریکەکـەی قەراغ شارەوە بەرە و نێو شار وەڕێ دەکەوتی. هەمیشە یەکـێک لـەو دوا کەسـانە بـووی کـە شـارت جـێ دەهێـشت. زۆربـەی بۆردوومانەکانت بینی."

سمایـیل... دەسفرۆشـی... گـاری... وەرزی سـەهۆڵ بەنـدان و... جادەیەکـی دوور و درێژ، جادەیەک کە لەو سەری ، پێکەنینەکانی سماییل دەوەرن و دەبن بە وردە سەهۆڵ و لە ژێر پێی رێبوارانداا خرمە خرمیان دێت. سماییل دێتە لای سـەگی بن دیوارەکە و ئێسقانەکەی لێ دەسێنێ و بۆی دەکولێنێ و دەیداتەوە. دواتر لە کاتێکدا دەست بە سەری سەگەکەدا دەهێنێ، سەر هەڵدەبڕێ و روو دەکاتـە مـن و دەڵـێ: " چ کـاتی راکـشانە! هەسـتە... درەنگـە بـۆ وەرەقەکانی دیکـە... گەڕەکـی حەمام و مەقەڕەکە چاوەڕوانمانن." منیش دەڵێم: "سماییل ، ئـەو گەڕەکـە مەترسی هەیە... لەوێن، بەڵام من لە بەر تۆ و سەیران دێم. حەز دەکـەم هەمیشە بە دەستی خۆم وەرەقەیەکی بۆ فڕێدەمە ئەو دیوی دەرگاکە." سمایـیل وەک هەمیـشە پـێدەکەنێ و دەڵێ: "... " بەڵام هیچ ناڵێ. هۆ سماییل! هەمیـشە دەتگـوت کـە زۆر بـڕوات بەو قسەیە هەیە کە مرۆڤ شایانی بەزەیی نیـیە، بەڵـام زیاتـر لـە هـە کەسـێکی دیکـە خـاوەن بەزەیـی بـوویت. ژیانـت ترسـاندبووتی." سماییل پێدەکەنێ و پێکەنینەکەی گڕ دەگرێ. دەڵێم: "سماییل بیکوژێـنەوە پـێمان دەزانـن!" کەچـی ئـەو هـەر پـێدەکەنێ و گـڕ زیاتـر تـین دەسـتێنێ. دەڵێ: "ئیتر نامەوێ زمانم بگیرێ ... حەز دەکەم روومەتم بسوتێنم و چـی دیکـە نەمێنێ ... ئەم روومەتە ئیتر روومەتی ماچ نییە!" سماییل بە باڵای گڕەکـەدا هەڵـدەزنێ و دێـتە لام و دەڵێ: "ئەم گڕە، بۆگەنیووی ئەم کەلاوەش دەسووتێنێ، ناشووکری؟ لینجی ژێر پاژنەشت وشک دەکا و دەیسوتێنێ. حەز ناکـەی؟". "سماییل! خشپەی پێ  وناپلۆن دێ، ناترسی؟" پێدەکەنێ. دیسان گڕ باڵـا دەکـا و دەڵـێ: "بترسـم؟ بـۆ؟ ئـەوە نیـیە نـاو چـاوم شـوێنی گـوللەیە و قۆڵێکیـشم دوو فیـشکەی لـێ دراوە ... ئیتـر بـۆ بترسـم! تـرس تـا ئەو کاتەیە گـوللەت  لێنەدرێ، کە لێت درا ئیتر ترس نامێنێ.". "سماییل! ناتوانم سەیرت کەم ... بمبوورە ... بمبوورە!". "بۆ ناتوانی؟ ئەی لە بیرت نایە تەرمەکانمان کۆ دەکردەوە؟ خۆ تۆ لە تەرمی لەت و پەت نەدەترسای."

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئاسمانیکـی ساماڵە و قەرە باڵغییەکی زۆر لە باغی گشتی. ئەوسا هاشەی چەند فڕۆکەیەک و گرمە و رمبە و تەقینەوەی سامناک و تێکەڵ بوونی گڕ و دووکەڵ و خـۆڵ و تەپوتـۆز. سمایـیل لـەوێیـە. غەرقـی خوێـنە، کەچـی هـەر خەریکی کۆکـردنەوەی تـەرم و ئەندامـە پەڕیـوەکان و راگواسـتنی بریندارەکانە. دەڵێ: "سـەیر کـە! چـۆن ئـەو بـێ سەرانە هەڵ دێن. پێیان وابوو بۆمبەکان نایانگەنێ. سـەیری ئـەم بـێ قـاچ و بـێ دەسـتە بکـە هێشتا سەری دەجووڵێنێ و پێی وایە رەنگـە هـەر بـژی و شـتێکی ئەوتـۆ رووی نـەداوە. سـەیرکە ئـەوە چـۆن جامـەدانییەکـەی لـە چـاوی هـڵۆڵی خنـیوە و دەهۆڕێـنێ... ئەمانـە هەموویان دەمـرن، وەک مـن. بەڵـام ئـەوان نەیانـدەزانی دەمرن، من دەمزانی." سماییل وەرەقـەکان لـە گیرفـانم دەردێـنێ و دەڵـێ: "پـارەی چەنـد جـەم خـواردنم لەمانەدایـە." پـێدەکەنێ: "قـەی چـی ئـەکا! پـیاو کـە مـرد، برسێتیـشی لـە بـیر دەچێـتەوە." گـڕ هـەر باڵـا دەکـاو دیـوارەکان دەلێـسێتەوە. "سماییل لە بیرتە گـڵۆپی کۆڵـانەکانمان دەشـکاند، بۆ ئەوەی تاریکتر بن؟ ئەم گڕە بۆ قوتدانی ئەو گڵۆپانە شتێکی زۆر ئەنتیکەیە... مخابن بۆ رۆژانی رابردوو!"

لـە خەو رادەچڵەکم. رەنگە دەمەو نیوەڕۆ بێت. کە سەیری خوارەوە دەکەم ، لە بن دیوارەکەدا سەگەکە نوقمی خەوێکی قووڵە. دێمە خوارەوە. خۆم رێک و پـێک دەکـەم. بـە کاغـەز و چـیلکە، پێـڵاو و دەلیـنگەکانم دەسـڕم. سـەگەکە ناجولـێ. زاری نەختـێک کـراوەتەوە. لاقـێک لـە قاچـی دەدەم. ناجولـێ. رەق هەڵاتووە.

رووناکـی نـێو کۆڵانەکەش، کۆتایی هاتووە. دەلاقەکە تاریک تاریکە. " سیا" ش نەخەوتـووە. بـێگومان خەریکی خوێندنەوەیە. ئێستا نا ئێستا دێت. بڵێی خەوی لێ نەکەوتبێ؟ دەرگاکە دەکرێتەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کـە سـەیران دەبـینی بـۆنی کتـێب دەدا، کـە کتێب دەبینی بۆنی سەیران دەدا. سـەیران و کتـێب بـۆنی کارەسات دەدەن. بۆ؟ نازانی. لە کارەساتدا " خۆشم دەویـی" لـە دایـک دەبـێ؟ لـەو کاتـەدا مـرۆ رەنگـە هەر بەشی کارەسات بکا. رەنگـە بـە تـەواوی بەشیـشی نـەکا. لـە مـرۆ گەورەتـرە. خـوێنی مـرۆیە لـە دەمارەکانـیدا دەگەڕێ، یان خوێنی کارەساتە لە دەمارەکانی مرۆ دا دەگەڕێ؟ دیـسان نـازانی. لـە کارەسـاتدا خۆشەویـستی بـە چـاوو بـە هـێما دەدوێ. لـە کارەسـاتدا خۆشەویـستی دەترسـێ، وەک ئینـسانێکی بـێگەرد کە نازانێ چۆن وەڵـامی مرۆیەکی شەقاوەی خەنجەر بەدەست بداتەوە، هەم شەرم دەکا و هەم دەسـت و پـێ سـپییـە و هـەم ئینـسانی خـۆش دەوێ. ئـەوەی بەرامبەریـشی مرۆیەکە ترسناک. ناکەوێتەوە. بەردەوام هەڕەشە دەکا و جوێن دەداو گاڵتەی پـێ دەکـا. ئـەویش بـێ دەنگە. لە ئەنجامدا یان داوای لێ بووردنی لێ دەکات، یـان دەیـەوێ بـە بێ دەنگی ڕێگای خۆی بگرێ و بڕوا ، کەچی ئەو واز ناهێنێ. سـوکایەتییـەکان کەڵـەکە دەبـن. ئەوەنـدە کەڵـەکە دەبـن تا نوقمی دەکەن و وەک لافاوێکـی بـەهاری لـە گـەڵ خـۆی دەیـبەن. لـە خـۆ گـۆڕان و تەقینەوە. تەقینەوەیەکـی شـێتانە کە تف لە بوونی خۆشی دەکا. دواتر کە رق نیشتەوە، لە خـۆ خواردنەوەیەکـی شـێتانەدا دیـسان هـێمای "خۆشـم دەویـی" لـە دایـک دەبێـتەوە. لـە دایـک دەبێـتەوە و جەسـتەی سـوک دەبێـتەوە. لەمـە بـەدواوە خۆشەویستی بەهێزتر دەبێ، چونکە دەیەوێ قەرەبووی ئەو حاڵەتە بکاتەوە کە تووشـی بـووە، بەڵـام بـێ هـوودەیە. نە رق جێی خۆشەویستی دەگرێتەوە و نە خۆشەویستی جێی رق. لە یەک کاتدا هەر دووکیان لە دایک نابن. رق بەشێکی دەروونـتی داگـیر کـردووە و مۆرکـی خـۆی لـێداوە و ئیتـر لەوێش ماوەتەوە، مانەوەیەک لە رابردوودا، یان رەنگە لە داهاتووشدا.

رق، خاوەنـــدارێتی دروســـت دەکـــا، بەڵـــام خۆشەویـــستی نـــا. رق، رەقـــە و خۆشەویـستی نـەرم و نـیان. رق، مانـدوو دەبـێ، خۆشەویـستی نـا. هـەر بـۆیە خۆشەویـستی هەمیـشە رێ دەکـا، کەچی رق، یان دەکوژرێ یان دەبەزێ، یان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەکەوێتە پاڕانەوە، یان دەمرێ. خۆت بخەرە ژێر بارانی خەونە مرۆییەکان! خەونە پەمەیی و سوور و ئاڵ و واڵاکان. لەوێ دەروونت دەبی بە کانیاوێکی روون، یان دەبێ بە پریاسکەیەک تیشکی گەش. ئیتر هەمیشە حەزت بە سروشت و بە ژوان و بە پێکەنینی منداڵ و بە تەنیایی ئاوسی خۆت دەبێ.

"- بەڵام لە هەوری رەشی کارەسات ئەوەی تۆ دەیڵێی دروست نابێ. لە هەورە بروسکە، گرمە و ناڵەی نێو کۆسارانی تاریک هەڵگەڕاو، وژەوژی سەرسام کەری رەشە با و گەردەلوول، ئەوەی تۆ دەیڵێی لە دایک نابێ. کارەسات، کارەساتی لێ دەکەوێتەوە. ژنی فێدار، منداڵی فێداری دەبێت.

- ئەی ئەوە نی‌یە سروشت بە دوای ئەمانەدا دەژێتەوە! کارەسات زەوی ئاوس دەکا و، ئەوسا بەهار لە دایک دەبێ.

- زەوی لە کارەسات ناترسێ، بەڵام مرۆ دەترسێ.

- خۆشەویستی لە کارەساتەوە دروست دەبێ. ئەگەر کارەسات نەبێ، خۆشەویستی تام و بۆی نامێنێ‌و مرۆڤ دەکەوێتە نێو تەنیایی‌یەکی کۆشندەوە. خۆشەویستی لە تەنیایی بێزارە."

خۆشەویستی تۆ تامی زستان دەدات. نیگایەکە لە پشت پەنجەرەوە دەروانێتە ئێوارە سامالی زەوی شەختە بەند. زۆپایەکە لە دەروونتدا، بەڵام دەرەوە گەرم ناکاتەوە. زستان ئەشقێکی ئەبەدی وەک هەتاوی دەوێ. هەتاوێک کە لە تیشکی خۆیدا بتوێتەوە... بێ کۆتایی توانەوە... بێ کۆتایی گەرما و رووناکی... بێ کۆتایی مردن. شۆر بوونەوە بە ناخی کولوو کولووی بەفرەکاندا. داگیر کردنیان لە دەروونەوە. خەفەت خواردن لە گەڵ ماسی و گەرا بێ هوودەکان. هەست بە تەنیایی نیگای رێبوارانی نێو بەفر کردن، ئەو کاتەی کە سەریان داخستووە و ئاوڕێک لە پەنجەرەکان نادەنەوە. بۆ ئاوڕ بدەنەوە؟ ئەوە نی‌یە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پەنجـــەرەکان یـــەک بـــە یـــەک دادەخـــرێن و پەردەکانـــیان دادەدرێـــنەوە و سـێبەرەکانی پشتەوەیان ون دەبن! ئەوە نییە پەنجەرەکان شەختە گرتوونی... شـــەختەی زەوی پەنجـــەی بـــۆ درێـــژ کـــردوون و دایپۆشـــیون! کـــوورەکانی دەروون، سەهۆڵـی شووشـەکان ناتوێننەوە. زۆپاکانی دەروون ، شەوانی زستان پـەنا بۆژێـر لێفەکان دەبن، پەنا بۆ ئامێزە زەردەکان و مەمکە سیسەکان. بەڵام ئاوێـتە بـوون تەنیاتـرە لـە تەنیایی. کوورەی دەروون لە نێو شەختە و سەرما و سـۆلەدا گـڕ دەستێنێ. وەدەرکـەون! ئامێزە سارد و تەنیاکان بەرەو دەرگاکان هەڵـدێن، بەڵـام لـوورەی بێ ئامان رایان دەگرێ و ئەوسا دانە دانە و بە کۆمەڵ پاشە و پاش دەگەڕێنەوە. رێبواری دەرەوە هەر سەر هەڵنابڕێ. دەڵێی دەزانێ لـە ژورەکانـدا و لـە ژێـر ساپیتەی خانـووە تەپیوەکانی ژێر بەفردا چ خەریکە روودەدا. پەنجەرەکان بەرە و تەنیایی دەگەڕێنەوە. بەڵام نا! پەنجەرەیەک یان دووان، دەسـتێک یـان دوو دەسـت هەڵـمەکەی دەسـڕێتەوە و بە "ها" ی دەم، شەختەکەی دەتوێنێتەوە.

دەتزانی،

"ســـەیران هەمیـــشە تەنـــیایە. خوشـــکەکانی هەمیـــشە چـــپەیان دێـــت. بچوکتـرینەکەیان هەمیـشە پـێدەکەنێ، پێکەنینێکـی ئەفـسووناوی کـە وەک زەنگۆڵـەی رانـە مـەڕی بـنار شـاخی قـەراغ ئاوایی دەزرینگێتەوە و بۆنی چیا و ئـێوارە و تامـی شـیر لە گەڵ خۆی دێنی. بۆ تەنیا نەبێت؟ گەر تەنیایی بە کۆی قـسە دووپـات کـراو و رزیوەکان بڕەوێتەوە، تف لەو رەوینەوەیە! کەواتە بژی مۆسـیقای بـێ دەنگـی تەنیایـی کە وەک زێیەکی خرۆشاو لە دەروونەوە دەتباو دەتبا، تا قەراغ گۆرانییە نەوتراوەکان."

جـار جـارە ئـێواران بـە پیاسە بە نێو کۆڵانەکەیان دا دێو دەچێ. نەء . یان دێ یـان دەچـێ. دووجـار ناکرێ. لە سوورێکدا هەموو بۆنی عەشقەکەت دەرژێتە نـێو کۆڵـانەکە. هـەنگاوەکانت، کۆڵـان دەکێـڵن، تـرپەی دڵـی تۆڤ دەچێنن و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەناسەشـت گۆشیان دەکا. ئەم بۆنە، بۆنی هەموو باخچە گچکەکان دەبەزێنێ. باخچەکان شەرم دەکەن.
دەتزانی،
"سـەیران جـار جـارە لـە نـێوان پـەردە و دیـوارەکەوە لـە پـشت شووشـە تـەماویەکـەوە لێـی دەروانی. سـەیران عاشـقێکی تەنـیایە. دەیـزانی سەیران هەمیـشە لە باوکی ورد دەبێتەوە، ئەو کاتەی کە ئایەتولکورسی دەخوێنێ و فوو بە دەورو و بەریدا دەکا.
ماڵــی سـەیران تام و بۆنی ئایەتولکورسی دەدا. باوکی، لە بێدەنگی‌دا فرمێسکی دەڕشـت، بـەیانی زوو لـە مـاڵ دەردەچوو و ئێواران دەهاتەوە. باوکی، پیاوێکی تەنـیا بـوو. تەنیایـی دوای تەمـەنێ ژیـانی هاوبـەش کـە ئیتر قەت ناگەڕێتەوە. سـەیران بـەرە بـەرە تـام و بـۆی نسێی‌گرتبوو. دەیخوێندەوە و نەدەپشکوت. ئاوس دەبوو، نەدەزا!"
دەتزانی،
"سـەیران بێـزی لـە تکـەی ئـاوی گوێـسوانەکان و لولەی بەلۆعەکان دەبێتەوە. دەسـتی بـە چاویـەوە دەگـرت و هەڵدەهات و خۆی لە ژوورەوە دەپەستاوت. سـەیران نەیـدەزانی هەمـوو شـتێک دەتکێ. تەمەن دەتکێ، فرمێسک دەتکێ، خۆشەویـستی دەتکــێ، حــەز دەتکــێ، شــەو و رۆژەکــان دەتکــێن. ســەیران نەیدەزانی. رەنگە دیزانی و تەنیا ئەوەی نەدەزانی کە مێشکیش دەتکێ."
"- بە شوویان بدە! خەزێنەی ئاشکرای نێو ماڵ دەکەوێتە بەر تەماحی خەڵکی.
- دوا دانـەیان بـە شـوو بـدە و ئەوسـا ژنـێک بێـنە. خۆ ناکرێ هەر ئاوا بژیت. ناشوکری نەبێت وەجاخ کوێریشیت. تەنیا ژن دەبێتە عاسای دەستی پیریت... چت بە بەرەوە نەماوە!
- تەنـیا لـە مردندا کەس رێ لە کەس ناگرێ. کچەکان دەمێننەوە و ئەوسا قور بە سەری‌یەکی زیاتر. نەگبەتیت بووە بە ریشەوە. بۆ ئێمەشی جێ مەهێڵە. تازە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

رۆنەکـــــــــــە رژاوە، بــــــــــیکەرە خێـــــــــــری باوکـــــــــــت!
- بۆ تۆ ئێستا زاوا ئاوەدانییە....پەلەیان لێ بکە!
- کـێ لـە خـولەی باجـی عاسـیە باشترە؟ کاسب و پارەدار و خزم .... دوو سێ بنەماڵە بەخێو دەکا"
ئێستا ئیتر کاتێ تۆ تێدەپەڕی سەیران روومەتی لە شووشەکە نزیک دەکاتەوە. جـار جـارەش دێـتە سـەر پـێپلـیکانەکان. پـێ پلـیکانەکان بـەرزن و بـە سـەر کۆڵانەکەدا دەروانن.

لـە یەکتـریان روانی. روانـین و ئەوسـا بیری هەڵاتن، مرۆ پەست دەکا. دیسان رمـبە لـە دەرگاکـە هەسـتایەوە تـا ناخ پەشۆکان ، بەڵام پێیانەوە دیار نەبوو. بۆ پێـتانەوە دیاربـێ؟ هێمنی ئەو کاتەیە کە لە پاڵ یەکتردان. هەمیشە، هێمنیی وا هـێلانەی باڵندەی کارەساتە. بۆ نەبێ؟ کارەسات جارێک بێت و ببرێتەوە، نەک هەموو ئان و ساتێک بەرۆکت پێ بگرێ. خوێن خۆشترە لە بۆنی گەنیوی دەم. ئەویش دەمێک کە نە دەزانێ بە چپە بدوێ و نە دەزانێ بلێسێتەوە. هێشتا حەز و خۆشـی لـە دەمارەکـانیدا دەگـەڕاو کـولمەکانی گـەش گـەش بـوون. قـژی ئاڵۆزکابوو. سوخمەی مەمکی گەڕابوو. ئەویش هیچ نییە، لەرەی مەمک دوای ئـەوەی بـە دەسـت هەنـدێک گێـرات ، جـوان دەیخاتەوە جێ . نێو دەمی ماچ دەکاتـەوە و دەڵـێ: "لێـرەبە، دەرگاکـە دادەخـەم. مەجووڵە تا خۆم دێمەوە؟" دەرگاکە دادەخا.
- باشە بۆ ئەمڕۆ دەنگی تراکتۆرەکەنەهات ... نەکا زانیبێتی!
هـێلکەی تـرس شـکاو جـوجکەکەی نێوی بە تلاوتل هاتەدەرێ . هەناسەیەکی قوولـی هەڵکێـشاو تفێکـی قـوتدا. لـێک دابـڕان ترساندی. گەڕایەوە سەیری دەرگـای دووکانەکـەی کـردەوە. خـەنییـەوە. هـەر ئەوەنـدە قوفـڵی دەرگـای حەوشەی ترازاند، دەرگاکە بەپڕتاو بەرە و ڕووی هات.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- لەحەنەت لە هەزار کاسبیی وابێت، تا کونێک دەگریت لە لایەکی دیکەوە کونێکی ترت تێ دەبێ. کێ دەیکاو کێ دەیخوا. گەوادی وا بۆ پارەکەی خۆی هەزار ترە ترت بە سەردا دەکا تا فلسێکی لێ دەبێتەوە، کەچی قەت حسێبی مەکینەی خەڵکی ناکەن. تراکتۆر نە گایە و نە کەرە و نە بزن... نە دەبۆڕێنێ و نە دەگارێنێ. کتوپڕ دەوەستێت و ئیتر خەلاس... بێ شەرەفینە!

لە سەر لێواری حەوزە بچووکەکەی بەر لوولە ئاوەکە هەڵتووتا. مشتێک ئاوی بە سەرو دەم و چاوی تۆزاوی و ڕەش هەڵگەڕاوی خۆیدا کرد. کتوپڕ ئاوڕی لە فاتێ دایەوەو لێی ڕاما:

- بەح! خێرە؟...گا دەیکاو کەر دەیخوا... چت لە سەرە؟ بە خوا هیچ. تەنیا خۆتی لێ پان بکەرەوەو ئیتر خوا رزقت دەگەیەنێ... بارگیری وەک ئێمە بۆ بارلێنانی ئێوە چاکە. سەری خۆتان حیز کردووە و لە تەڕی دەخۆن و لە وشکی دەنوون. دنیا بە کەیفی ئێوەیە. خواش دەیزانێ تا مێردی کەڵە نۆکەر دێتەوە ماڵە بەقوڕ گیراوەکەی، ژن چۆن دەیبڕێ و چۆن دەیدوورێ.تۆزەکە لە سەر و چاوی بووبووەوە، بەڵام دەم و چاوی هەر چەور و لینج بوو. ئاوەکە زەنگۆڵ زەنگۆڵ لێرە و لەوێ بە سەر رووخساریەوە لە بەر تیشکی هەتاودا چەند رەنگ دەینواند.

- چەند رۆژە حسێبی دووکانەکەم نەکردووە. ئا دووکانەکە بکەرەوە بزانم چەندە پارەی لێیە؟

داهێزرا. نەدەکرا بلێ داینێ بۆ دوایی. ویستی بچێ دەست لە گەردنی خاو بە عیشووەوە پێی بلێ: "دە پەلەت چییە ... جارێکە ناحەسێیتەوە؟" بەڵام بۆنی ئارەق کاسی دەکرد. بە پەلە هەڵاتە سەرێ و بەدەم رێوە گوتی: "کلیلەکەم لە سەرێ جێ هێشتووە." چووە سەرەوە. دوای ماوەیەک ئەحمەدی بە خەبەر هێناو کردیە گریان. تەها لە خوارێ هەڵی داێ:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- دەک چوار پەلت وشک بێت قەحبەی ...!

لـە بەر گریانی ئەحمەد گوێی لەوەی دیکە نەبوو. تەها هاتە سەرەوە و بە رق و توڕەیی‌یەکی لە رادە بەدەرەوە وتی:

-کلیلەکەم بدەرێ قەحبەی قەحبەباب!

ئەوسا دردونگی چاوانی تەنی:

- زەحمـەت مەکێـشە! یارەکـەم نـازدارە و نابـێ مانـدووبێ. ژن کـاری ناو ماڵ دەکاو پیاو کاری دووکان؟!

- ئەگەر دووکانێکت هەبوایە و سەروپێت تیا بفرۆشتایە ناو بانگت دەر دەکرد!

لـە تاریکـی‌دا بـەڕوویا پێدەکەنم. نازانم لێوە کشاوەکانم دەبینێ یان نا. گرنگ نییە. لە ژێرخانەکە دێمە دەرێ و ئاودیوی دەرگا ئاسنینەکەی نێو کۆڵان دەبم. "وریـا بـە!" کەڵەشـێرەکان حەسـاونەتەوە و بـە نەفەسـێکی تـازەوە تا وەزەیان تـێدایـە بـاڵ بـە یـەک‌دا دەدەن و دەخوێـنن... تـا گـوێ بـڕ دەکا. هەوا بۆنی سمایـیل دەدا. هەمیـشە دەیگوت ئەو کارەی ئێمە ئەگەر هیچ قازانجێکی نەبێ، لانی کـەم دەمانخاتـە بـەر ڕەحمـەتی هـەوای سـاف و بـێ‌گـەرد و سـازگاری سـەحەری. "سمایـیل وەکـەوە! خەریکـە رەق دەبمـەوە" لـە وەڵامدا دەیگوت: "درەنگ و زوو کەوتووە، ئەگەر ئازاتر بیت‌گەرمتر دەبیت"

- سماییل کەست خۆش ویستووە؟

- تەنـیا جارێکـیان. کچێکی نەشمیل و جوانکیلە. لە پشت پەنجەرەوە دەمبینی. دەستی بە بسکی‌دا دەهێنا و بە ئاستەم سەری بۆ دادەنواند و سەیری دەرەوەی دەکـرد. جارێکـیان منـیش غـیرەتم وەبـەر خـۆدا و سـەرێکم بـۆ دانەواند و بە دەمـیەوە پێکەنـیم، بەڵـام ئـەو هـەر لـە سـەر هـەوای خـۆی بـوو. زۆر تەریـق

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بـوومەوە. خانوەکەیـشیان کـۆن بـوو. پەنجەرەیەکـی پەرپـووت. لەو پەنجەرە چاوگچکانە کە رەنگە سەوزەکەی هەڵبزرکاوە و دارەکەی رزیوە.

- ئەنجامی چ بوو، ئەی پێت نەگوت؟

- ئەنجام چ ئەنجام ... دواتر زانیم کوێرە!

بەڵـێنم داوە بچمـەوە ئـەو گەڕەکـەی کـە قـەرار بـوو لـە گـەڵ سماییل بچین. سماییل نەگەیشت، بەڵام خۆ من جارێ ماوم.

- سماییل ئیتر هەر ئاشق نەبوویتەوە؟... شتی وا نابێ!

- بۆ نابێ؟ یەکەم ئەشق کە کوێر دەرچوو، بۆ ئەوانی دیکە خۆت کوێر دەبی.

- ئەمە حیکایەت و ئەفسانەیە، واز بێنە!

- بۆ پێت وایە ئێمە تا ئێستا چین؟

هـەتاو پـێش ئـەوەی لە پشت چیا سەرکەشەکانەوە سەر دەربێنێ "با" دەنێرێ. "بـا" بـە گوێی شەودا دەچرپێنێ کە برِوات و چی دیکە ئەستۆندەکی خێمەکەی بـە ڕاوەسـتاوی نەهێڵێتەوە. هەتاو پێش ئەوەی بگات، هەناسەی ساردی بەڕێ دەکـا. وا هەسـت دەکـرێ ئـەوە ئـەم هەناسـەیە کـە شـەو ڕادەماڵـێ. دواتـر تـێدەگەی کـە سێـڵاوی رووناکـی لـە پشت ئەم هەناسە ساردەوە خۆی حەشار داوە و بەرە بەرە دەکشێ و دەکشێ.

- سماییل تۆ ئەم جارە مەیە ... تکات لێ دەکەم... بۆ خۆم دەتوانم...

- کێ دەڵێ ناتوانی؟ دەمەوێ منیش فێرکەی!

دەمم دەبێ بە تەڵەی تەقیو. هەست بە بێ تاقەتیم دەکا. پێدەکەنێ.

- هەتیو خۆتی لێ کەر مەکە "خۆشم دەوێی!"

چەند سادە و ساکار "خۆشم دەوێی" لای سماییل لە دایک دەبوو. کارەسات بۆ ئەو ژیانی ئاسایی بوو.

- باشە سماییل تۆ بۆ وا بە ناخۆشی راهاتووی؟

- ژیانی خۆت زۆر خۆشە؟

- قەت وەڵام نادەیتەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- هەموو بارو ژیانی من لە گاری‌یەکەمدا جێی دەبێتەوە.
- خەمی باوکت نی‌یە؟
- من ببم و نەبم ئەو تازە گرمۆڵە بووە و بە ژیانی ژێر جاجمەکەی سەرشانی راهاتووە. شەو و رۆژی دوو نان و پەرداخێک ئاوی بەسە.
سماییل لەسەر سەربانەکەی ئەوبەر لە نزیک دارتێلێک چوارمشقی دانیشتووەو بە پێکەنینەوە لە من دەروانیٛ.
- نەترسی کەماڵ! خۆ ناترسی، ها؟
روومەتم گەرم دادێ. با لێی دەداو دەگەشێتەوە.
- سماییل باوکت زۆر بەرگەی نەگرت. خێراتر لە جاران گرمۆڵە بوو. ئەوسا لە جاجمەکەی سەر شانیان پێچا و بەرەو مزگەوتیان برد.
- دەمـزانی کەماڵ. باوکم منی زۆر خۆش دەویست... تەمەن بواری دەربڕینی پیٛ نەدەدا.
- تەمەن یان شتێکی دیکە؟
- وەک چی، چۆن؟
- وەک خەم، وەک نەداری و هەژاری، وەک خەمی دایکت کە دە پازدە ساڵی کۆتایی ژیانی بە زەلیلی ژیاو لە نێو بۆگەنی جەستەی خۆیدا مرد.
- بـاوکم تـا لـە بـیرم دیٛ و تـا دایکـم مرد، قەت رووی نەدایێ و هەمیشە لێی توورە دەبوو.
- بەڵام مەرگ رق دەسڕێتەوە.
- بـاوکم هەمیـشە بـە گـۆچانەکەیەوە دەچـووە بـەر دوکانی ئەم و ئەو، کورتە خـۆش و بێـشێکی دەکـرد و ئەوسـا لـە سـەر سەکۆ لێی دادەنیشت و سەیری سمت و لەش و لاری ئەم ژن و ئەوژنی دەکرد.
نەکا سماییل ئەو دار تێلە بێت کە رووناکی بۆ ئەم‌ماڵ و ئەو ماڵ دەبا.
- سماییل بۆ کروزو بۆنی خوێنت لیٛدیٛ.
- چما نازانی کە گوللە هەم قژ و پێست دەسووتێنیٛ و هەم خوێن دەرژێنیٛ؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- دەزانم... دەزانم بەڵام بۆ تۆم نەدەزانی!
- باشـە ئیتـر وەڕێ کـەوە، لـە بیرت دێ پێش ئەوەی رۆژ بێتەوە کارەکەمان تەواو دەکرد؟
کارەکـەم لـە تـەواو بـووندایە. چـوار رێیانەکەی سماییلم لە مێژە بڕیوە و ئەو دیـوی گەڕەکـی حـەمام و مەقەرەکەش کەوتووم. گیرفانم بە تاڵە. ئاسمان بە ئاسـتەم شـین هەڵـگەڕاوە. لـەو سەرکۆڵـانەکە کەسـێک دەردەکەوێ. گرنگ نیـیە. بـێگومان رێـبوارێکە بـەرە و حەمام یان شوێنێکی دیکە دەچێ. لە یەک نـزیک دەبیـنەوە. ئـاوڕ دەدەمـەوە، کەسـێکی دیکـە لـە پـشتمەوەیە. ئـەوەی پێـشەوە میلـی دەمانچەکەی دێنێتەوە و بە سەرما دەقیژێنێ. ئەوەی دواوەش دەس بە جێ دەگاتە سەرم.

ماوەیەکـە تـەها کـە دێـتەوە دەمانچەیەکی پێیە. چواردە خۆرێکی رەشی تۆخ. فاتـێ سـام دەیگـرێ. تـەها لـە کاتێکدا کە بە پەڕۆیەکی رەشی مەیلە و چەور پاکی دەکاتەوە و دەستی پیا دێنێ، دەڵێ:
- ئافـرەت مەترسـە! زەمانەیەکـی خـراپە. بـۆ ئەوەی دەستمان بە کڵاوەکەی خـۆمانەوەبێ ئەمـەش پێویستە... وریا بە لای کەس قسە نەکەی ... حوکمەت بزانێ سەرمان بەرباد دەچێ!
لـە کاتی کار کردندا لە گەڵ خۆی نایگێڕێ ، بەڵام شەوانە لە گەڵ خۆی دەیبا. جـل و بەرگ دەگۆڕێ و ئەوسا دەڕوا. ماوەیەکە زوو زوو دەچێتە دەرێ. فاتێ ئێـستا زۆر لـە جـاران وریاتـرە. بـە تەقەی دەرگا زیاتر لە جاران رادەچڵەکێ. یـەک دوو جـارێ تـا ئێستا کابرایەکی ریش سۆفیی تەسبێح بە دەست بە "یاڵا یاڵـا" گـوتن لـە گـەڵ تەها لە قادرمەکان وەسەرکەوتووە، کە سڵاو دەکا دەڵێ "ئەسـەلامو عەلەیکوم" . دادەنیشێ و پەیتا پەیتا تەسبێح دەگێرێ و کەمتر چاو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەڵدەبڕێ. زمانی جۆرەیەکە. کوردی‌یەکی سەقەت کە هەندێک لە وشەکانی یەکجار تۆخ و کوردانەن. زۆر بە گەرمی لە ئەحمەد دەپرسێ و بە ماشاڵا گوتن یەک دوو سەرپەنجە لە گۆناکانی ئەحمەد دەداو ئەوسا دەچنە ئەو دیو. "وەڵاهی براژن کاک تەها پیاوێکی زوور باشێ. قەدرەش بزانێ. زەحمەت کیش و کاسبێ. پیاوی ئینتۆر جای بێهێشتێ... ئینشائەلا!"

تەها ماوەیەکە تراکتۆرەکەی وەک جاران ناباتە دەرێ و نایگێڕێ . ژیانی وەک جارانە، بگرە تۆزێک باشتر. شەوێکیان ڕووی لە فاتێ ناو گوتی:

- براکەت باشی لێ ناڵێن، نەسیحەتی بکە ئاگای لە خۆی بێ!

- کێ برای منی هەیە؟ بێ‌جایان کرد! دەستی چەوری خۆیانە بە سەری براکەی مندا دەیسوون.

- من چاکەی ئەوم دەوێ. کوڕێکی باشە، بەڵام ئاگای لە زمانی خۆی نی‌یە، چاکە و خراپەی خۆی لێک ناداتەوە... کورتانی لێ خوار کردووە و بە کەیفی خۆی دەزەڕێنێ. ئاوا بڕوا بۆ ئێمەش خراپە.

فاتێ هەڵی‌دایە و بە گژ تەهادا چۆوە.

لێدان و چەندین جوێنی ڕقاوی، جەستە و ڕۆحی فاتەیان گوشی. دوای ماوەیەک کەماڵ سەردانی کردن. فاتێ هەموو شتێکی بۆ گێڕایەوە . کەماڵ کە وەدەر کەوت بیری منداڵیی تەهای کردەوە کە قەت لە گەڵ منداڵانی گەڕەک تێکەڵ نەدەبوو.

- سماییل، خۆ تەهای زاوام دەناسی؟ ئەویش خۆی لێ گۆڕیوین.

- نەگۆڕاوە. کە منداڵ بوو، دوو قڕانی و پێنج قڕانی هەڵدەدا، ئیستاش کە گەورە بووە شتی دیکە هەڵدەدا. نێچیرەکان هەر ئەو نێچیرانەن!

- لە بیرت دێ جارێکیان شەڕت بوو لە گەڵی؟

- هەر وازی نەهێنا. لە جیاتی چاوی هەڵتۆقاوی، گاریەکەی باوکمی پەنچەر کرد.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- بێ بەزەیی‌یە. سەگ و ئینسان پێکەوە دەبەستێ. ڕەنگە رقی منداڵیشی قەت لە بیر نەچێتەوە.
- کەس لە بیری ناچێتەوە!

- ئەو نێرەکەرەی برات کە منداڵ بوو زۆر سەری بە سەری سماییلەوە بوو، کەچی ئێستا وانی‌یە.
ئەوسا بە وردبینی‌یەوە لە فاتەی ڕووانی. فاتێ لە نیگای بێزار بوو. نیگاکانی خاوەن بروسکەیەکی نائاسایی بوون.
- کاتێک تۆ لە سەر ماڵ بووی، سماییل زوو زوو دەهاتە سەردانتان؟ بیستوومە حەزی لێ دەکردی. گوایە کەماڵ زۆری حەزی کردووە شوو بەو بکەی.
فاتێ تەقی‌یەوە:
- تەنیا چەند جارێک هاتووە. ئەویش شەوانە. قەت نە نیگای لە نیگام بڕیوەو، نە نیگام لەنیگای.
تەها بزەی هاتێ و لێفەکەی بە سەر خۆیدا دا.

- سماییل کوژرا، بەو هەتیوەی برات بڵێ وریای خۆی بێ! بۆنیان کردووە، بەڵام من نامەوێ بەڵگەکانیان بخەمە بەر دەست!
ئەوسا پێکەنیبوو.
پێدەکەنن. پێکەنین لە زامەکان دەئاڵێن . زامەکان دەسووتێن. گڕ دەگرن. گەرا دەکەن. گەراکان دەتەقن. قەلە ڕەشەکانی ئازار هەڵدەفڕن. ئاسمانی ژوورەکە ڕەنگی ڕەش و قاوەیی و زەردی گەنیو دەگرێ. ئازارەکان ڕێ بە یەکتر نادەن. قەرەباڵغی‌یەکی تۆخ، تۆختر لە بۆ شێی ئەو ژوورانەی کە قەت

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هـەتاو بـە خـۆیانەوە نابینن. پێکەنینەکان پاڵیان بە زامەکانەوەیە. نقورچیان لێ دەگـرن. تفـیان لـێ دەکـەن. تفـەکان زامـەکان دەبـرژێنن. تفەکان تامی لیکی کەڵـبە دەدەن. ئازارەکان دەنگیان لە لووره دەچێ. رەوە گورگن و لە نێچیری خۆیان ئاڵاون. پێکەنین شەرم ناکا. بۆ؟ نازانم. رەنگە زامەکان ئەوەندە دەمیان کـردۆتەوە کە قوڕ قوڕاچکەیان دیارە، بۆیە بوونەتە مایەی گاڵتە جاڕی. زام کە قـوڕ قـوڕاچکەی دەرکـەوت، لـە مـەرگ نزیک دەبێتەوە. زام بێشکەی مەرگە. ئـای چەنـد دووره دەستە ئەو جەستەی کە هەر هەڵێدەداو هەڵێدەدا، سەر تا پا زایەڵەی نەغمەکان بوو. زام لە جەستەی خۆت بێزارت دەکا . ماندوویی. بوون لـە خەیاڵـدا. خـەیاڵ و خـەیاڵ. نـوقم بـوون و نـوقم بـوون. گـەڕان و گـەڕان. رۆیـشتن تا ئەو پەڕی سنوورەکانی ئازار. چەندین و چەندین جار خوێندنەوەی ئـازار. ئازارێکـی سرک. کێوی. دووره دەستتر لە وەهمەکان. کەچی ئەوەتا لە ناخدایـە. نـاخ، گـەرم گـەرم. گەرمتـر لە ناوکی ئاگر. دا خۆئەم زامانە دەتوانن دانیـشتوانی وڵـاتی زەمـەن بـن؟ لـە کوێـوە هاتوون؟ هی ئێرەن یان... ؟ چۆن هاتـوون؟ بـێگومان ئـەو رێگایانـەی پێـیدا هاتـوون، لـە ژێـر هەنگاوەکانـیاندا سـووتاون. چـراکان دەکوژێـنەوە و هــەڵ دەبـن. رۆژ سـوورەو شـەو سـوور. سـووریی ناخی زام. پێکەنین دەبێ بە ژاوە ژاو، دەبێ بە چرپە، دەبێ بە زرمەی پـێوەدانی دەرگـا، دەبـێ بـە نەعـرەتە، دەبـێ بـە قامچـی، دەبـێ بـە میـز. میـز بـرینەکان دەشـواتەوە. دەیانسووتێنێ. دەیانبرژێنێ. بۆنی میز لەزامەکان و لە هەناسـە دەئالـێ. ژان، بێ کۆتاییيە. چەند دووره دەستن ئەو رۆژانەی جەستە بـۆنی بـەهار و بـۆنی ئـاوی کـانی دەدا. زام، سـووتێنەرە. وەک هـەتاوی تیـژ، مێرگـی جەسـتە لـە سـەوزایی دەپووکێنێتەوە. باڵندەکانی سۆز پەنا بۆ بنەدار و سێبەری بەردەکان و گەونەکان دەبەن. گەروو ئەوەندە وشکە، ئاوازو وشەی لە بـیر دەچێـتەوە. ئاوازەکـان پەرتـەوازە دەبـن. لە یەکتر نامۆ دەبن. دەڵەمەی خـوێن وشـک هەڵـاتووە و لـێوانی دووریـوەتەوە. چەنـد ئەسـتەمە بـزواندنی ئەندامـێک! ئەنـدام؟ پەککـوو! پەنجـەکان تەنـیا لـە ژێر فشاری وزەی خەزێنە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کـراوی عەسـەبەکاندا دەلەرێـنەوە. پەنجـەکان پـاڵ بـە یەکـەوە دەدەن و لێک جودا دەبنەوە.

سمایـیل تەنـیایە. هـەر تەنیا بوو. ئەوەندە تەنیا بوو، لە مەرگ نەترسا! سماییل پـێدەکەنێ. دەگـری. بـۆ سماییل ... بۆ؟ سماییل سەر هەڵدەبڕێ "پێکەنینم بە ماندوویــی ئــەوان دێ و گریانیــشم بــۆ ئارەزووەکــانی تــۆیە" سمایــیل زۆر پێدەکەنی، زۆریش دەگریا. هەمیشە وا بوو. ئەوەتی دنیا دنیایە.

"سمایـیل لـێم گـەڕێ! خـەوم دێـت. مانـدووم. ئەوەندە ماندووم کە خەو هەڵی گـرتووم" بەڵـام سمایـیل هەر لەگەڵم دێت. دێت و دێت... تا قوڵاییەکان. تا ئـەو جـێگایەی کـە وڕسـییەکان وازم لێ دێنن. بزە دەمگرێ "باشە سماییل... باشـە تۆ برتەوە. ئێستا باسی سەردەمی منداڵیم بۆ بکە. ئەو کاتەی کە چوالەت دەفرۆشـت، کـە پایـزیش دەهـات گۆیژت دەفرۆشت. راستی چوالە تامی چی دەدا؟ ئـەی گۆیـژ؟" سمایـیل پـێدەکەنێ: "ئـا ئـا بیرم کەوتەوە .... نەفرەت لە مـردن کـە تامـی چـوالە و گۆیژیـی پـێ لـە بیر کردووم" بیر دەکاتەوە. زیاتر. زیاتـر. کتوپڕ دەڵێ: "ئا کەماڵ هاتەوە بیرم... چوالە تامی شکۆفە و گۆیژ تامی بـارانی پایـزەی دەدا!". " نـا نا ، چوالە تامی شکۆفەی نەدەدا. هیچ شتێک تامی شـکۆفە نـادا" سماییل رادەمێنێ: "ئەی چی تامی شکۆفە دەدا؟ لە بیرتە باسمان دەکـرد؟" منـیش لە بیرم نەماوە. کتوپڕ سماییل دەڵێ: "ئا هاتەوە بیرم، نیگای پشت پەنجەرەکە تامی شکۆفەی دەدا."

دەگـریم. ئێـستا فرمێـسک، ئارەقـە و خـوێن دەسـڕێتەوە. دڵـۆپەکان سوێر و سوور هەڵدەگەڕێن. سماییل، سیمای لێڵ دەبێ. ون دەبێ، وەک ئەو بەیانییە. وێـنەی لـێڵ و ونی سماییل زرمەی دێ. "سماییل جێم مەهێڵە! لێرە زۆر تەنیام ... تەنیاتـر لـە تەنیایـی تـۆ!" دەنـگ دەبـێ بـە زایەڵە. زامەکان پێی پێدەکەنن، بەڵام دەنگ شەرم ناکا، تا دوا لەرەی خۆی لە ژورەکەدا خۆی دەنوێنێ.

"مادەرسەگ! خوو ئیسمائیل کوشتێ شۆدێ. هی تر دەوێ... نامیتر!".

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**شارە مێروولەی ژانەکان خۆ دەکەونەوە. چەند بێ بەزەیین و چۆن بە پەلەوە سەر جەستەی دەکەون و داگیری دەکەن "نەفرەتتان لێ بێت مێروولە... مێروولەکان!"**

**"دایکم چەند رقی لە مێروولە بوو. هەمیشە پرتەو بۆڵەی دەهات. نەوت بەرگەی نەدەگرت. چیمەنتۆش چاری نەدەکرد. مێروولەکان شوێنیان دەگۆڕی. ئەم کون نا ئەو کون. ماڵی پڕ کون جێ تەراتێنی مێروولەیە."**
**"دایکم یان خەمی کچەکان و برا و ئامۆزاکەی دەخوارد، یان خەمی من و مێروولەکان. هەمیشە دەیگوت، تۆش وەک ئەم مێرووانە سەر بە هەموو کونێکدا دەکەیت. خوا رەحم کا!"**
**"دایە! سماییل زۆر کوڕی چاکە، زۆرم خۆش دەوێ. حەز دەکەم چم لە دەست بێ بۆی بکەم، بەڵام هیچم لە دەست نایە... هەمیشە لە روویدا هەست بە شەرمەزاری دەکەم."**
**دایکم دەیگوت: "تۆ پیاوی کەچی زۆر لە من دەچی!"**
**جارێکی دیکە دایکم گوتی: "رۆڵە! تۆ حەجمینت نییە. ئۆقرەت نییە. هەمیشە کەپر سەوز دەبی."**
**مێروولەکان ئەمجارە لە بنی پێوە دەست بە جووڵە دەکەن. رەنگە قاچ نەبێ، تەنیا هەستی قاچ بێ. مێروولەکان دەڵێی قەت وەڕس نابن. زستان بێ خواردن هەڵ ناکەن.**
**"_ کاک... من زۆر تۆم خۆش دەوێ. بۆیە حەز دەکەم ئازا بیت. لانی کەم بەشێک لەو شتانەی کە باسی دەکەیت و بڕوات پێیانە، بە کردەوە بیاننوێنی.**
**- سەیر کە کەمال گیان! ئەو کردەوانە مەرگیان لێ دەبێتەوە. یان دەبێ بکوژرێم یان دەبێ بکوژم. مەرگیش چارە سەری هیچ شتێک ناکا. بە سەر چووە "کەم بژی و کەڵ بژی"، یان ئەوەی کە هەر بۆ خۆت بژیت. گرنگ ئەوەیە کە بە حەقیقەت بگەی. کە بە حەقیقەتیش گەیشتی، ئیتر بیر لەو دوو**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

قسەیە ناکەیـتەوە. ئەو دوو قسەیە حەقیقەت دەشێوێنن. حەقیقەت لە سۆز بە دوورە.

- خاوەن کردەوەی خۆت بە نەک من!

- کەواتـە ئەمـەش من دیاری دەکەم نەک تۆ، بەڵام ئەوانەی ئەو قسانە دەکەن هەمیشە مەبەستیان رەچاوکردنی کردەوەی خۆیان بووە.

- هەمیشە رەشبینییەک بەرامبەر بە کەسانی وەک ئێمە لە ئارادا بووە.

- ئەوانـەی کـە زۆر بـە ئاسـانی مەرگ قەبوڵ دەکەن ، جێگای درۆنگین. هیچ شتێک لە ژیان پیرۆزتر نییە... خەڵک ژیانیان خۆشتر دەوێ.

- ئەی ئینسان؟

- ئینـسان کـە زیندووبـێت ئینـسانە. کـەس لـە سـەر مـافی مـردوو هـەڵنـادا. بۆتـێکدانی قەبرسـتانەکان زۆر رەحـەت دەتـوانی دوای ماوەیـەک زۆربـەی دەنگـەکان کـۆ بکەیـتەوە، بەڵـام بـۆ تـێکدانی شـاروو گـوند نـەء. مەگەر شارو گوندی باشتری تیا چێ بکەیت."

سمایـیل هـەڵ تـووتاوەو، چـیلکە لـە خۆڵی بەردەمی دەژەنێ. سماییل هەمیشە وابوو، کە بیری دەکردەوە لە خاکی دەڕوانی. دەیگوت، ئاسمان بیر دەبەزێنێ، بەڵام خاک بیر تیژ دەکا.

"سماییل خۆڵی بەر دەمت بۆ من دەڵێ چی، چی پێیە؟"

سماییل واز لە چیلکەکەی ناهێنێ. زەمەن دەبێ بە شینی تۆخ. کۆترەکانی سەر گـۆمەزەکەی گەڕەکـی خـواروو هەمـوویان بـە یەکـەوە دەگمێـنن. دواتـر ــــــــــــــە دەنــــــــــــــووکان

هەڵـدەگرن و دەیـبەن. ئەوەنـدەی دەبـەن، تـا لە چاو ونی دەکەن. گۆمەزەکە نـەماوە، بەڵـام گمەی کۆترە دەشتەکییەکان هەر دەنگ دەداتەوە. کۆترەکان دەگەڕێنەوە و ئەوسا سماییلیان پێیە.

- سماییل وەڵامم بدەرەوە!

- خاک دەڵێ سەرگەردانم.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بـۆنی کۆتـری بـرژاو دێ. کۆترەکان بە شیشەوە کراون. من برسیمە. سماییل برسـیـیـەتی. هەمـوومان برسـین. دەممان ئاو دەکا. سەگی ناو کەلاوەکەش بە مردوویـی دەمی ئاو دەکا. کۆترەکان بە برژاوی دەگمێنن. تارماییەکی جاجم لـە شـانیش، لیکـی سـەر چەناگـەی دەسـڕێتەوە و چـاوی لـە سـەر نـاو قـەدی چارشـێویێک مۆڵـەق دەبـێت. چاوم دەبرژێتەوە. خوێنە یان ئارەق؟ دایکم هەر دوو دەسـتی لـە سـەر ئەژنـۆی دادەنـێ و دەڵـێ: "زۆرم رق لـە باوکـتە ... هەر دەرەقـەتی ئـێمە دێ!" فاتـێ دەگـری و دەسـتی بـە دەرەلینگی پانتۆڵەکەمەوە دەگـرێ و دەڵـێ: "کاکە لە ناو بۆنی دەم و بۆنی تیژی ئارەقەی لەش و نەوت دا خنکاوم، فریام کەوە!"

دوو دەسـت بەرزم دەکەنەوە. ئەوەندە بەرز، دەڵێی قەت خاک نابینمەوە. " لە هـەوادا دەمنێـژن؟" نـازانم . ئـەرێ چـی نـازانم؟ پەککـوو! مێـشک کە ئازار و خەفـەت دەوری بـدا، دەخـەلفێ. زەوقی هیچی نامێنێ. رەنگە خوشکەکانم بن. ئەوە نییە یەکیان گۆرەوییەکانم دادەکەنێ و، یەکیان لاقم دەشێلێ و، یەکیان هـەر بـە قوربانم دەبێ. غەرقی نیگایانم. لە دەریاچەیەکی تیشکدا مەلە دەکەم. چەند پێکەنینیان خۆشە! تامی سەرەتای لاوی دەدا.

خوشـکەکانم زۆر لـە مـن تەنیاتـرن. ئەوەنـدە تەنیاتـر، کـە لە بیردا ناگونجێ. کەچـی ئـەوان قەت بە قەدەر من وەڕس نابن. سەرەداوێکی خەیاڵیان بەسە بۆ ئـەوەی ژیـانی رۆژانـەیان تێـیدا نوقم بێ. من وا نیم. هەموو خەیاڵی دنیا بەشم ناکـا. سمایـیل دەڵـێ: "گـاری ،بـەری بە خەیاڵی من گرت، بەڵام بەری بە بیرم نەگرت."

- بۆیە نەترسای سماییل، بۆیە.

- بـاوکم فێـری کـردم نەترسـم. نەفـرەتی باوکم لە دایکم فێری کردم کاتێک نەفرەت دەکەم دەبێ نەفرەت بکەم!

جەسـتەم بـێ ئـەوەی خـۆم بمـەوێ، دەڕوا. هـەوا بـرینەکانم فێنک دەکاتەوە. بـرینەکان هەناسـە هەڵدەکێـشن. ئاخـەکان شـۆڕ دەبـنەوە. لـە گـەڵ یەکتـر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەدوێـن. چەنـد سـەیرە جەسـتەی بـێ زام! باوەگـەورەم هیچ زامێکی لە سەر جەسـتە نەبوو، کەچی مرد. دواتر کە شۆردیان ، گوتیان سکی چەند گرێیەکی رەقی تێدا بووە. برینی ناوەوە.

لـە پـشت هەمـوو وێـنەکانەوە دووچـاوی تر دەبینم. چاوەکان تاپۆن. نایەنەوە بـیرم. دوورە دەسـتن. دوورە دەسـتترلـە جەسـتەی بـێ زام. دەبـێ تیژتر بم. ئەگـەر بـتوانم پێـڵوە خـومارەکانم هـەڵبێنم، رەنگە بیانناسمەوە. پێڵوەکان بە سەر گلێنەکاندا دەخشێن و جیا نابنەوە. چاوەکان هەر لە نێو مژدان. مژ؟

پەڵـە پەڵـە، مـژی تـەنک دەشت و دەری داگرتووە. کزەی سەرمایەکی هەیە، بەڵـام ئیشتییای زۆپا ناکەیت. ئەو فێنکییە گڕی لەش دەبا و بە شاخ و دەشت و دەردا بڵاوی دەکاتەوە.

- دەزانی کاک ...... کاتێک دەیکا بە مژ، زۆر لە بۆردوومان ناترسم.

ئاوایی قەرەباڵغە و ئێمەش لە قەراغەکەیدا پیاسە دەکەین .

- وەک ئەوە وایە سەری خۆمان لە بن بەفر بنێین و...

-تا تەبیعەت قەرەباڵغتر بێت، مرۆ ئازاترە.

دەنگـی فڕۆکـە ئاسمـان دادەگـرێ. ماوەیـەک لەوەپـێش کاروانێکی سەربازی لێـرەوە تێـپەریوە و فڕۆکەکان بۆ شوێن هەڵگرتنەوەیان هاتوون. سووڕێک و، دووهـەم سـووڕ ئیتـر بـۆردوومان. ئاوایـی دەلـەرزێ. ئێمەیش لە گەڵی، لە بن شیوەکەدا دەلەرێینەوە. دواتر تەرمەکان لە بەر مزگەوتی ئاوایدا کۆ دەکەنەوە. دایکـێک و دوو منداڵ، لاوێک کە دەڵێی سکی ماسیوە، لە گەڵ پیاوێکی تەمەن مـام ناوەنـدی بـە نـێو چاوانێکـی گـرژەوە. پەڵـە مـژێک دێـت و بـۆ ماوەیەک مـزگەوت و تەرمـەکان دادەپۆشـێت. لە نێو مژەکەدا لە گەڵ تەرمەکان هەست بـە ئازایـەتی و داسەکنان ناکەم. هەست دەکەم مژەکە بۆنی تەرم دەدا. مژەکە بـۆ ماوەیـەک خەسـتتر دەبێـتەوە. دواتـر سـەیران دەبیـنم. لـە نێو ژنانی شین گێڕدایە. ناگری. تەنیا دڵسۆزێکی بە ئەمەگە. چاوەکانی لە نێو مژدا زۆر تەڕن. تەڕتر لە ئارەقەی تەوێڵ و خوێنی مەیلە و مەییوی من.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**ئەمەیە دوو چاوی پشت وێنەکان!**

**دوو چاوەکە، یان لە پشت شووشەکانن ، یان لە سەر پێپلیکانەکان. شووشە ... چـاو. قادرمـە... چـاو. کۆڵان... چاو. شووشە... بێدەنگی. قادرمە ... بێدەنگی. کۆڵـان... بێدەنگـی. چـاو... بێدەنگـی. ئەگـەر هەمـوو ئاشـقەکان بـدوێن، دنیا ئەوەنـدە بـێدەنـگ نابـێ. بێدەنگـی سەرچاوەی کارەساتە. دە ئاشقانی جیهان بـدوێن! لـە بێدەنگـی، بێدەنگـی دەبێـتەوە. تـووی چپەکانـتانی تـێدا بچێـنن! بـــێدەنگـــی، زەویەکـــی بـــەرئاوە، کەچـــی هیچـــی تـــێدا نەچێـــندراوە. سـەیرکـەن!هـەورەکان چـۆن لـە ڕۆژئـاواوە پێچ و لوول دەخۆن و بەرەو ئێرە دەکشێن. بە شوێن گەراکاندا دەگەڕێن. سەرەتا "با" بۆ پرسیار دەنێرن. ئەگەر گـەرای لێ نەبوو، داناکەن. ئەوەتا تەنیا چەند دڵۆپە فرمێسکێک هەڵدەوەرێنن و زەوی ئەوەنـدەی دیکـە غەرقـی ماتەم دەکەن. زەویش دەگری و فرمێسکی گەردەلوول دەتکێنێ.**

**ئەشـق ئەگەر لەگەڵ دڵدار نەدوا، ئەوجا لەگەڵ دەرەوە دەدوێ. سەر دادەخا و ئـەوەی لـە دڵیدایە هەڵیدەڕێژێ. کە بۆ سماییلت گێڕایەوە، سەرەتا تووڕە بوو بـوو، بەڵـام دواتـر هـێور بووبـووەوە. ئەوەنـدە هـێور کـە پێکەنیـبوو. ئەوسـا گوتبووی: نەکا وەک ئەوەی من کوێر بێ و نەتزانیبێ!**

**- بێدەنگـی چەشـنێکە لـە کوێـری. ئەگـەر بدوێـی، قسە خـۆی ڕێگـای خـۆی دەکاتـەوە. باوەگـەورەم دەیگوت: " خەڵک گەلێک زۆر بوون. کە خەڵک زۆر دەبـێ شـتومەکیش روو لـە کەمـی دەکـا. هـەر بۆیە گرانی تا دێ زۆرتر دەبێ. ئەوسـا برسـێتی لـە چـاو زەمـانی ئـێمەوە زۆر زیاتر دەبێ. ئەوەندە زیاتر، مرۆ دەکەوێتە ترسێکی گەورەوە."**

**- مەبەسـتت ئەوەیـە دەبـێ خۆشەویـستی بکـوژرێ بـۆ ئـەوەی حەشـیمەت ئەوەندەی دیکە زیاد نەکا؟**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- ...نازانم. باوەگەورەم تەنیا کاسبی و منداڵی زۆر خۆش دەویست.
- تێناگەم، مەبەستت ئەوەیە ئەوەی ئاشق بێ رقی لە کاسبی و منداڵ دەبێتەوە؟
سمایل دەیگوت: "ئێمە و مانان هەموو شتێکمان پتر خەونە. خۆشەویستیمان خەونە، شەڕمان خەونە، رق‌هەڵگرتنمان خەونە ... مردنیشمان خەونە. هەر چەند ئەمە دەسکەوتیشی کەمە بەڵام گەورەترین لەزەتە!" جارێکی دیکە وتبووی: "ئەوانەی بۆ داهاتوو شەڕ دەکەن، زۆر لە ئێستایان دادەبڕێن. ئەمەش خراپە، چونکە هەر کە بە داهاتوو گەیشتن، دەبنەوە بەو شتانەی کە دوێنێ لێی دابڕا بوون. خۆشەویستیش یەکێکە لەو شتانە."
یان: "گەر من لەجیاتی تۆ بم، رۆژێک دەچم لە دەرگاکەیان دەدەم، هەر کە دەرکەی کردەوە، بێ راوەستان دەڵێم‌خۆشم دەوێی! ئیتر چاوەڕوانی وەڵامیش نابم، رێ و راست دەڕۆم."
خەونەکان بە قەد باڵاکانن. جیهانی‌بچووک خەونی بچووکە. بەڵام خەون خەونە، چ هەموو جیهانت رۆژێک بێت، چ چەند وڵات. خەونەکان بە قەدەر یەک مرۆڤ دەهەژێنن. خەونی کەس،کت و مت لە خەونی کەسی دی ناچێ. خەونەکان وەک شوێن پەنجەکان جیاوازن. نیگایەک، حاڵەتێک، شەرمێک، زامێک بەسە بۆ ئەوەی خەون هەڵاوێرێ. کۆڵان ئەشق دەکا بە ئەفسانە. گەر کۆڵان نەبێ ئەو دەتوانێ لە کوێوە تێپەڕێ؟ جادەکان دوورن و دوورە دەست. ئاشق لەوێ لە قەرەباڵغی‌دا ون دەبێ. بەڵام لێرە لە کۆڵان، خۆیەتی، خۆی. هەموو شتێک هەر بۆنی خۆی دەدا. ئەوە نی‌یە سەیران مەست دەکا! خوشکەکانی لە سەیران گەیشتوون. بچووکەکەیان دەخەنێتەوە و بە تان و تەشەرەوە لە گەڵی دەدوێ. لە ناو چاوان و مەمکی سەیران دەڕوانێ و تریقەی پێکەنینێک دەستی بۆ دەمی پەلکێش دەکا. سەیران تەنگە تاو دەبێ، بەڵام لە دەروونەوە ختووکەی دێ. کە هەست بکەی دوو چاو و دوو دەست و جووتە لێوێک چاوەڕوانتە، چەند خۆشە! خۆشتر لە هەنگوینی چەندین ساڵەی نێو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کـونی تاشـە بـەردان. بێدەنگیی کەمال، سیمای بێ دەنگی بە کۆڵان بەخشیوە. چـی دیکـە ژاوە ژاوی ژنـان و قـریوەی منداڵـان نایەنـە گوێـی سەیران. چەند سـەیرە! سـوور هەڵـدەگەڕێن و هەنـسکە هەنسک دەیانگرێ کەچی دەنگیان دەرنایە.

دەچـێ بەرامـبەر بـە وێـنەکەی دایکـی رادەوەسـتێ. وێـنەکە رەش و سـپی‌یـە. روخـسارێکی خـڕ، بـە سەرپۆشـەوە. دایکـی قـەت گـوارە و ئاڵـتوونی لە خۆی نەدەدا. جارێک وتبووی بە لاوی لە خۆی داوە، بەڵام دواتر نەء. باشە دایکی بۆ وا بـە قایمـی و رێک و پێکی سەرپۆشەکەی بە سەر و قژ و گەردنیدا داوە؟ تاڵە قـژێک چی‌یە دیارنی‌یە، پەڵەیەک لە پێستی گەردن چی‌یە بە دەرەوە نی‌یە. ئا، رەنگـە کاسـە سـەری شـلە و ئەگـەر وا نـەکا مێـشکی دەتکێـتەوە. رەنگـە ئەم وێـنەیە، وێـنەی دوای مـردنەکەی بـێ! سـەیران دەم دەبـا و ماچی دەکا. "دایە لەوکاتـەوە تـۆ جـێت هێـشتین، ئەمـە یەکـەم جـارە بڵێـسەی گڕێک لە خۆمدا هەسـت پـێدەکەم." دایکـی هـیچ ناڵـێ. رەنگـە ئەگـەر زیـندووش بـا، هیچـی نەدەگـوت. بەڵـام کـوا کـچ لای دایک دان بە ئەشقیدا دەنێ؟ دایک گەر پێشی خۆش بێ، کچ هەر بێ دەنگی لێ دەکا.

کـچ کـە ئاشـق دەبـێ، جەستەی دەئاوسێ، دەکشێ ، حەز دەکا لە چوار چێوەی تەنگی جل و بەرگەکانی رزگاری کا... جووتبوونێکی ئەبەدی لە گەڵ هەوا.

دەچێـتە بـەر ئاوێـنە و لـە گـەڵ جەستەی رووتی خۆی دەدوێ ، لە گەڵ کۆڵان دەدوێ، لـە گـەڵ پـێپلـیکانەکان دەدوێ. جەسـتەی چەنـد گەرمـە! رێـبواری کۆڵـانیش سـەرمایەتی. سـەرمای تەنیایـی و سـەرمای ترسـی حەز تەنگیان پێ هەڵچنیوە. دەلەرزێ و دێت و دەڕوا.

دیـسان تـریقەی پێکەنینـێک. هەسـت دەکا خوشکە بچووکەکەی زۆر خزۆکە. ماسی‌یەکی خزۆکی نێو دەفرێکی ئاو! خۆی خزۆک نی‌یە مەندە و چەقیو.

کـەمال دەستی بۆ نابا، تەنیا چاوی تێ دەگرێ. نیگای مەندی کەمال ئەوەندەی دیکـە سـەیران مەنـد دەکـا. نیگای مەست. مەستێکی مەند. بە پیرەوە چوون.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خولیای ئەوەی دەست بخاتە نێو دەستە داکەوتووەکانی کەماڵەوە و بیانگوشێ و بیانـنێ بـە رووومـەتی خـۆیەوە. لە بەر ئاوێنەکەدا سووکە سەمایەکی بۆ دەکا، وەک قورینگەی نێو ئاو.
سـەیران کـە بـۆ یەکـەم جـار وەرەقەیەکی لە پشت دەرگاکەی خۆیانەوە بینی، دڵـی داخـورپا. سـەیرێکی دەرگـای ژوورەوە و پەنجـەرەکانی کرد. کەسی لێ نەبـوو. هـێواش دەسـتی دایـە و هەڵـاتە ژێـرخانەکە. "بێگومان هی ئەوە! باشە چـۆن وا دەبـێت! ئـەی ئەگـەر بـاوکم زووتـر لـە مـن ئـەورۆ هاتبایە خوارێ؟" وەرەقەکەی کردەوە. ئینسان سێحری سروشتە و ، سروشت سێحری ئینسانە. وشـەکان دەرکـەوتن، بەڵـام تـا تـەواو نەیکردەوە، خۆی لە خوێندنەوە بووارد. چەنـدین رەسـتەی تایـپ کراو و رەستەیەکی درشتیش لە سەرەوەیان. سەری سـوڕما خوێـندیەوە. وشـەکان لـە چەشـنێکی دیکـە بـوون. بـۆنی کـەماڵی لـێ نـەدەهات! بـیری ئـەو رۆژانـەی کەوتـەوە کـە دایکـی تێـیدا کـوژرا. بـیری هەلیکۆپـتەر و تەقـە و خـوێن... بـیری فـووەکانی باوکـی. باشـە بـۆ؟ نازانـێ. پێچایەوە و خستیە بەر پشتێنەکەی.
گـرمەی بە سامی ماشینەکان لە ناو کۆڵاندا. رادەوەستن. دەپشکنن. دەپرسن. لـە پـشت پەنجەرەکـەوە لێـیان دەڕوانـێ. "نـەکا لـەم کاتـەدا بـێن و بیگـرن!" رادەچڵەکێ. "نا نایگرن، رەنگە هەر لێی بپرسن" کاغەزەکە دەردێنێ و سەیری دەکاتـەوە. دەسـتی دەلـەرزێ. کـتوپڕ باوکـی دێـتە ژوورێ. پەڕەکـەی پـێ ناشـاردرێتەوە. باوکـی دێتە پێشەوە و، دەڵێ: "بیدڕێنە... بێسووتێنە نەکا بێن!" لـە دەرگـا دەدرێ. بـە پەلـە وەرەقەکـە لـە کـونی ئاودەستێ دەخا و، باوکیشی دەچێـتە خوارێ. سەیران لە سەر قادرمەکان رادەوەستێ. سەیر دەکا. کچەکان هێشتا لە خەو هەڵنەستاون.
- حاجـی مەرحـەبا! تـۆ ریـش سـپیی ئـەم گەڕەکـەیت و پیاوێکـی بـە ئـیمان و خواناسـی. ببوورە موزاحیم بووین! چەند پرسیارێکمان هەیە... دەکرێ بیلێین

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هـا؟ خـۆ عاجـز نـابی؟ هـەر لـەو کاتـەدا چـاوی بە سەیران دەکەوێ. سەرنجی رادەکێشێ.

- بـەیانی زوو لـە پەنجەرەکـەی خـۆتانەوە کەسـت نـەدی لـەم کۆڵـانەوە بـڕوا کەسێکی وا کە سەرنجتی راکێشا بێت؟

دیسان لە سەیران دەڕوانێتەوە. سەیران وەڕز دەبێ. مۆن دەبێ. دەیەوێ بڕوا، بەڵام ناکرێ.

- بە خوا کوڕم چت عەرز کەم؟ نەوەڵڵا! کەسم نەدیوە...

پرسیارەکان درێژ دەبنەوە. زۆرتر لە بیانووی مانەوە دەچن.

دواتر بە سوپاسەوە. سەیرێکی دیکەی سەیران و خواحافیز.

چەنـد مانـگ دواتر کۆڵانێک واوەتر دەنگی تەقە هەستابوو و کەسێک بە نێوی سمایـیل کـوژرا بـوو. دواتـر وتـیان دووان بـوونە. ئـەو رۆژە بـۆ چەند سەعات هەمـوو گـەڕەک پـڕ بـوو لـە چەکـدار و زۆر شـوێنیان پـشکنی. تەرمەکـەی سماییلـیان دایـەوە بـە باوکی. باوکی نەیدەزانی چۆن بۆ مزگەوتی ببا. زوو زوو بەدەنگـی نـەوی دەیگـوت: "ئـەم هەتـیوە تـوخمە سـەگە شوێنی پارەکانی پێ نەگوتووم. قڕانم پێ نیـیە چۆنی ببەم؟"

رۆژێکـیان سماییل بە کەمالی گوتبوو: "باوکم وا دەزانێ پارەی لێ دەشارمەوە. خـەلفاوە! نازانـێ هـەر ئەوەیـە کە دەیخۆین" وتووبوویان: " دڵی زۆر باشە، بە خـوا بـرا بـە سەبرە." بەڵام هەر کە بردیانە سەر تەرمەکەی، دوای قەیرێک لێ رامـان بـە سـەر گـۆچانەکەیدا شـۆڕ بووبـووەوە. ئەوەنـدە شـۆڕ، لە گۆچانەکە بچووکتـر. دەسـتی خـستبووە سـەر کـونی نـێو چـاوانی سمایـیل و بـە لـێوە چـرچەکانی دەمـی مـژیبوو. سمایـیل سـڕ بـوو. سـارد سارد. باوکی گوتبووی: "رۆڵە! خەجاڵەتی دایکت بووم، رووسیای قیامەت بووم!"

ئـەو رۆژە سـەیران زۆر ترسـابوو. هەسـتی دەکـرد، ئەو کەسەی دیکە کەماڵە. هەر چی پەڕەکانی دەبینی، بیری ئەو دەکەوتەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مزگەوت قەرەباڵغ بوو. قەرەباڵغییەکی بێدەنگ. نە قورئانیان سەر خست و نە فاتیحە خوێنیان دانا. مەلای مزگەوت نەهات. مجێورەکە نیگەران بوو. لەندکرۆزێرێک دوورا و دووری دەرگای مزگەوتەکە وەستابوو بە وردی دەیانرِوانی‌یە خەڵک. وێنەیان دەگرت. مزگەوت ئەو قەرەباڵغیەی نەما. وتیان دەبێ شەو بنێژرێ. شەو؟ چۆن دەبێ؟ ناشتیان. ناشتنێکی بێدەنگ. تەنیا دەنگی خشەخشی سینگی باوکی سماییل دەهات.

باشە بۆ سماییلی نەدەناسی؟ بێگومان بینی بووی. دەیانگوت چاو رەشێکی ریش تەنک بووە. خوێن شیرین و رۆح سووک. هەر حەزت دەکرد شتی لا بکڕی. بەڵام مەخابن جگە لە تەماتە و سەوزە و یەک دوو جۆر میوە هیچی دیکەی نەبووە!

نەدەهاتەوە بیری. لە مەیدانەکەی خوارەوە بووە. خوار مزگەوتی جامیعە. خوشکە بچووکەکەی گوتی: "ئەها چەند روو خۆش بوو! کچێ ئەها ئەو جارەی ئەو پاکەتە تەماتەی تێ کردبوو تەقیو تەماتەکان بڵاو بوونەوە!" هاتەوە بیری، نیگای بۆ سەیران زۆر میهرەبان بوو. نیگای قسەی تیا بوو. لەو قسانەی کە قەت ناگوترێن.

چی بڵێ؟ چی بکا؟ دەگەڕێتەوە و دەیەوێ ئەحمەد لە ئامێز گرێ. سیمای لە خەودا ئەوەندە پاک و بێگەرد و هێمنە، کە بەرەو دوا دەیگەڕێنێتەوە. بە هەر دوو دەستی دەم و چاوی دادەپۆشێ. شەونم خەریکە لە دایک دەبێ. بارانەکان رادەوەستن و ئاوی مێرگەکان پتر لە رەگەکان دەئاڵێن. شەونم تەنیایە. شەونمەکان تەنیان. بۆن و بەرامەی لە دایک بوونێکی دیکەیان پێوەیە. چ لە دایک بوونێک؟ هەر چی بێت، ئەحمەد ئارام بۆتەوەو، مەمکی خەیاڵی دەمژێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چەند شیرینە! مەمکی دەردەهێنێ و بە لێوی ئەحمەدیەوە دەنێ. لێوی ئەحمەد دەتـوانێ سوکنایی پێ ببەخشێت! لە مەمکەوە ژیان دەتکێ. ئەحمەد لێوێکی بۆ هەڵـدەقرچێنێ و نـوزە نوزێکـی دەکـات. نایخـوات. خـەو خۆشترە. بخەویت، ئەوەنـدە بخەویت کە کاتێ هەستایت هەموو شتێکی ئەو دنیایە گۆڕا بێت. تەها پـیر بووبـێت و لـە گۆشـەی مـاڵ کەوتبـێت و بـۆ لێوانـێک ئاو موحتاج بێت ... ئەحمـەد گەورە بووبێت و دایکی چ بڵێ بۆی بکات. ئەی حەمید! حەمیدیش بە تەسبێحەکەی و لـە کاتـێکدا ملـی بـە لایەکـدا دەخـا، لـە نـێو دوکانەکـەدا هەر چـاوەڕوانی فاتـێ بـێت، بەڵـام خۆ تا ئەو کاتە پیر دەبێ، وەک تەها، بەڵام فاتێ هـەر بـە لاوی ئـەوی دەوێ. نـا نا! نابێ حەمید پیر ببێ. خۆی پیر بێ قەی ناکا، بەڵـام حەمید ئەبەد. حەمید پیر ببێ، خۆیشی پیر دەبێ و خۆشەویستیەکەشیان پیردەبێ.

ژوورەکـە ئەوەنـدە بـێ دەنگـە کـە هەست بە فیکەیەکی بەردەوام و کز دەکا. کەواتـە بێدەنگـی هەر نیيە. ئەگەر هەموو دنیا خامۆش بێت، ئەوسا ئەم دەنگە هەمـوو کـەس دەیبـستێ. ئـەم دەنگـە خـۆی لـە هەموو شوێنێ حەشارداوە، لە پـشت ئەسـتێرەکان... لـە پـشت دەرگاکـان... لـە نـێو باغـەکان... فیکەیەکـی ئەبەدی کە ڕەنگە هی خوا بێت. فیکەی کۆ کردنەوە و ڕێک خستنی کاینات بە مەبەسـتێ. کەواتـە ئەمەیـە پەیامـی ئـەزەلی و ئەبـەدی. هـەر گـوێیـەک ئـەم پەیامەی خوێندەوە، دەبێ بە پەیامبەر. کتێبەکەی و قسەکانی دەمێننەوە و، ڕێ دەکەن. دەمێننەوە بۆ ئەوەی مژدەی نەوەیەکی دیکە و خەونێکی دیکە بدەن.

زرمـەی هـەنگاوی سـەر قادرمـەکان تـەواو بـووە و، دەنگـی هـەنگاوی سـەر موزائـیکەکانی حەوشـە دێ. دەنگـی وێـک کـەوتنی قـوفڵ و تەنەکـە و ئەوسـا دەنگـی دەرگـای دەرێ. دەنگـی سـەر موزائـیکەکان بـەرەو دەرگـای حەوشێ دەکـشێ. قـوفڵ و کلـیل ئاوێـزانی حەڵقەی ژەنگاوی‌ین. فاتێ بە پەلە ڕادەکاتە خـوارێ و بـێ ئـەوەی سـەرنجی دەرگـای حەوشـەکە بـدات، بـەرەو دوکانەکە دەچـێ. حەمـید، ڕەنـگ هەڵـبزرکاو، نـە تەسـبێحەکەی پێـیە و نەگـەردنی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەشـكێنێتەوە. بە پەلە پارەكە دەردێنێ و بە هێواشی پێی دەڵێ: "دەنگە دەنگ مەكـە!" حەمیدیش دەڵێ: "باشتر نەبوو وەک كڕیارێک هەر لە سەرەتاوە منت بناسـاندایە؟" فاتـێ دەڵـێ: "خـۆت داشـارە!... ئێـستا نا... كە چووینە سەرێ!" دووكانەكـە دادەخـا و بـەرەو دەرگـایحەوشـە دەچـێ. تەها دەرگاكە دادەخاو دەڵێ:

- سـەگباب. حاڵـی نابـێ! دەڵـێم خـراپ بـووە، هـەر دەڵێ باوكم وتوویەتی بە پەلـەین و پێویـستمانە. سـەگبابی دەس رەش... زەرەری لـێداوم و بـە تەمایـە زیاترم زەرەر لێ بدا...

- ئەوەتا پارەكەم بۆ هێنایت... هەمووی هەر ئەوەندەیە... بیگرە!

پارەكـە بە شێواوی لە مشتیدایە و لە نێوان پەنجەكانیەوە بە شیپڕێوی سەریان دەرهێـناوە. توورەكەیەكـی بچووكیش پڕە لە وردە. دەستی دەلەرزێ. تەها لە دەسـتیەوە بـۆ نـێو چاوانی دەروانێ، لەوێوە بۆ گەردن و سینەی. نزیک قوڵایی گـەردنی، پەڵـەیەكی سوورە. "خۆ بۆ خۆی نەیگەستووە. سەرەتا ئا، بەڵام ئێستا نا". "هەڵبەت ئەو قەت منی نەگەست" پڕ بەمشتی قژی دەگرێ. دەنەڕێنێ:

- خەیانەتم پێ دەكەی قەحبەی سەڵیتە!

تـا هێزی تیایە شەقێكی تێهەڵدەداو لەپەوروو دەیخا. دیسان قژی دەگرێتەوە و بـەرە و قادرمەكان رایدەكێشێ. رایدەكێشێ و دەنەڕێنێ و جوێن دەدا. شین و سـوور هەڵـگەڕاوە. قـەراغ لـێوەكانی دوو پەڵەی سپییە. وەک چۆڕی شیر. فاتـێ لـە تاو ژانی سەری، ئازاری شەقەكەی لە بیر چووەتەوە. شەقەكە رەقایی رانی گـرت. ئەحمـەد لـە خـەو رادەچـڵەكێ و دەگـری. فاتـێ نـە دەگری و نە دەلووریێنێ. تا بۆی بكرێ لە گەڵ تەها دەروا، بەڵام قاچێكی لە گەڵی نایە. ژانی تەوقـی سەری بڕستی لێ بڕیوە و ناهێڵێ رێ بكا. لە بیریەتی هێشتا زۆر منداڵ بـوو كە باوكی بە شووڵە تەڕێ تا توانی لێی دا. گوناحی ئەوە بوو كە لە حەوشێ وەک جـاران میزی كردبوو. ماڵە دراوسێیەكیش بە سەر حەوشەكەدا دەیروانی و فاتـێش ئیتـر وەک جـاران مـنداڵ نەبـوو. لـە تاو ژان لە باوكی ئاڵا بوو. بەڵام

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

باوکـی پەکـی نەدەکـەوت. ڕۆحـی نەدەبـزوت. بە سەریا دەچەمایەوە. لە گەڵ لێدانی هەر شووڵێک نرکەیەکی لێوەدەهات. فاتێ چەند ڕۆژ لە جێگادا کەوت. دایکـی لـە هـەر کاتێکـی دیکـە زیاتـر گـریا. کـەماڵ، حەفـتەیەک دەرسـی بـۆ نەخوێـندرا، هـەر بـۆیە مامۆسـتا لێـیدابـوو. فاتێ قاچی لە سەر قادرمەکان گیر نەدەبـوو. دەخـزا و دیسان هەڵدەزنایەوە. سەری گڕی تێ بەر بووبوو. پێستی سەری دەسووتا و دەسووتا، سووتانێکی بێ کۆتایی. ناو سەری زۆپایەک بوو کە لـە دوو کـونی چـاوییـەوە گـڕە سـوورەکان دیـار بوون. چ سوورێکی بە سام! سوور وەک ژانێکی ڕووت.

"بابـە لێم مەدە! تکایە... بابە گوم خوارد! ئیتر قەت لە حەوشە میزناکەم... بابە ... بابەگیان!"

دوو ڕۆژ دواتـر باوکـی چووبووە سەر جێگای فاتێ. دواتر چووبووە ژوورەکەی خۆیوگریابوو. تەنیا دایکیان پێی زانی.

گوێـی لە دەنگی ئەحمەد بوو. "ئێستا حەتم شین هەڵگەڕاوە، گەشکە نەیگرێ! ... ئەحمەد گیان با باوکت بەرمدا دێمە لات!"

دیـسان دەنگی ئەحمەد ون دەبووەوە. دەنگی ئەحمەد زەنگۆڵەی بەرخۆلە بوو لـە نێو بۆڕە بۆڕی گاگەلدا. دەبیسترا و نەدەبیسترا. بەڵام فاتێ دەنگی دەبینی. دەنگی پەڵەیەکی ئاسمان بوو لە ئاسمانی هەوریدا.

"ئێستا دێم ڕۆڵە! ئێستا دێم ... بمبوورە... خەجاڵەتت خۆم!"

کـە منداڵ بوو، کاتێک کایەی بووکێنێ دەکرد، زیاتر لە هاوەڵەکانی بووکەکەی دەدوانـد. قـسە و قـسە و قسە. بووکەکەی دەبووایە هاروهاجی نەکا، دەست لە سـەماوەر و پیاڵە نەدا، ئاو نەڕژێنێ، دەبوایە ماڵەکەی خاوێن بکردایەوە، ئەگەر بەقـسەشی نەکـردایە قـەت لێـی نـەدەدا، بەڵـام زۆری لـێ تـووڕە دەبـوو. لـە تووڕەیشدا زۆری لە گەڵ دەدوا. تا بووکەکەی نەگریایە، ئاشتی نەدەکردەوە. ئەگـەر دەسـت یـان لاقێکـی بووکەکەی دەربهاتایە، بە هەڵەداوان دەچووە لای دایکـی و بـە گریانەوە داوای چاک کردنەوەی دەکرد. جارێکیان دەستی خۆی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لـە جـێ چـوو، ئیتـر زیاتر لە جاران بووکەکەی بە خۆیەوە دەگوشی و بەڵێنیدا کە قەت نەهێڵێ دەستی دەربێت!
گەیـشتنە ئـەو ژوورەی ئەحمـەدی لـێ بـوو. لـەوێ زایەڵـەی گـریانی ئەحمەد روونتـر بـوو. فاتێ چەند جار خۆی راپسکاند، بۆ ئەوەی بگاتە ئەحمەد. هەستی دەکرد چاوی باش نابینێ. چاوەکانی دوو پۆڵوە ئاگر بوون. ئاگر دەبینێ؟ ئاگر نابیـنێ. ئاگر رێگا روون دەکاتەوە. ئاگر بەشێکە لە بینین. ئاگر لەمپەری بینین دەسـووتێنێ. ئەوانـە کـە بـۆ پـشکنین و ناسـینی غـار و ئەشـکەوتەکان دەچن، مەشغەڵیان پێیە، ئەوانەی بۆ دۆزینەوەی ون بووەکانیان دەشتەکان دەگەڕێن، مەشغەڵـیان پـێیـە. بـۆ هـەر شـوێنێک دەچـی ئاگر لە بیر مەکە! یان دەبێ بە دەسـتتەوە بێ، یان دەبێ لە دەروونتا بێ! بەڵام بۆ ئەو شوێنانەی کە رووناکن و دەیانناسـی، ئاگر مەبە! ئاگر بارت قورس دەکاو خۆت دەسوتێنێ! ئاگر حەز لە شوێنە روونا‌کەکان ناکا. ئاگر لە شوێنە تاریکەکاندا ئاگرە.
ئەحمـەد پێویـستی بـەو پۆڵـوانە هەیـە. ئـەوە نیـیـە بـۆیان دەگـری! ئەحمـەد پێویستی بەو ئاگرە هەیە کە گەرمی دەکاتەوە و شیری دەداتێ.
تـەها قـژکێـشی ژوورەکـەی دیکـەی دەکا. دەرگای بۆفییەکە دەکاتەوە و، بە شـەقێک لـە گرێـژنەی دەبـاو، دەیـشکێنێ. چواردە خۆرەکە دەردێنێ. دیسان بـەرەو حەوشـە فاتـێ دەباتـەوە. هـەر لـە سەر یەکەم قادرمەوە بەشەق گلۆری دەکاتەوە.
حەمـید گوێـی لە هەموو شتێک بوو. ماوەیەک راوەستا. ئەوسا کە دەنگی تەها دوور کەوتـەوە، بـە شـەق کەوتـە گـیانی دەرگای دوکانەکە. چار نەبوو. لە هەر حاڵـدا دەرەوە لـەو دووکانـە تاریکە کە تەنیا لە چەند شوێنی بچووکی شیپانەی دەرگاکـەوە رووناکـی دەهاتـە ژورێ، باشـتر بـوو. لـە ژاوە ژاودا چـاوت ببینێ باشـترە. لـەو پەڕی مەترسیدا بە، بەڵام لە فەزای ئازاددا بە. فەزای ئازاد ورەت وەبـەر دەنـێ. ئـازات دەکـا. تـا چـاو بـڕ دەکا دەتوانێ هی تۆ بێ. هی تۆ بێ بۆ ئـەوەی بـە کەیفـی خـۆت هەنگاوی تێ بهاوی. جا چ بەرەو دوا چ بەرەو پێش.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

فـەزای کـراوە مەترسـی بچـووک دەکاتـەوە. مەترسـی ناتوانێ هەموو دنیا بێ، مەترسی بەشێکە لە دنیا.
دەرگا دەشکێ. ئاڵقەڕێزەکە خۆ ڕادەگرێ ، بەڵام تەنەکەکە هەڵکەندراوە. ئەم لەقـە نـا ئەوی دیکە دەرگا لەت و پەت کراوەکە دەر دەپەڕێنێ. دێتە دەرەوە. چاوەکـانی سـەربانی زیادیـان کردووە. چاوەکانی ئیستا درشتترن لە چاوەکانی نـیو سـەعات لـەوە پـێش. فریای فاتێ بکەوێ یان فریای خۆی؟ هەموو شتێک ئاشـکرا بـووە. ئـەم لـەم بـەر جامخانـە و تـەها لـەو بـەر جامخانـە روو بـە ڕوو دەبنەوە. فاتێ لە نێو قەدی قادرمەکان دەناڵێنێ. ئەوەندەشپرزەو قژ ئا لۆزکاو و دەم و لـوت خـوێناوی. دەنگی ئەحمەد بەگوڕترە، ئەوەندە بەگوڕ کە حەمید نەفـرەت لـە خۆی دەکا. تەها جەستەی کراوەتەوە و ڕۆحی گوشراوە. چواردە خـۆرەکە هەڵـدەبڕێ، ڕێـک لـە سـەر نـاو چـاوانی. دەنگـی شـتێک دێـت. تەسـبێحەکەی حەمـیدە لـە دەسـتی کەوتۆتە خوارێ. حەمید پێی سەیرە. باشە کـەی تەسبێحەکەی لە گیرفانی دەرهێناوە؟ تەها، سەیرێکی تەسبێحەکە دەکا. سـوورێکی دەنک وردی درێژ. تەها دەستی بە دەمانچەکەوە دەلەرزێ. ڕامان، رامـان و رامـان. ئـەم دەمانچەیـە قـەرار وابوو ڕوو بە ڕووی سماییل و کەماڵ و ئـەوانی دیکـە بێـتەوە. لـەو پەڕی رقەوە، تەها تەواو داهێزرا. خوێن بڵێی چۆن بـێ؟ ئینـسان بـڵێی چـۆن بکـوژرێ؟ چۆن دەمرێ؟ ڕۆح ترسناکە. جا وەرە لە جەستە بێتە دەرێ و لەم حەوشەوە بەرەو ئاسمان بەرز بێتەوە.
فاتێ چاوی لێیە. دەیەوێ شتێک بڵێ یان شتێک بکا. گلۆر دەبێتەوەو گوللە لە چواردە خۆرەکە دەردەچێ.

لـە بیرتـە حەمید، زوو زوو لە ماڵ دەر دەچووی! لە هەموو شتێک وەڕز بووی. پاشەبەرەی ماڵ بوویت. باوکت بە سەر دایکتا دەینەڕاند، دایکت بە سەر باوکتا دەیـنەڕاند، بـراکانت بـە سـەر یەکتردا و بە سەر دایک و باوکتدا دەیاننەڕاند، بـاوک و دایکیـشت بـە سـەر ئەوانـدا. باوکـت کـە زۆر رقـی هەڵدەسـتا یان کە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نەیدەتـوانی بـە قازانجـی خـۆی شـەڕەکان لـە گەڵ دایکت بە ئەنجام بگەیەنێ، دەچـوو دەیخـواردەوە. دەیخـواردەوە و شەو درەنگان دەهاتەوە و کەلەلا بۆی دەکـەوت. دایکیـشت کـە نـەیدەتـوانی بە تەواوی خۆی بە سەر باوکتدا خاڵی بکاتـەوە، لـە گـەڵ دراوسـێکان دەیکردە شەڕ. سەری لە پەنجەرەکە دەهێنایە دەرەوە و تـا دەیـتوانی جنـێوی دەدا. باوکـت بـەرە بەرە وەڕز بوو، ئیتر وازی هێـنا. ئیتـر چاوەکـانی زیاتـر لـە جـاران خـۆمار بوون. بێدەنگ هەموو شتێکی تەحەموول کرد. ئەگەر زۆر زۆر رقی هەڵستایە، دەنگی هەڵدەبری، بەڵام خێرا وە کۆکە دەکەوت، ئەوسا ئیتر قسەکانی دایکت لە کۆکەکانیدا ون دەبوون. لە بیرتـە حەمـید! هـا؟ هەمیـشە لـێدراو و چـاو بـە فرمێـسک لـە گۆشـەی ماڵـدا دەکــەوتی. فرمێسکەکانیــشت لــە ئامێــزی شیتەشــیتەکانی دایکــتدا وشــک دەکـردەوە. جارێکـیان چووبـوویت لە دووکانێک شت بکڕیت، پیاو و ژنێک لە گەڵ منداڵەکەیان لەوێ بوون. منداڵەکەیان لە سەر هیچ شتێک ساغ نەدەبۆوە. گـڕوی دەگرت. لای خۆت دەتگوت ئێستا نا ئێستا لێی دەدەن. لێیان نەدا. کە هـاتیـەوە وردتـر لە دایکت روانی. ویستت پرسیار بکەیت. پرسیار لە یەکەم هەڵـادا بـزر بـوو. لـە بیرتـە! جـوان لـە بیرتـە، چونکە ژیانت خەریکە دەبێ بە بـیرەوەری، بیرەوەرییەکی تۆخ. بیرەوەرییەک کە لە خاڵێکدا رادەوەستێ. ئـەوەتا، خاڵــەکە ئێــستایە. ئێــستا دوا لاپــەڕە هەڵــدەدرێتەوە و بــە شــوێنیدا بەرگەکـەی دادەدرێـتەوە. دادەدرێـتەوە بـۆ ئەوەی بیرەوەرییەکی دیکە بێتە جـێی. دایکـت سـپی و قەڵـەوو قـژلول، ئەگـەر لـە وڵـاتێکی خـوا پێداو بووایە بـێگومان دەبـوو بـە سـەرکردەیەکی لـێهاتوو، لەو سەرکردانەی کە تەنیا بیر لە بەرێوە بردن و راپەڕاندنی بڕیارەکانی خۆیان دەکەنەوە.

"- بۆ سەرکردەی دیکەو لە بابەتی دیکە، جگە لەمەی باسی دەکەی هەیە؟

- پیت وایە نییە؟

- سـەرکردە بـۆیە سـەرکردەیە، چونکە لە سەرەتاوە بە قسەی خۆی کردوە و شوێن قسەی خۆی کەوتووە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- سـەرکردەش هەیـە بـۆیە سـەرکردەیە، چـوونکە تەنـیا خـاوەن قـسەی سەرکردەکەی پێشووە... سـەرکردە لـە ژێـرەوە بـە وردی گـوێ لـە هەموو قسەکان دەگـرێ و هەر لەو قسانە شتێک بۆ خۆی ساغ دەکاتەوە، بەڵام دواتر بـە ئاشـکرا دەسـت دەکا بە قسە وتن و گاڵتە پێ کردن بە خاوەن قسەکان و ، تـەنانـەت لە نێو بردنیشیان. سەرکردە یان قسەی دەوێ یان خاوەنقسە، قەت هەردووکیانی پێکەوە ناوێ!"

باوکـت باریکەلەیـەو رەشتاڵـەیەکی شـێواو، سـەر ڕووتـاو و نەختێک کۆم. ژێر چـاوانی گرێـی کـردووە و، هەمیشە چەند پاکەت جگەرە لە گرفانێتی. ئەویش ئەگـەر لـە بنەماڵـەیەکی نـاوداری سیاسـی بـژیایە، دەبـوو بەو سەرکردانەی کە هەمیـشە لـە هەڵبژاردنەکاندا دەیدۆڕێنن. ئەو سەرکردانەی کە هەمیشە پێیان وایـە ئـەم جـارە نـا ئـەو جـارەی دیکـە دەیـبەنەوە، بەڵـام لـە راسـتیدا تەنـیا سـەرکەوتنی رەقیـبەکەیان دەرازێنـنەوە. سـەرئەنجام رۆژێـک تـێدەگەن سەرکەوتنێک لە گۆڕێدا نییە و، ژیان تەنیا خۆ ماندووکردن بووە و بەس. ئیتر مـل دەدەنـە قـەدەر و بـە کاوێژ کردنەوەی رابوردوو لە دەروونیاندا دڵ خۆش دەکەن. "قەی چ دەکا! با سەرکەوتنێک لە گۆڕێدا نەبێ. ئەی ئەوە نییە هەموو دەمـرین، دۆڕا و دەمـرێ... بـراوە دەمرێ ... گرنگ ئەوەیە مەودایەک هەبێ بـۆ خـۆ پیـشاندان. گـوێ نەدەیتێ... دایکی منداڵان دەمرێ و منیش دەمرم... رۆح لـە جـیهانی ئەفسانەییدا نـوقم دەبـێ... مرۆڤ خۆرەکان دێن دەیبەن... سەرکردە لەوێ تەنیاترە لە هەموو کاتێکی دیکەی... ئێمە باشترین، لەوێ لێرە تەنیاتـر نـابین، هەر ئەوە دەبین کە هەین... حەمید رۆڵە جگەرەم لێ بڕاوە بە سەید بڵێ دوو پاکەتم بۆ بنێرێ، دوایی پارەکەی دەدەمێ..."

بـراکانت رەشتاڵـە و کەڵـەگەت و لـوت پـانن. نارِوانـنە هـیچ شتێک، بەڵام کە روانیـیان، نـیگایان لـە سـەری چـەق دەبەسـتێ، وەک بـیانەوێ راوی کـەن. شـەڕانین. دووکـانی چاکـردنەوە و بـە کرێدانی پاسکیل و ماتۆڕیان هەیە. دەم شـڕ و دەنـگ زلـن. منداڵ و گەنجی ئەو شارەیان تێ دەوروکێ. پێت وایە زۆر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەوڵەمەندن، بەڵام دەوڵەمەند نین. دووکانەکەیان باش دەگەڕێ. کەس نازانێ ئـەو هەمـوو پارەیـە چ لـێدەکەن. جارێکـیان لـە بـەر دووکـان بـوو بـە شەڕێکی گەورە. چەند کەس تەپیان دایە سەرهەردووکیان و هەرایەک ساز بوو ئـەو سـەری دیـار نـەبێ. هەمـوو بـریندار و کەلەلا. دووکان زەرەری زۆری لێ کـەوت. کـار کێشرایە شارەبانی. بە هاتوو چۆیەکی زۆر و دانی بەرتیل و وەنێو کـەوتنی پـیاو ماقوڵـان، کێـشەکە دوایـی هـات. دوایـی زانیت لە سەر منداڵێک بـووە. منداڵـەکە تەقەڵـی خواردبـوو. باوکـت نەچوو بە لای کێشەکەدا. دایکت شـەڕێکی گـەورەی پـێ فرۆشـت. باوکـت حەزی دەکرد پێی پێبکەنێ، بەڵام تا دەهـات مۆنتـر دەبـوو. دایکـت لـە بەردەمـی شارەبانیـشدا کـردیە هەڵـایەکی گـــەورە. چارشـــێوی لـــێک گـــرێدرابوو، داوای ئـــازاد کـــردنی پاڵـــەوانە جگـەرگۆشـەکانی دەکـرد. براکانیـشت ئەگـەر لە وڵاتێکی خوا پێداودا ژیابان، دەبـوون بـە پاڵـەوانی وەرزش. لـەو پاڵەوانانەی کە لە سەر شاشەی تەلەفزیۆن ئەوەندە قورس دەڕواننە کامێرا، دەڵێیوتووێژکەرەکەیان لە بیرکردووە.

تۆ لە هەموو ئەمانە وەڕس بوویت.

مـنداڵ بـوویت، ڕۆژێـک بـراگەورەکـەت هـات، پـێش خـۆی دایـت و بردتیە دووکـان. پێی گوتی: "ئەم هاوینە لێرەی، کار دەکەی، تێگەیشتی!" تێگەیشتی. دووکانەکە لە پشتەوە عەمارێکی هەبوو، پڕ بوو لە لەت و پەتی ماتۆڕ و پاسکیل و هەنـدێک کـەل و پەلی دیکە. شوێنێکی بچووکی بە دیوارێکی تاک خشتی لێ بڕ درابوو، لەجیاتی دەرگا پەردەیەکی پێوە بوو. کاتێک یەکێک لە براکانت یان هەردووکـیان لـە گـەڵ مـشتەرییەک دەچوونە عەمارەکە بە تۆیان دەگوت کە ئاگـات لـە دووکانەکـە بـێ. ئەگـەر شـتێک بدزرایـە، شـار بـەدەر دەکـرایت! نیوەرۆیەکـی گەرمـی هاویـنە. تەنـیا بـراگەورەکـەت لە دووکان بوو. منداڵێکی تەمـەن هەشـت نـۆ ساڵان هات. دەستی برد بۆ گیرفانی پێنج قڕانی دەرهێنا و گـوتی: "پاسـکیلم بـە کرێ بدەرێ!" جووتێک کاڵەی قایش و سەرێکی چڵکنی هەبـوو. پاسـکیلەکەی برد و هاتەوە. دە دەقەیەکی پێچوو. کە هاتەوە ئاوێنەکە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

و دوو تـەلی تەگـەرەکانی شکاندبوو. هەست بە تاوانێکی گەورە کردن، چاوانی پێ چکۆلە کردبوون. شانی داهێزرا بوون. پانتۆڵەکەی تەپ و تۆزاوی و دڕاو و ئەنیشکـشی بـریندار بـوو بـوو. کاکت نەڕاندی. مشتەری یەکە ئەوەندەی دیکە کـز بـوو. چـاوی فرمێـسکی تێـزا. کاکـت ئاوڕێکـی لـێ دایـتەوە و بـۆ ماڵەوەی ناردیـەوە. وتی بـڕۆ بـزانە ناسـر بـۆ نەهاتـۆتەوە. چوویت و هاتیتەوە. دووکان چـۆڵ بوو. کاکت لە چایخانەکەی ئەو بەریش نەبوو سەرت کێشایە عەمبارەکە. دەنگـێک هات، دەنگی گریانو هەنسکە هەنسک. ترسایت. ترسێکی زۆر "دز نـەبێ!" ویـستت هـاوار کـەی، بەڵـام شـتێک بـەر بینگی گرتی. "دز و گریان؟" دیـسان سـەرت کێـشایەوە ژوورەوە. بـێ سـرتە و چـپە ئارام ئارام لە بەشە بڕ دراوەکـە چوویـتە پێشەوە. گریان و هەنسکە هەنسک زوڵاڵتر دەبوون. قاچت لـە شـتێک گـیرا. دەنـگ. بەڵـام دەنگـی پـشت پەردەکـە نەبـڕا. نـزیک‌تـر کەوتیـتەوە. لـە درزی نـێوان پەردەکـە و دیـوارەکەوە روانـیت. دەنگی گریان بەرزتـر بۆوە و کاکت بە دەست دەمی گرت. تەختەی ژێر پێی منداڵەکە زیاتر جـیڕە جیڕی پێکەوت. سمت و پشت رانی کاکت چەند رەش و تووکن بوون! ئـارەق نیـشتە نـێو چاوانـت. هەستت دەکرد ئێستا نا ئێستا دەخنکێی. ترسێکی گـەورە، گەورەتـر لـە دڵـت داگـیری کـردی. هەڵـاتی. هەڵـاتی و هەڵـاتی. بـا فرمێـسکەکانتی دەبـرد و نەتـدەزانی لـە کـوێ هەڵیان دەوەرێنێ. گەیشتیتەوە ماڵـەوە. خـۆت بـە ژێـرخانەکـەدا کرد. گریان. شەو کاکت هاتەوە و زللەیەکی وەهـای لـێدای کـە چـرکەیەک لـە بـن ملـتەوە هـات. لەو رۆژەوە گرێی ملت دەتەقێنی.

تـۆ لـە هەمـوو ئەمانە وەڕس بووی، بەڵام لە مل شکانەوەت نا. دەروونتی ئارام دەکـردەوە، بەڵام ئارام بەخشتر لەوە هی چەند ساڵ دواتر بوو. ئەو رۆژەی کە لـەو کۆڵانە تێپەڕیت و چاوانی فاتێت لە پشت پەنجەرەکەیانەوە بینی بوو. فاتێ مەندتری کردی. باڵات کێشابوو، لە براکانت دەکرد. باڵات بە قەد باڵای ئەوان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

و سمێـڵت وەک ئەوان ڕەشی قەترانی. خەڵک خۆشیان دەویستی. لە براکانت دەچووی، کەچی وەک ئەوان نەبووی.

- بەخوا ئەمەیان فەرقی زۆرە.

- گیا لە سەر بنجی خۆی شین دەبێتەوە.

- تایفـەی ئەحـە ڕەش و پـیاوچاکـی! جـوان لێـیان ورد بـنەوە، دەڵێی سێوێکە کراوە بە سێ لەتەوە.

باڵـای ئەوانیـشت بـڕی. مەنـدیت بـراکانتی هـێور دەکـردەوە. کـە سـەیریان دەکردی هەندێک سەریان بۆ هەڵدەبڕی. ئیتر گوڕەگوڕی جاران نەما.

فاتـێ چـاوانی مەند بوو. تۆش جیهانێکی مەندت دەویست، بۆ ئەوەی پەنای بۆ بـبەی. هەمـوو کـەس پەنایەکی دەوێ. یەک، تاکە کەسێکی بێ ناو و نیشانی بۆ پـەنا بەسـە، یەکـی‌تـر لـە دەزگایەک دەگەڕێ. یەک لە دەروونی خۆیدا پەناکە دەبینێـتەوە و یـەک لە ون کردنی خۆیدا. پەنا، لانی کەم بۆ ماوەیەکیش بێت لە تەنیایـی خـۆت دەربـازت دەکـا. بەڵـام ئەگـەر پەناکـەت بـڕا، تەنیایـی‌یەکـەت کوشەندەتر دەبێ. دەڵێن، پەنای خۆت لە خۆتا بدۆزەوە، چونکە قەت خۆت لە خـۆت ناکـرێ. پـەنا دەرەکان، پەنان، بەڵام نەک هەمیشە. تۆ دەبێ بیانکەی بە بەشـێک لـە دەروونت. وا کە ئەگەر ڕمان، ئەوەی کە بەر تۆ کەوتووە نەڕمێ... یان هێواشتر برمێ. ڕمانی هێواش، مرۆی لە ژێر دەرباز دەبێ.

خۆشەویـستی لـە دەروونـدایـە. گەشــە دەکـا و پـەل بـۆ دەرەوە دەهـاوێ. خۆشەویـستی دەسـکەوتێکی دەوێ. تـا سەر، لە گەڵ خەیاڵاتی خۆی هەڵ ناکا. ئەگەر وابێ یان شێت دەبێ یان واز دێنێ.

هەردووکـیان مەندتر بوون لەوەی بتوانن لە گەڵ یەکتر بدوێن. نەدوان و تەها لـە گـەڵ مامـی دوا. چارەنـووس گۆڕا. حەمید چوو بۆ سەربازی. ساڵ و نیوێک سـەربازی، پێـی لـە بـیر نەکرد. ساڵ و نیوێکی ڕەبەق نەهاتەوە. خۆی نەگرت هەڵات.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گولله کاتێک کاسه سەر دەبڕێ دەنگێکی وەک "غرژ" ی لێوە دێ. وەک بڵێی تـۆزێک ددانی بـۆ جیرِ دەکاتەوە. لە بیریەتی کاتێک دایکی رقی هەڵدەستا، بە کـوڕەکانی دەگـوت: "حەک رۆڵە سینگتان بە گوللەی گەرمەوە بێ!". "گوللەی گـەرم داخـۆ چـۆن بـێ؟" ئـەم پرسیارە مایەوە تاکو ئەو رۆژەی لە کۆڵانەکە لە پـشت دۆشـکەکەوە تەقـەی لـە هەلیکۆپـتەرەکە کـرد. ئـەو رۆژە کاسە سەری هەڵـگیراوی ئـەو ژنەی بینیکە لە نێو کۆڵانەکە دەوریان دابوو. هەر ئەو رۆژە، نیگای لە نیگای کەمالیش چەقیبوو.

بـە پـشتدا دەکـەوێ. "چاوەکانـت، تـەها چەند خائینن!" ئەو رۆژە نە ئەم وازی دەهێـنا و نـە هەلیکۆپـتەرەکەش. لـە نـێو تەپوتۆزا نوقم دەبوو. خۆڵی دەجوو، بەڵـام دۆشـکەکە تەپـوتۆزەکەشـی گڕ دەدا. "نەفرەتت لێ بێ تەها، چاوانت لە چاوانی کاکم دەکەن!"

چـاوانی مەندی فاتێ نیگای تەها قوت دەدەن. ونی دەکەن. رادەبێ. دێتە سەر تەرمـی حەمـید. لـێوی خـۆی دەگـەزێ. پەنجـە دەخاتـە سـەر لێوی. "وس بە! مەدوێ! تا ئەو گوللەیە لەوێیە، نابێ بدوێی!"

- بـڵێی ژیـان بێتەوە. بێتەوە و لە سەر بارە چیلکەی حەوشەکەمان هەڵنیشێ و دیسان سەیرم کاتەوە؟

- ئەی بۆ نا؟ دێتەوە، لە بەر منیش بێ دێتەوە.

- فاتـێ! من زۆر رقم لە ژیان بوو. ئەو رۆژەی ژنە کوژراوەکەی ناو کۆڵانەکەم بـینی، دواتـر کـە چـاوانی تـۆم بـینی زیاتـر رقم لە ژیان بۆوە. حەزم دەکرد لە یەکـەم ئامێزی هاو بەشماندا پێکەوە بمردینایە... ژیان پڕە لە کارەساتی مردن و سـوکایەتی... نـا، نابـێ بێـتەوە! مـن تاقـەتی بینـینی تۆم نییە کاتێک لە سەر پێپلیکانەکان کەوتوویت.

- ئەی من... ئەی لە بەر من...؟

- لـە بەر تۆ حەز دەکەم بمرم، لە بەر دایکم، لە بەر کاکم لە بەر تەها و، منداڵی نێو عەمارەی پشت دووکانەکە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تـەها بـە دەسـتەکەی دیکەی مەچەکی خۆی دەگرێ و پڕ بە خۆی دەنەرێنێ و هـاوار دەکـا. ئـاوڕ دەداتـەوە سـەر فاتـێ. "چاوانی حەمید چەند مەند و قورس بوون!... لە مەرگ نەترسان" حەمید لاقێکی هەندێک هەڵ کێشابوو.
ویـستی فاتـێ بکوژێ. پەشیمان بۆوە. چووە سەری، چەند قۆناغە دەمانچەی بە تـوندی تـێسـرەواند. فاتـێ چەند دەنگێکی ئاوساوی لە قوڕگی بچووکی هاتنە دەرەوە. تـەها کـشایەوە. بـە نێو حەوشەدا سوڕی خوارد و نەڕاندی. چاوەکانی سـەربانی دیـسان هەڵاتن. چووەوە سەر فاتێ و قژی گرت و رایکێشا. نەڕاندن ... جوێـندان ... هـاوار کـردن ... هەڕەشـە کردن. تەق ... تەق ... تەق. فاتێ جەستەی هەڵ دەبەزییەوە. هێزێک دەیویست بەرزی بکاتەوە و نەیدەتوانی. تـەق ... تـەق ... تـەق. چاوەڕواوەکانی سەر گوێسوانەکان هەڵوەرین. دەنگی ئەحمـەد نـەدەهات. ڕووبـاریگـریان قـرتابوو. بۆ؟ ڕووباری گریان ئەگەر زۆر قوڵ بێت، رۆحە ساواکان دەخنکێنێ. نەخنکابێ؟
تـەها یـەک دوو سووڕی ناو حەوشەکەی دایەوە. لە تەرمەکانی ڕوانی. تەق ... تـەق. تەنەکـەی درگاکـەی دووکـان دوو کـونی تێ بوو... نەڕاندی: "بەو دایک قەحـبانەم وت با دووکانەکەم هەڵگرم... من ژنەکەم گەنجە... نەیان هێشت... گەوادانە نەیان هێشت... وتیان با کەس شک هەڵنەگرێ."
دەرگای حەوشە بەر شەق درا.

بێدەنگـی و چـپە لـە زامـەکان دەئاڵـێن. بـۆنی سپرتۆ، ئەسپرین، پەرمەنگەنات وئەمپیـسیلین و... کەپـۆی هەڵـدەخرێنن. شەبەحە بێدەنگەکان دێن و دەچن. مێـرووولەکان لــە سـەر جەسـتەی خەریکـی پاشەکـشێن. چەنـد گەرمایـەتی! "پەنجـەرەکان بکەنەوە... با دەرگاکان ئاوەڵابن... جەستەیەک گڕی گرتووە و دەیەوێ خۆی بە کوانووی نێوماڵەکان ببەخشێ!"

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چەنــد لــەم بێدەنگــی و ســرتە ســرتەیە وەڕزە! جارجــارە دەنگــی تەقــەی وێککــەوتنی دوو یــان چەنــد شــت. حــەز دەکات سێبەرەکان هاوار بکەن. حەز دەکـا پــڕ بــە ســی‌یــەکانی هــاوار بکا. هاوارێکی وەها کە بە هەموو برینەکانی‌دا بگــەڕێ و کــێم و زۆنگــەکان دەرپەڕێــنێ. ئــەو نابــێ ئــاوا کەلــەلا بێ. ئەو دەبێ هەستێتەوە. چست و چالاک، تا بتوانێ دەرچێ و لە کەلاوەی قوتابخانەکە خۆی داشــارێ. خــۆ شــاردنەوەیەکی وەهــا کــە تەنــیا سمایــیل بــە جــێگاکەی بــزانێ. "سماییل ئاوم بەرێ، ئاو، بەقەد دوا بەیانیی تۆ تینووم!" سماییل دیار نی‌یە. ئەمە یەکـەم جارە پشتی تێ بکات و وەڵامی نەداتەوە. هەست دەکا جەستەی گەورە گــەورە دەبێــتەوە، بــە قــەد دنــیا. دواتر دەنیشێتەوە، بە قەد نوکە دەرزی‌یەک. چەند لە جەستەی خۆی وەڕزە!

"جەستە! یارمەتیم بدە هەستم، حەزم بە پیاسەیە، پیاسەی ئێواران، ئێوارەی کۆڵــان" دەیــەوێ، بەڵــام ناتــوانێ. قــاچ و دەســتەکان، تەنــیا جــار جــارە سووکە تەکانێکیان تێ دەکەوێ.

ســیرۆمەکە ســەرەتایەتی. شــتێکی تەڕ دەم و چاو و لێوەکانی فێنک دەکاتەوە. چەنــد خۆشــە! ســەرمایەتی، سەرما. "پەنجەرەکان بکەنەوە، با دەرگاکان ئاوەڵا بــن، هــەر چــی تیــشکی رۆژ و کوانــووی نێو ماڵەکانە بانگ کەن، مرۆڤێک لێرە سەرمایەتی!" هەڵ دەلەرزێ.

"سمایــیل! کــە دایکــم مەیتی فاتێی بینی، هەڵلەرزی. هەڵلەرزی و بورایەوە. تۆ فاتــێت نەبــینی بــوو... ئــا... ئــا... بینی بووت. تۆ ئەو کاتەی بینی بووت، کە لە ماڵــەوە هێــشتا کچێکــی نــێو ژوورەکــەی پــشتەوە بــوو. تــۆ دواتریت نەبینی... باشتر، باشتر نەتبینی! فاتێ... کوشتیان. لە نسێیەکەوە بۆ نسێیەکی دیکە و، ئەو کــات ئیتــر هەڵــوەری. دایکــم هەڵدەستا... دەگریا... دەبوورایەوە. دواتر فێر بــوو کــە ئیتــر هەمیــشە لــە بێدەنگی‌دا و بە بێ دەنگی فرمێسک بڕێژێ. دایکم زوو قژی ماش و برنجی کرد، رەش داگیرساو چرچ نیشتە لا چاوانی، نەخۆشی دڵــی گــرت و شــەوانە لــە خەو ڕادەچڵەکا. سماییل! ئێستا نازانم بۆ من چی لێ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەسـەر هاتـووە؟ فاتێ لە من زیاتر بۆت گریا... فاتێ هەموو شتێکی پێ وتم... تـەها ئـەو شەوە لە سەر چوار ڕێیانەکە لە کەمینەکەدا بووە. تەها بە هۆی تۆوە شـکی کـردۆتە سـەر مـن... فاتـێ زۆر گـریا... بـە شەرمەزاری رووی کردەوە ماڵەکەی خۆی."

میرووڵـەکانی ئـازار بەسـەر جەسـتەیدا هەڵدەگەڕێن. ئازار و تا دەیخۆن. تەنیا ئێـسکەکان دەمێنـنەوە. ئێـسک رادەبـێ و وەژوورەکـان دەکـەوێ، دەیـەوێ بەسـەرهاتی گۆشـت و پـی و دەمارەکـانی کـۆنە هاوەڵـانی بگێـرێتەوە. هـەر خەڵـکەو دەقیـژێنێ و هەڵـدێ. کـەس گـوێ ناگـرێ. دوو چاوی هەڵۆڵ ترس دەبەخـشن، نـەک بەزەیی. ئای ئێسکی تەنیا! بگەڕێرەوە و ماڵئاوایی یەکجاری لـە قـسە نەوتـراوەکانت بکـە! بـڕۆ لـە نـێو گـۆڕەکەت راکـشێ! تەنیا بە گوێی سماییلدا بچپێنە! سماییل نە دەترسێ و نە رادەکا.

"سماییل! باوکم کە تەرمی فاتێی بینی، مایەوە، مایەوە و مایەوە. نەیزانی چ بکا، یـان مـن نەمـدەزانی دەیـەوێ چ بکـا. نەگـریا. تەنیا زەرد هەڵگەڕا. چاوانی لە زەوی بـڕی و دەسـتی خـستە گیرفانی و بێ ئەوەی سەرنجی کەس بدا بەرە و ماڵ گەڕایەوە. باوکم نەفرەت دایگرت، نەفرەتێکی زیاتر، زیاتر لەوەی جاران. نەفـرەت لـە دایکـم، لـە کچـەکان ، لە تەها و لە فاتێ، نەفرەتێکی وا کە خۆشی گـرتەوە. جگـەرەی کێـشا و جگـەرەی کێشا، ئەوسا بافوور و مەنقەڵ و ژووری تەنـیای شـەوانی. سمایـیل! باوکم وەک باوکی تۆی لێ هات، کزۆڵە و گرمۆڵە. بە دایکمی گوت ئیتر خۆت کچەکانت بەشوو بدە... بە کەیفی خۆت."

بێدەنگـی زیـادی کرد، لە چپە و هاتوو چۆی سێبەرەکان کەم بۆوە. رووناکی لە پـشت پێڵوەکانی چاو، چاوەڕوانی هاتنە ژوورەوەی دەکرد. رووناکی حەزی بە چاوە، چاو حەزی بە رووناکییە. لە یەکتر دەگەڕێن. رووناکی پێش ئەوەی بێتە ژوورەوە، چـاو هەسـت بە سێبەرەکەی دەکات. سێبەرێکی بەئاستەم، کە گلێنە دەلاوێنێـتەوە. "فاتـێ چـاوی زۆر جـوان بـوو. نـسێکان نەیانتوانی لە بریسکەی بخـەن، دڵـنیام دوای مردنیـشی ئـەو بریـسکەیە هەر لە ژێر پێڵوەکانیەوە بوو.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خـۆی حەشـار داوە. بریـسکە نامـرێ، تەنیا ڕێی لێ دەگیرێ." چاوی نسێیە و دەرێ رووناهـی. هێـزێک بـە خـۆت بـدە بـۆ ئەوەی بە دنیای رووناهی بگەی! زەخت لە خۆت بکە! دەی... تۆ مەجبووری... ژیان مەجبوورە!

"سماییل خوشکەکانم دوای فاتێ تۆران... لە ئاوێنە ترسان. نازانم، ئاوێنەکەت لەبیرە یان نا؟... ئەها ئەو ئاوێنەیەی کە لە ژووری کچەکان بوو و درزی تـێ کەوتـبوو؟ ئاوێــنەکە بــۆ ئــەوان هــەر فاتێــی تــێدا مابــوو. لــە کــاتی سەرەخۆشـیەکەوە زیاتـر لـە جـاران لـە یەکتـر دەئاڵـان. وەک بـڵێی مەرگ بە شـوێنیانەوە بێت... زیاتر لە جاران لەچکە و چارشێویان لە خۆیان ئاڵان... نوێژ و نوێژ و نوێژ. نوێژێکی داماوانە و خەفەتبارانە..."

رووناکـی کەوتـە ئـەو دیـوی ئـاوەوە. ئـاو تیـشکی رووناکی شکاند. ئاو، ئاوسا، ئاوسـاو ئاوسا. ئەوسا لە پاڵ برۆوە خزاو ئاودێری قژە سەری کرد و تەڕاییەکی گەیشتە گوێچکە.

"سماییل! خوشکەکانم زۆر گوناح بوون زۆر..."

حــەزی بــە خەوێکــی قورســە. خەوێکــی قورســتر لــە ژان. خەوێکــی وا لــە پەیوەندیـیەکانی بپـسێنێ و بیـبا، بیبا تا ئەو جێگایەی کە خۆی بێ و خۆی... بێ هـیچ ئەوێکیتر. واوەتر لە ئەوەکان ... بێ ترس دانیشێ و زامەکانی بژمێرێ و ئەوسـا پێـیان پێـبکەنێ. پێکەنینـێک کـە خـۆی لـە زایەڵـەی بترسـێ. زایەڵەی بیرەوەریەکان بریندارن... رووشاون... خۆێناوین و ماندوو.

"سماییل خۆ لە بیرتە کە سەیرانم پێ نیشان دای، ها!

سماییل دیسان پێدەکەنێ.

_" شـتی لـێ کرێـوم. بـە نیگا تێم گەیاند کە خۆشەویستی نزیکترین هەواڵمە، نازانم تێم گەیشت یان نا، بەڵام..."

سمایـیل سـەرەداوێکی قـسەی سەیرانی بدەیتێ ئیتر حەز دەکا قسە بکا. بەڵام حەز دەکا بۆخۆی باسی سەیرانی بۆبکا.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

"سمایـیل! هەنـدێک کۆڵـان هـەن، قـەت لـەبیر ناکـرێن. دەڵـێی کۆڵـانی نـێو مێشکن"
ئیترقسەی پێ نامێنێ. گەرووی قۆرس دەبێ و ژێیەکانی بە یەکەوە دەلکێن.
"شـارێیەکەو، هەمـوو رێگاکـان لـەوێ بـە یەک گەیشتوونەتەوە. منیش کۆڵ لە کـۆڵ لێـی نزیک دەبمەوە. بە داخەوەم کە هەموو رێگاکان ئاوا لەم شارێیەدا بە یـەک دەگەنـەوە. سمایـیل بـێگومان بێـرەدا تێپەڕیوە. بۆنی بە ئاستەم دەگاتە کەپـۆم. هـەر هـەنگاوێکت بـوێ، لێـرە دەیبینیتەوە. لێرە هیچ جێ هەنگاوێک جێـی ئـەویتر ناسڕێتەوە. هەنگاوەکانی سماییل بێگومان زۆر بە پەلە نەبوونە. سـەیران پەلم دەگرێ و دەمگێڕێتەوە و ئاماژە بە پێپلیکانەکانی خۆیان دەکا. پـێپلـیکانەکان لە تەم و مژێکی شیندا نوقمن. "سەیران! دەڵێی ئێستا بەیانیان زوو نایـانشـۆیتەوە؟" سـەیران دەڵـێ: "لەوەتەی تۆ رۆیشتووی، پێپلیکانەکان حـەزیان بـە شـۆردنەوە نیـیـە." سـەیران رامدەکێـشێ و رامدەکێشێ. چەند بە پەلەیە. کتوپڕ بیرم دەکەوێتەوە. "سەیران... سەیران! من لێرەوە ئیتر رێگاکە بەڵـەدم، فـریای سمایـیل کـەوە... سماییل ..." دەگری. سەیران رادەوەستێ و ئاوڕێک دەداتەوە و دەڵێ: "سماییل لەشارێکە تێپەڕیوە، ئیتر قەت نایەتەوە."

"-کـاک...! مـن پـێم وایـە ئـەو مـیللەتە ژیـانی زۆر تـێکەڵ بـە ئـازارە، گەلێک پێویـستی بـە رۆحێکـی رۆمانـسی هەیـە. رۆحێکـی وا لـە بەرامـبەر فەرامۆشـکارییەکانی دنـیادا قـوتی دەکاتەوە، بەهێزی دەکا. رۆحی رۆمانسیانە، رەقیبەکەی بە سووک سەیردەکا. جا ئەو سووکایەتییە یان شێوەیەکی رەها بە خـۆیەوە دەگـرێ یـان شـێوەی بەزەیـی. لـە حاڵـەتی یەکـەمدا هەمـوو شتێک دەکەوێـتە بـەر نەفـرین و رەفـز دەکـرێتەوە. لـە حاڵـەتی دووەمـدا دەتـەوێ خەڵـکانێک بـەرەو مەبەسـتێک پـەلکـێش بکـەی. مـن لـە گـەڵ شـێوازی دووهەمـدام. رۆحـی رۆمانـسی، لانی کـەم ئـەگەر هێزی بەرە و پێش چوونمان نەداتێ، خۆ هێزی مانەوەمان پێ دەبەخشێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کـاک... چەنـد ڕۆژێکـە ناسـازە و زیاتر لە جاران خووی داوەتە چاخواردنەوە. قومێک لە چایەکەی دەدا:

-هـەر ئـەو ڕۆحـە بـەر بە عەقڵ دەگرێ و، دەبێ بە هۆی ئەوەی کە سەدان و هـەزاران کەس لە پێناوی ئامانجێکدا بەکوشت بچن کە لانی کەم نەیانتوانیوە دوو ڕسـتەی لە سەر بدوێن. بەخشینی گیانیش ئەگەر خۆیان نەکا بە ئەفسانە، لانی کـەم حزبەکە و ئامانجەکەیان دەکا بە ئەفسانە. لێرەدا ئیترخوێن دوا قسە دەکـا. بەڵـام خـوێن نابـێ خـاوەن دوا قـسە بـێ. ئەو بیرەی بە خوێن دەچێتە پێش، دەرفەتی خۆ تەیار کردنی لە کیس دەچێ.

ـ ڕۆمانسیەت ڕێ بۆ عەقڵی نوێ دەکاتەوە. هەموو بیرە نوێیەکان لە سەرەتادا نەیانتوانـیوە هەمـوو شـتێک بـڵێن، بەڵـام لەشـەڕێکی سـەختدا جێـی خـۆیان کردۆتەوە. گرنگیش ئەوەیە جێت بێتەوە. دواتر هەموو شتێک بە کەیفی خۆت دەبێ. سەیری ئەم بڕگەیە بکە! لەم شەوانەدا بینیم. نێوی _گەمەیەکی کراوە_ یە:

جەستەو ڕۆح دوای ئازاری زۆر، بەهرەیەک لە ئەفسانە وەردەگرن، یان ڕەنگە تـەواو بـبن بـە ئەفـسانە. ئەگـەر تا ئەو پەڕی سنوورەکانی ئازار بچی و تەسلیم نـەبی، ئەفـسانەیت. دەبی بـە لاوک، دەبی بە حەقایەتیگوێی ئاگردانی شەوانی توشـی زسـتان، دەبی بە تۆڤی بێ ئۆقرەیی لە نێو گیانی ئۆقرەداراندا. جەستە و ڕۆح ناسـکن، ناسـکتر لـەوەی تـۆ دەڵـێی ناسـکە، بەڵـام بـە هەموو ئازارێکیش ناشـکێن. کاتـێک دەشـکێن کـە ئەوانـەی بیانـشکێنن کـە نـە دەبـا ئـازار بـان. تـراژیدیای شـکانی مـرۆ لـە سـەر چـاوە دەروونیـیـەکانی ئازارەوە دەست پێ دەکـا. لـەو کاتەوە کە مرۆڤ دەبێت بە ئازار بۆ مرۆڤی دیکە. ڕەنگە بۆ ئەوەی جەسـتەو ڕۆحـی مـرۆ بـەردەوام خـۆ ڕاگریـی و گەورەیـی خـۆی بنوێـنێ و بیـسەلمێنێ، دەبـێ بـەردەوام ڕوو بـە ڕووی ئـازار بێـتەوە و، بەردەوام باڵای لە باڵـای بخـشێنێ، مەزنایـەتییەکـی مێژوویی بە قەدەر ئازارێکی مێژوویی. دەبێ سـنووری ئـازار بـشکێنی، بـۆ ئـەوەی ئینـسان بـوونی خـۆت بـسەلمێنی.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گـەورەی‌یەکـی ئەبـەدی یـان ئـەزەلی؟ یان هیچ کامیان؟ رەنگە کورت خایەن بـێت، بـە قـەدەر چرکەسـاتێک لـە زەمەنێکـی بـێ‌کۆتایـی. تۆ دەڵێی چی؟ من وەڵامی خۆمم هەیە، لە مێژە پێم گوتووی!
دەڵێی چی کاک... پێت چۆنە؟
کاک... قەیرێک لێی رادەمێنێ. ئاخر قومی چاییەکە هەڵدەقوڕێنێ و دەڵێ:
- رۆمانـسیەتێک کـە رەگێکـی بەهێزی مازوخسیمی تێدایە. بەداخم... گەلێک بەداخم... بەڵام نووسراوەیەکی چاکیشە!"

پێـڵوەکان لـە یەکتـر جـیا دەبـنەوە. هێرشی رووناکی. سەر دەجولێ. رووناکی قورسـە. سـاپیتەیەکی سـپی، کـە پەڵەی زەردباوی تێ کەوتووە. پەنکەیەک کە شوێن شوێنی توێخی هەڵداوە و لە قەراغەکاندا ژەنگی هەڵ‌گرتووە. پەڕەکانی دەڵـێی چەماونەتەوە. وەک پیرێک کە زەمەن قورسایی خستووەتە سەر شانی. ئـاوڕ دەداتـەوە. درەختێکـی هـەرمێ لـە نـێو چـیمەنی بـەر پەنجەرەکەدایـە و چـۆلەکەیەک دەنـووک لــە لقــەکانی دەخــشێنێ و دەجــریوێنێ. پەلەیــەتی، هەڵـدەفرێ. رەنگی سەوز چەند جوانە! فڕین چەند سووکەڵەیە. شووشە چەند دەروونی بـێگەردە. بـزەیەک. بـزەیەک. دواتـر دیـسان بـزەیەک. سمایـیل دەیگـوت: " کاتـێک بـوومە لـێڵ لە کارەکەمان تەواو دەبم و دەچمەوە ماڵێ، حەز دەکەم لە پەنجەرەکـەوە سـەیری دەرەوە بکـەم، کـە چلـۆن روونـاک دەبێـتەوە. ئەوسـا دارتـووەکەی حەوشەکەمان لە سێبەرەوە دەبێ بە سەوز." ژوور بێ دەنگە و بێ چــرپە و بــێ بوونەوەرێکــی دی. دەرگــا دەکــرێتەوە. پاســەوانێک لــە بــەر دەرگاکەدایە و پیاوێکی جلک رەش و سپی وە ژوور دەکەوێ.
"دابـەش بـووم... بەسـەر دوێـنێ و ئەمـڕۆدا دابـەش کـراوم... ئەی ئەوە نی‌یە دوێنـێم لـێ بـەجێ مـاوە! پـێم هەڵـناگیرێتەوە. تا دێت و دێت دوورە دەستتر دەبـێت. دوورە دەسـتتر لـە خەونـەکانی داهاتـووم... نابـێت، نـا... بێت ، لێیان هەڵـبڕێم. من بێ رابردوو چیم؟ دەبێ هەموو بیرەوەرییەکان، دڵۆپ بە دڵۆپی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خوێنە رژاوەکـان و ڕووبـار ڕووبار ئاوی خۆشەویستیم کۆ بکەمەوە و بیدەم بە کۆڵمداو لە کارەساتی ئێستا بیانپەڕێنمەوە."

خـۆلەی باجـی عاسـیە هێـشتا منداڵ بووکە کرا بە شاگرد قاوەچی. هەڵسووڕ و قـسەخۆش و حـسێبزان. تـا پۆلی دووەمی خوێندبوو و دواتر قوتابخانەی جێ هێـشتبوو. بەڵـام لـە ژمارەکان باش دەگەیشت. ئەو چاخانەی کاری تیا دەکرد زۆرتر قاچاغچییەکانی شار ڕوویان تێ دەکرد. خوله تا ڕادەیەکی زۆر ئاگای لە بارودۆخـی کاسـبی شار بوو. هەر چەند قەت نەچووبووە سنوور، بەڵام بە باشی نـاوی ئـەو گوند و رێگا و بانانەی دەزانی کە باری پێدا دەهات و دەچوو. ناوی بەرتـیل خـۆرەکانی دەزانی. گرنگتـر لە هەموو ئەمانە، بە جوانی فێر بووبوو کە چـۆن باسـی ئافـرەت بکـا. زۆر جار قاچاغچییەکان دەیاندواند و ئەوسا قاقا پێی پـێدەکەنین. خـوله، کوڕی عاسێی ماما بوو. هەر خۆی و دایکی بوون. هەر بۆیە زۆر جـار کە نیوەشەوان لە شوێن دایکی دەهاتن، عاسێ خولەشی دەبرد. خوله تـا کەللـەی سـەحەر لەوێ دەمایەوە و ئەوسا بەرەو چاخانەکە وەڕێ دەکەوت. ئـەوەی بەهەڵـکەوت دیـبای لـە چاخانـە بـۆ قاچاغچیـیەکان و خەڵـکی دیکەی دەگـێڕایەوە و ئەوانـیش پـێدەکەنین. تـا رۆژێکـیان پـیاوی یەکـێک لەو ماڵانە لێدانێکـی باشـی لـێداو ئیتـر لـەوە بـەدوا خوله وازی هێنا. ئەمجارە تەنیا بۆ ئەو کەسانەی دەگێڕایەوە کە زۆریان لێ دەکرد.
نـیگاو قـسەی خـوله، لەهـی گـەورەکان دەچـوو. ئـەویش پارەی دەداو منداڵی دەبـردە نـێو کـەلاوە و ئاودەستەکانی مزگەوت. وەک چون گەورەکان ئەویان سـوار سـەیارە دەکـرد و بـەملاو لادا دەیانـبرد. خـوله کۆسـە بـوو. رەگێک لە ئاوسـان لـە رووخـساری‌دا بوو. لچێکی ئەستوور و ماسیوو کە هەمیشە تەڕ بوو. کـە بـە تووشی شەڕەوە دەبوو، زۆر بێ بەزەییانە لە منداڵانی بچووکتر لە خۆی دەداو لـە ئاسـت گەورەکانـیش‌دا مـلکـەچ بـوو. قاچاغچیـیەک، لـە شـاگرد چایچـیەتی هەڵـیکەندو، بـردی و، کـردیە بەردەسـتی خۆی. دەیگوت: "کوڕی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

باشە، بێ تاوانە، حەز دەکەم دەستم پێوەی بێت!" هاواڵەکانی پێی پێدەکەنین و دەیانگوت: " باشت دەستپێوە بێ!" خولە گەورە بوو و پارەیەکی بەیەکەوە نا. دواتـر دەوڵـەمەندتر بـوو. ئێـستا کوڕێکـی کەڵـەگەتە. بـەژنی زۆرتـر لـە ژنی دەکـرد، نێوشان باریک و کەفڵ پان. خولە دووکان و سەیارەی کڕی و خانووی دروسـتکرد. بەڵـام زۆریـش دەسـت ئاوەڵـا بـوو. بە هەر شێوەیەک بۆی لوابا یارمەتی ئەوانەی دەدا کە ڕوویان تێ دەکرد. سەبارەت بە خولە دەیانگوت:

- نەمانزانی وەک ئەو بکەین... ئێستا ئێمەش دەوڵەمەند دەبووین!
- خێر دەکەن بۆ ئەوەی پارە و سامانیان پارێزراو بێت.
- ئێستاش بەزمی شەوانەی هەیە، لەگەڵ کۆنە خاوەنەکەی!
- دەیەوێ ڕابردووی بکڕێتەوە... پارە هەموو شتێک دەکا!

خـولە ژنێکـی هێـنابوو دواتـر تەڵـاقی دابـوو. دەیانگـوت: "ژنەکـە بەلایـەوە دانەنیـشت، خـۆ پـیاونییـە!" ، "ژنەکە حەیا بەخۆ بووە و جێی هیشتووە". خولە دواتــر ژنێکــی دیکــەی هێــنا.کچــێک لــەو گــوندیانەی کــە لــە شــارن و دەوڵەمەندیـشن. ژنەکەی خاوەن چەند برای شەقاوە بوو کە ئەگەریش بیریان لـە لێکجودا بوونەوە بکردایە، نە ژنەکە و نە خولە هیچیان نەیاندەوێرا بیکەن. یـەک دوو ساڵـی بەسـەردا تێـپەڕی و خـولە نەبـوو بـە خـاوەنی مـنداڵ. خـولە سـەلماندی و بـیری لـە ژن هێـنانەوەی دیکـە کـرد. ژنـێک بەسـەر ژنەکـەی پێشوویدا. ڕێگای شەرع کراوەیە و خولە دەست بەکار بوو.

مـام عەزیـز عاسـێی بـاش دەناسـی، خزمـی بـوو، خزمێکی دوور. عاسێ مامانی کچـەکانی بـوو. خـولە تەنانەت ڕەنگە شەوی لە دایک بوونی سەیرانیشی لەبیر بـێت. خولە ئەوکات منداڵێکی ئارام بوو، کە لەگەڵ دایکی دەهات و بێدەنگ لە سـووچێکدا لێـی دادەنیـشت. یـان دەخـەوت. بەڵـام ئەگـەر چاویـان لـێ نـەبا هاروهاجـی دەکـرد و دەسـتی بۆ شت دەبرد. باوکی خولە چەند ساڵێک لە مام عەزیـز گەورەتـر بـوو. کـە چـوو بـۆ سـەربازی ئیتـر نەهاتـەوە. عاسـێ شووی نەکـردەوە و لە پای کوڕەکەی دانیشت. عاسێ بە کارەکەری کوڕەکەی گەورە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کـرد و خـۆی بەخـێوی کـرد. خەڵـک دەیانگوت جارجارە سێبەرەکان، شەوانە درەنگـان ئاودیـوی دەرگـای حەوشـەکەیان دەبـن. عاسێ ئێستا هەر چەندە لە تەمـەنی پیریـدا نییـە، بەڵـام زۆر پـیر بووە. مام عەزیز دوای مەرگی ژنەکەی گەلێک زیاتر لە جاران بەزەیی بە عاسێدا دەهاتەوە.
عاسـێ لـە گـەڵ پیاوێکـی پـیری تایفـە هـاتن و ڕوویان لە مام عەزیز نا. داوای سـەیرانیان کـرد. "سـەیران!" قسەی خزمان وادیارە سەری گرت. مام عەزیز وەعـدی داو، بـۆ دوو ڕۆژ دواتر دیارییێکی زۆر رووی کردە ماڵەکەی. خوشکە بچووک بە دەوری دیارییەکاندا هەڵسووڕاو سەیران گریا.

نـیگا کـە هاتەوە. ئەمجارە لە لەندکرۆزێرەکە دانەبەزی بۆ ئەوەی لە دەرگامان بدات و پرسیار لە باوکم بکات. نیگاکە، لە نێو لەندکرۆزێرەکە دیت و دەچێ و لـە پەنجـەرە و پـێپلـیکانەکەی ماڵـمان دەڕوانـێ. چەنـد جـار نـیگام لە نیگای چەقـیوە. دەڕوانـێ و بە دوو پەنجەی کەڵەو شایەتمان دەنکە مووەکانی سمێڵی رادەکێـشێ. چـاوەڕوانی کەمالم و کەچی ئەو دێ! کە دەیبینم پشتی تێ دەکەم و دەچمـە ژوورەوە. ئـەویش تەنـیا زەردەخەنەیـەک دایدەگـرێ و ئیتـر هیچ. چەنـد وەڕزم. حـەز دەکـەم بگـریم. کـەمال لـە کـوێیـە؟ دەچمە بەر ئاوێنە و نەفـرەت لـە خـۆم دەکـەم. "دەبـێت مـن تەنیا سەرنجی کەمال رابکێشم. دەبێ نـیگاو حاڵـەت و لـەش و لارم هـەر هـێلانەی نیگای ئەوبێت." دەمەوێ ئێواران نەچمـە بـەر پەنجـەرە و سـەر قادرمـەکان. بەڵام دڵم رام دەکێشێ. نەکا کەمال بـێت! کـەمال نایـەت. ئێوارەیەکـیان بـاوکم هاتـەوە: "بـاوە! بـۆ وا ئەمرۆکە لە هەموو ڕۆژێکی دیکە داماوتری؟"

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- دەزانی کچم! خۆ کەمالت دەناسی؟ کەمالی خزممان کە فاتێی خوشکی کوژرا، ماوەیەک لەوە پێش گیراو دواتر وتیان بێ سەرو شوێنە، بەڵام دەڵێن هەر لێرەیە، زۆر خراپیان لێ بەسەر هێناوە... ڕەنگە نەمێنێ!
نیگام لە باوکم هەڵناگرم باوکم چەند درِندەیە، کە وا بە ئاسانی ئەم قسانە لە زاری دێنە دەرێ. ئارام هەڵدەستم. خوشکەکانم لێم دەڕوانن. باوکم چاوی لە عەردییە. دەچمە ئەو دیو. "باشە بۆ نەمزانی... کەمال کەی گیرا؟" کەمال بۆنی هەتاوی لێ دەهات. تامی گەرمی نیگای دەدا، نیگایەکی سرک، کە کاتێک دەنیشتە سەر چاوانت ، مەندتر بوو لە هەر شتێکی مەندی دیکە. نسێی ژوورەکە تاریکترە، خۆڵەمێشیترە. نەفرەتم لە ئاوێنەیە. ئاوێنەکە دەڵێی نیگای کەمالە کە منی تێدام. دەست دەخەمە سەر گەردنم و لەوێوە بۆ سەر سینگم. بەرۆکم دەگرم. گۆشتی پشت ملم چاڵ دەبێت. گەرمترم لە گریان. جاری وایە مرۆ نازانێ بگری. تەنیا گرِو دەگرێ، لە خۆی و لە هەموو شتێک. گرِیەکی وا کە پێی وایە دواتر هەموو دنیا یەک بە یەک دێن بۆ ئاشت کردنەوەی... دێن بۆ ئەوەی کە دڵی چاک بکەنەوە. لە بەر دەرگای ژوورەکە هەڵدەستم و دەچمە قوژبنی تەنیشت ئاوێنەکە. ئەمینترین شوێنی جیهان! ئەگەر دایکم مابا دەچوومە ئامێزی. هەم ڕەحەتتر دەگریام، هەم بۆنی جەستەی، بۆنی غوربەتی پێ لەبیر دەبردمەوە. ئەژنۆکانم بە خۆمەوە دەگوشم. ئەژنۆ نەرمترە لەوەی دەمزانی!

چەند رۆژێک بوو ژنێکی دراوسێمان دەهاتە ماڵمان. گەرم و گوڕ. وەها کە دوای چەندین ساڵ دووری دەڵێی پەڕەسێلکە لێکدابڕاوەکانن یەکتر دەگرنەوە. خەمی بۆ هەموومان خوارد، زیاتر لە هەموومان بۆ دایکمان. ئەوسا بۆ ئێمە و زیاتر لە هەموو خوشکەکان بۆ من.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

"ماشاڵـا چەنـد گوڵن! لە گوڵ گوڵتر... چەند بە حەیا ... چەند ڕێک و پێک ... عالـەم بـە خیلیتان پێ دەبا... ئەوەی کوڕوکاڵە تامەزرۆتانە! کێ لە ئێوە باشتر؟ ڕەنگـی بازاڕ هیچ نابینن، کۆڵانیش بۆتان نامۆیە... کەڵەگەت و گۆشتن و نەرم و نـیان... وەک ئاسـک و کار و بەرخ و پەروانە!؟ بۆتان بمرم... پێش مەرگتان بم... مەرگـتان نەبیـنم... ڕووسـووری دنـیاو قـیامەت بـن! دایکتان شەکرەژن بـوو... خـوا عەفـوی کـات... چەند میهرەبان و بە حەیا... ماشاڵا کچی لە خۆی لای نەداوە...

گـوتی و گوتی. ئەوسا لە دەرفەتێکدا بە گوێمدا چرپاندی... جارێکی دیکەش چـرپاندی. لەندکرۆزێـرەکەم هاتـەوە پـێش چاو کە سمێڵی خۆی هەڵدەقەند. کـشامەوە. ویستم بزریکێنم. دەستم بۆ دەمم برد. ژنەکە پێکەنی. "خوا بەختی چاکـی داوی ، ئـەرێ یـان نـا؟" هـیچ. هیچم نەگوت. ئەوەندەی نەبرد هاتن بۆ خوازبـێنی. چەنـد پیاو و دوو ژن کە یەکێکیان ژنەکەی دراوسێمان بوو. کاتێک هاتـنە ژوورەوە بە پەنجە گۆنای گرتم و گوتی: "بەساقەی بووکی خۆمان بم!" تـا ڕۆیـشتن لـە ژوورەکـەی پشتەوە خۆم حەشاردا. دواتر، باوکم بانگی کردم. پێـی گـوتم. خۆمدا بەسەر قاچەکانیدا و گریام. باوکم گوتی: "کچم! جارێکە تۆ هـەر هـی ئەم ماڵەیت." دیسان هاتنەوە. باوکم جوابی کردن. یەک دوو کەسی دیکـەیان لێ ڕاسپارد. باوکم هەر ئەو باوکەی جاران بوو. ئەمجارە هەڕەشەیان کرد. هەر لەم ناوەدا بوو خولە ناردبووی بۆ خوازبێنی. باوکم وتی: "کچم! خولە دەوڵـەمەندە، دەتـوانێ لەم سەگە رزگارمان کا." بەزەییم بە باوکمدا دەهاتەوە. نەمدەویـست یـان نەمدەتـوانی رازی دەروونی پێ بڵێم. ناوی کەمال تەڵەکەی گەورەتـر دەکـردەوە. پیاوی نێو لەندکرۆزێرەکە چاری خولەی پێ نەکرا. ژنە دراوسێکەشمان زمانی گۆڕا:

- ڕۆژ تـا ئـێوارێ لـە بـەر دەرگـا کەوتوون... گەورەیان لە ماڵدا نی‌یە و کەس نازانێ خەریکی چین! پیرە قڵغنەکەی باوکیشیان کەس نازانێ ڕۆژ تا ئێوارێ لە بـەرچی و چۆن دەتوانێ بەجێیان بێڵێ... من بە چاوی خۆم چەندین پیاوم دیوە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کـە بە ڕۆژ چوونەتە ماڵیان و دواتر بە خشکە خشک هاتوونە دەرەوە! قەحبەی وا...
ئێوارەیەکـیان بـاوکم هاتـەوە. ئـەوەتی دایکـم مـردبوو وا نیگەرانم نەبینیبوو. تورە. ئەوەندە تورە، کە چاکەی نەخواردەوە. کتوپڕ:
ـ چەتـیو خەریکـی چی بوویت؟ هەر ئەوەندەم ماوە تەها پیاو کوژ بەرۆکم پێ بگـرێ... لـە گـەڵ کـەمال چ پەیـوەندییـەکت هەبووە... کەمال بۆ ناوی تۆی هێناوە؟... ماڵم بەئاگرەوە دەنێی...
ئیتر هیچم نەبیست.

هـیچ نابیـستی. بـۆ بیبیـستی؟ هەموو ڕابردووت لە گەڵ خۆت دوایت، ئێستاش هـەر لـە گـەڵ خۆت بدوێ. مرۆ بۆ دوانی خۆی، کات کەم ناهێنێ، لە کاتی کار کـردندا، لـە کـاتی نـان خـواردندا، لـە کـاتی پیاسـەدا. گرنگ ئەوەیە شتێک لە نـاوەوە داگـیرت بکا، داگیرت بکاو لە گەڵ خۆی بتبات. ئیترکارە ئاساییەکانی ڕۆژانــەت بــە پێــی عــادەت بەڕێــوە دەبــەی. ژیـانی چەنــدین و چەنــد ساڵــە رایهێـناوی. بیرکردنەوە مەودایەکی کەم لە ژیان داگیر دەکا، بەڵام کە دەروون داگـیر کـرا، ئیتـر بـیر کردنەوە بۆ هەموو شتێک پێویست نییە. کاتەکانی بیر کـردنەوە لـە سـەر تاقـی مێشک هەڵدەتووتن و، ڕۆژ تا ئێوارە، شەو تا بەیانی، لـێت دەڕوانـن. تۆش ناتوانی نیگات لە نیگایان بدزییەوە. سەرەتا شەرمیان لێ دەکـەی، بەڵـام دواتـر چـاو لـە چاویـان دەبـڕی، بـێ هیچ ماندوو بوونێک. بیر کـردنەوە و بـیر کـردنەوە. جار جارە جەستە رادەوەستێ و چاو لە سەر شتێک رادەمێـنێ. شـتەکە دەبینـرێ یـان نابینـرێ؟ گـرنگ نییـە. ئەگـەر شـتەکەش هەست پێ بکەی، تۆ خەیاڵت دەچێ بۆ پشتەوەی.
شتەکە بیانووە. بیانوویەکی ڕووت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مرۆ کە تەنیا بوو، مرۆ کە تەنیایی خۆی دووپات کردەوە، بیرکردنەوە سنوورەکانی دەسەڵاتی جەستەی دەبڕێ و جەستە دەپووکێتەوە، دادەهێزرێ، "من" لە بیردەکا و "تۆ" دەکا بە هەموو جیهان. مرۆی تەنیا شێتە... جیهانی شێتە. بۆ ئەوەی خۆی بدۆزێتەوە لەوی دیکە دەگەڕێ. مرۆی تەنیا، یارمەتی تەنیایی دەدا بۆ ئەوەی تەنیایی زیاتر بخاتە نێو جەغزی خۆ لە بیرکردن. بەڵام داخۆ "ئەوی دیکە" یان "تۆ" ئاسان بە دەست دەهێنرێ؟ بێگومان نە. "ئەوی دیکە" یان "تۆ" کە ئاسان بە دەست نەهات، ئیتر تەنیایی کوشندە دەبێت. ئێرە ئیتر سنووری بۆشاییە، بۆشاییەکانی بێ ڕەنگی و بێ دەنگی و کاس‌بوون.

زەوی ئاوس نابێ. بۆ؟ چوونکە هەم کوڵ و کۆی دەروونی دامرکاوەتەوە و هەم پیر بووەو هەم لە جووتەکانی خۆی جیا بووەتەوە... ئەی بە چی ئاوس بێت؟ ... ئینسان؟ ئینسان خەریکە قژە سەری سپی‌ی ئەم پیرێژنە دەڕنێتەوە و بیر لە جێ هێشتنی دەکاتەوە، ئینسان زەوی پێ ئاوس نابێتەوە. ئەو کاتەی مرۆ تەنیایی خۆی ڕەواندەوە دەتوانێ زەوی بۆ لە دایک بوونێکی‌تر پەروەردە بکاتەوە.

لە سەر گۆی زەوی بە قەدەر تەنیاکان وڵات هەیە. هەر وڵاتێک بە هیوای داگیر کردنی وڵاتێکی دیکەیە. گەر وڵاتێکیش خۆ بە دەستەوە بدات، وڵات یان وڵاتەکانی دی ناهێڵن. وڵاتە سەر بەخۆکان، لە بۆشایی خۆیاندا درێژە بە ژیان دەدەن. زەوی بۆیە خڕە، بۆ ئەوەی کەس لە پەراوێزدا نەبێت. هەموو ئینسانێک ناوەندێکە. ناوەندێک لە نێو ناوەندەکانی دیکەدا.

شەوێکی بەهارەو تۆ هێشتا لە سەفەری، سەفەری نێو تارماییەکانی ڕەنگ. بەرەبەرە ڕەنگەکانیش دەپووکێنەوەو هەموو شتێک دەبێ بە خۆڵەمێش، خۆڵەمێشیەکی تۆخ. سەفەر لە فەزای خۆڵەمێش‌دا مرۆ بیری بوونەوەرە ئەفسانەییەکان دەخاتەوە، بوونەوەرە ئەفسانەییە گڕنی گڕنی‌یەکان. لە نێو کەژاوەکەتدا دانیشتووی و بە بێ دەنگی سەیریان دەکەی. دەنگیان ناگاتە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تـۆ. لـە بێدەنگـی خـۆیاندا یەکتـر هەڵـدەدڕن. دەنگیان ناگاتە تۆ. لە بێدەنگی خۆیاندا جووت دەبن.

لـە چـی دەگەڕێـی... لەکـەمال ؟ تۆ قەت نایگەیتێ. کەمال لەو دیوی سنووری جـیهانی سـەفەری خۆڵەمێـشی تـۆدایە. کـەمال بـووە بـە دوو نیوە ، سەری لەو دیـوەوەیەو قاچەکانی لێرەیە. ناگەنە سەری، دەیانەوێ قاچەکانی ببڕنەوە. قاچ بڕاوەتـەوە و دڵـۆپ دڵـۆپ خـوێن، فـەزای خۆڵـەمێش‌ئاسـا دادەدڕێ. بەڵـام سـووریش دەبـێ بـە تارمایـی، لـە بێدەنگـی‌دا دەرژێ و لە بێدەنگی‌دا دەبێ بە تارمایی.

ئەم شەویش خەو گەڕۆکە و، بارگەو بنەی نەخستووە. خەو لە ماندوو دەگەڕێ. تـۆیش مانـدووی. خـەو دێـت و دەتبیـنێ و دەڕوا و خـۆی بە ماڵە دراوسێکەدا دەکا. ماندوویی تۆ نیگا دەڕازێنێتەوە، دەبێ هەر بمێنێتەوە.

بـتی ماندوویـی... لـە نـێو نەزەرگـەی دڵـخوازی مرۆڤـە خۆڵەمێـشی‌یـەکان‌دا، دەچێـتە پـشت پەنجەرەکـە و لـەو دیـوی تاریکـی‌یـەوە کۆڵـانەکەی دەبـینی. کۆڵـانیش بـە نـیگا، تەنیایـیەکەی نارەوێـتەوە. کۆڵـان ، تـرپەی دڵ و تـرپەی هـەنگاوی دەوێ. خانـووەکان چەنـد تەپـیو دیـارن. بانەکان و ئاسمان لێک جیا ناکـرێنەوە. گوێـسبانەکان لچـیان شـۆڕە و ئـاوی دەمـیان پـێ قوت نادرێتەوە. دڵۆپ دڵۆپ، لیک... چرکە چرکە، بێدەنگی. ئەوەندە کەپۆت بردووەتە پێش، بـۆنی زامـسقەو ژەنگ و گەچی پەرشوو هەڵ هێناوی دیوار ناو چاوت پێ گرژ دەکـات. یـان گرژتـر. "کـەمال بـە پـێ تێدەپەڕێ و خولە بە تویتا و ئەویش بە لەندکرۆزێـر." رادەکـشێی. ژوورەکـە لەوە تاریکترە ساپیتەکە ببیندرێ. "تەها، تەهای نەگبەت... تۆ بۆ؟ تۆ چت داوە بە سەر ئێمەوە؟"

خـولە هەر دیاری دەنێرێ و لەندکرۆزێرەکەش هەر لە هاتو چۆی کۆڵاندایە. لـەم رۆژانـەدا نارنجۆکێک دووکانی کۆتاڵ فرۆشیەکەی خولەی هەڵتەکاندووە. خـولە بـۆ رۆژی دواتـر ئەوەنـدەی دیکـەی کـۆتاڵ تـێ کـردبوو. پێکەنیـبوو و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گوتبووی: "ماڵی من لە دەستی پیاوی نامەرد، دەستی درێژترە!" سیرە سیرەی سیسرک چەند زوڵاڵ و بڕندەیە. وەک زەنگۆڵە دەزرنگێتەوە.
"ئەوانیش رقیان لەشەوە... یان بە سەریدا هەڵ دەڵێن؟" نازانی، تلێک بە خۆت دەدەی. قاچانت کۆ دەکەیتەوە، هەست دەکەی ئێستا نا ئێستا دایکت دێ و لێت دەپرسێ : "رۆڵە بۆ ناخەوی؟ درەنگ وەختە!" دایکت هێشتا مێشکی دەتکێ. دەڵێی: "دایە گیان بۆ لەچکەکەت لە سەر ناکەی؟... لەچکە بۆ ئێستا نەبێ بۆ کەی باشە؟" دایکت دەڵێ: "رۆڵە باوکت شەوانە منی بە بێ لەچکە خۆش دەوێ!... حەز دەکات بۆن بە ملمەوە بکاو پەنجە لە بسکم وەر بدا." زیاتر خۆت کۆ دەکەیتەوە "دایکم نازانێ ..." فرمێسکەکان بە بێ دەنگی دەخزێنە سەر مافوورەکە... دەڵێن: "سماییل، هاوڕێی نزیک کەمال بووە. ئەو شەوە کەماڵ بووە و دەرچووە." کتوپڕ خۆت بە سەر گازی پشتدا دەدەی. "ئەو شەوە رەنگە کەمالیش بمردایە!" بیری نیگای پڕ لە بزەی سمایل دەکەویتەوە. لە پشت گارییەکەی راوەستاو و چاوی دەبریسکێتەوە. " ئاخ! وەرەقەکان..." رادەچەنی. وەرەقەیەکت لە ژێرخانەکەدا شاردووەتەوە. "وەرەقەکە دەستی کەمالی لێدراوە!" دەرگاکە دەکەیتەوە و بە ئەسپاییەکی واش نا، ڕوو لە دەرگای سەر قادرمەکان دەکەی. "سمایلیش ئەم وەرەقانەی بینیوە... هەر بەو چاوانەی ئەو رۆژەی" ئارام دەرگای سەر قادرمەکان دەکەیتەوە. دایناخەی.
"هەوای نیوە شەو چەند فێنکە!" شوێنی فرمێسکەکان هەست بە سەرما دەکەن. "بریا کەمال ئەم کاتانە بەم کۆڵانەدا گوزەری کردبا!" چەند هەست بە سووکەڵەیی جەستەی خۆت دەکەی. ئاسکئاسا گەردن دەگێڕی. ئەوسا بە قاچ. دیسان دیارنین.
سۆلەکان خۆیان بە دەستەوە نادەن. دیسان قاچ دەگێڕی. " ئەوە یەکیان!" بەرەو دوا دێیت. قاچی راستت لە پاژنە واوەتر لە موزائیکەکان دەترازێ. قاچی چەپ یارمەتیت نادا. ئاسکئاسا دەپەڕی. وەک چۆن ئەو کاتەی شێر بە پەنجە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لە قاچی نێچیرەکەی دەدا. ئیتر... زرمە و دەنگێک، دەنگێک وەک ئاخێکی خنکاو. پلەکانەکان هەڵتدێننەوە.

جەستەیەکی نیوە زام، لە ژوورێکی گەلێک بچووکدا. بۆنی دەرمان. هەناسەش بۆنی دەرمان. ژوورەکە پڕە لە بۆ دەرمان و خوێنی وشک هەڵاتووی سەر زامەکان کە پەڵەی ڕەش و سووری خستووەتە سەر جلو بەرگ و پەرۆ سپی یەکان. ژوورەکە تەنیا لە دەلاقەیەکی بەرزی میلڕێژ کراوەوە هەناسە دەدا، هەناسەیەکی سەخت کە بە سەختی بۆنی ئارەقەی خۆی دەداتە دەرەوە. گڵۆپێکی کز، چڵکن و داپۆشراو بە تۆزو گووی مێش، دەئایسێ. جەستەیەکی نیوەزام بۆ زامە نوێیەکان. زام ڕۆحیش پڕ دەکا. بەڵام کتوپڕ هێزی سەرسوڕ هێنەری لاوی دەگەڕێتەوە و داوا لە جەستە دەکا بەتاڵی بکاتەوە. جەستەش کەلەلایە. ئیتر بیر دەئایسێ و دەتبات. بەملادا دەکەوم، بەولادا دەکەوم. گڵۆپەکە دەکوژێتەوە. ڕۆژەکان چەند تەوەزەلن! شەوەکان چەند قورسن! دەرگا دەکرێتەوە. لەتە نانێکی کۆن لە گەڵ جامۆڵکەیەک و لێوانێک ئاوی لێڵ. لەگەڵ دوو تف و چەند داڵاشەو شەقێک، کە گۆزینگی قاچم ئاگر تێ بەردەدا. ژوورێکی‌تر. هەڕەشە و جوێن و قەڵەم کاغەز و حوکمی ئیعدام. ماوە، تا دوو سەعاتی دی. دیسان ژوورەکەی خۆم! نیو سەعات پێش ئیعدام، دەم و چاو بەستراوێک وە ژوور دەکەوێ. پێش هاتنی، گڵۆپەکە هەڵکراوە. لێم رادەمێنێ. لێی رادەمێنم. دادەمووکێتەوە و بە هەردوو دەستی بەرۆکم دەگرێ و رایدەکێشێ. "چاوی چەند ئاشنایە!" تا دەتوانم بیرەوەریەکانم خڕ دەکەمەوە. ئەنجام، هیچ. چاو، ئەگەر نەگۆڕدرێ، زۆر ئاسان دەناسرێتەوە. یەک دوو جار توند دەمدا بە دیوارەکەدا . "لەجیاتی ئەم کەر بازاڕییە ئاگات لە خوشکەکەت بوایە باشتر نەبوو؟"

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەنگـی چەنـد ئاشـنایە. رادەمێنم. یادی فاتێ ماسولکەکانم رەق دەکا. تا هێزم تیایە سەری بریندارم دەکێشم بە ناو چاویدا. بەدوادا دەکەوێ و دەنەڕێنێ.
" ئـەو رۆژەیش کە گەیشتمە سەر تەرمی فاتێ، تەها هەر دەینەڕاند. لە دەستی پۆلیس‌دا بوو و جوێنی بە ئەرز و ئاسمان دەدا."
"- کاکـە بـە قـوربانت بم ... لە دەورت گەڕێم. چارێکم بکە... ناتوانم لە گەڵیا بـژیم، ئەگەر تۆ باوکم رازی بکەیت، وازی لێ دێنم... کاکە... کاکە بە نۆکەرت بم!
- فاتێ سکت هەیە، سک. تازە رابرد! بەزەییت بە منداڵەکەت‌دا بێتەوە!"
"ئاخ فاتێ، خەجاڵەتت خۆم!"
دووانی دیکە پەیدا دەبن. دەڕژێن بە سەرمدا. فاتێ لە نێو ئازارەکانم‌دا ون دەبـێت، دەبـێ یـەک دوو پەراسووم شکابێت! هەناسەم بە زەحمەت هەڵدێت. ژاوەژاوی نێو سەرم بە هەموو جەستەم‌دا رۆ دەچێ. سەرم خرەی دێت.

ئـەو رۆژەیـش هـەر ئـاوا سەری خاڵم خرەی دەهات. پایز بوو. وەرز، لە نیوە تـرازا بـوو. سـەرمای سـەرماوەرز نزیک دەبووەوە. باڵندە رەش و سپی‌یەکان شـاریان هەراسـان کـردبوو. خەڵـک، ماڵـەکانیان بـۆ بۆمـبەکان جـێ هێشتبوو. بۆمـبەکان لـە مـرۆ دەگـەڕان . هەموو شوێنێکی شاریان دەپشکنی. ئاوایییەکان جمـەیان دەهـات. شـار تـا دەسـتی دابوو، چۆڵ کرابوو. سەگەکان و پشیلەکان وەڕەزی مـرۆیان دەکـرد. دیـسان نـە زبـڵە گچکـەکانی نێو ماڵ خواردنیان تیا دەست دەکەوت، نە زبڵە گەورەکەی شار.
- لە گۆرستانەکەی رۆژئاوای شاردا نێژراون. لە نێوەڕاستی دارستانەکەدا.
- دەبێ ئیزن وەربگرن بۆ ئەوەی بتوانن گۆڕەکان هەڵبدەنەوە.
- دووانـن، ئەگـەر بەم بیست رۆژە تێک نەچووبێتن، دەتوانن ئەوەکەی خۆتان بناسنەوە. پاچێک، خاکەنازێک، چەند مەتر خامە، دەبەیەک و چەند شووشە گوڵاو. پێنج پیاویش، بێ هیچ ژنێک. باوەگەورەم وتی:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- ژنەکان نەهێنن ، تەنانەت دایکیشی!
دارستان هێشتا بە تەواوی نەڕووتاوەتەوە. گەڵا نارنجی و زەرد و سەوزەکان لە سەر زەوی و بە سەر دارەکانەوەن. دار بەڕوو و دار مازوار و دارە بەن سەریان بە سەری یەکەوە ناوە. چیمەنی سەوزی نێوان دارەکان نەختێک باڵایان کردووە.
خاڵم سروشتی خۆش دەویست. هێشتا زۆر منداڵ بووم کە لەگەڵ خۆی بۆ دەشت و دەر و چیاکانی دەور و بەری شاری دەبردم. هەر لەگەڵ خۆی بۆ ئەم دارستانە هاتووم. ئەم دارستانە، تەنیا دارستانی چڕی دەور و بەری شارە. دەیگوت: "مەخابن کراوە بە گۆڕستان!" هەر دواتریش دەیگوت: "هەڵبەت هەر لە بەر ئەم گۆڕانەشە کە دارستانەکە ماوە، ئەگینا ئەمیش لە مێژ بوو فەوتابوو" هۆ لە سەر ئەو بەرزاییەی سەرەوە پێکەوە دانیشتین. ڕێک دە ساڵ لەوەپێش.
پاچمان لە گۆڕەکەدا. گڵە نەرمەکەی هێشتا سفت نەبووبوو.
دایکم دەیگوت، خۆم بەخێوم کرد. بە منداڵی هەمیشە بە کۆڵمەوە بوو. منداڵێکی ئارام و بێدەنگ. خاڵم دەیگوت: "کەمال! ئەو زەوییەی پشتی جنێرە دەبینی؟ لە داهاتوودا دەیکڕم و دەیکەم بە مەزرایەکی گەورە. ژێرخانێکی گەورەشی لێ چێ دەکەم، وەها کەس پێی نەزانێ. چی تاقیکردنەوەی زانستیم لە بەرنامەدایە لەوێ بە ڕێوەی دەبەم. دنیا شێت دەکەم!"
باشترین قوتابیی قوتابخانە بوو لە ناو هاوپۆلەکانیدا. هەموو ئێوارەیەک لە ماڵەوە خەریکی تاقیکردنەوەی مادە کیمیاییەکان بوو.
نیوەی باڵام لە گۆڕەکەیدا نوقم دەبێ.
بە منداڵی هەمیشە جیرەم لە هاوتەمەنەکانم کەمتر بوو. هەمیشە خاڵم جیرەی دەدامێ. دەیزانی و بە زۆر بە نێو مشت یا گیرفانیدا دەکردم.
گڵە سوورە ساردەکە بەرەو کۆتایی دەچێ. چاوم لە ئاستی زەویدایە و مێرووەکان سەرنجم دەقۆزنەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لـە لای قاچـیەوە بـەردەکان دانـە بـە دانـە لادەبـەم: گۆرەوی قوڕاوی، پوزلاخ، پانتۆڵـێکی قـوڕاوی، کـراس کەتافییەکی رەنگ بزڕکاو... سەرێکی قژ لوول کە لە سەرلا کەوتووە. یەکێک لە پیاوەکان:

- خۆیەتی، برایمە!

پیاوێکـی‌تـر خـۆی هەڵـدەداتە نـێو گـۆڕەکە. دەست بۆ تەرمەکە دەبەم. سارد سـاردە. سـاردتر لە کێلی گۆڕەکەی و گڵە سوورەکەی ژێری. ناوشانی دەگرم و هەڵی دەکێشم. لە ئامێزمدایە.

دوای چوار ساڵ کە لە گوندێکی، سەر سنوور بینیم، باوەشم پێدا کرد. گوتی: "حاح چەند گەورە بووە، پیاوێکی تەواوە!" ئەوسا پێکەنیبوو.

لـە سـەر زەوی رایدەکێـشین. دەسـت دەدەمـە سـەری. خـڕەی دێـت. چاوی راسـتی رژاوەتـە دەرەوە. سپی سپی‌یە. فیشەکێک لەم گوێوە بەرەو ئەو گوێی رێگـای بڕیـوە. ددانەکانی بە سەر یەکتردا جووت کردووە. ئازارێکی زۆر. جل و بەرگەکـەی دادەکـەنین. سـەعاتەکەی هـەر بـە مەچەکەوەیـە. دایدەکـەنم. پێـستی لـە گـەڵ سـەعاتەکە دێـت. فیـشەکێک لـە بـن گەردنـیەوە بـەرەو نـێو جەسـتەی رۆیـشتووە. باوەگـەورەم دێ ، بـە کۆمە کۆم. لێی رادەمێنێ. دەست دەخاتـە دەسـتی و دەڵـێ: "رۆڵە!" ئەوسا چەند کورکەی خنکاوی نێو قورگ. بە سەر جەستەی رووتیدا دەکەوم.

شـۆرتەکەی ژمـارەی پـێوەیە. دەیـشۆین و کفـنی دەکـەین. دواتـر جلـەکانی لەولاترەوە دەسووتێنم.

دایکی تا مرد لە خەڵوەتی بێ پایانی خۆیدا هەر گریا و گریا.

بـە زەحمـەت هـەنگاو هەڵـدێنم. "ئەستێرەکان چەند فێنکن!" چیا، تارماییەکی گەورەیـە، بـەرەو ڕووی هـەنگاو دەنـێم. "سـیا دەبێ چی لێ بەسەر هاتبێ، دەر چـووە؟" بـەرەو کۆتایـی ژیـان. هـەنگاوەکان پەلـە ناکەن. قۆناغە تفەنگێک و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نووچدانێک. دەکەوم. بەرەو کەوتنی یەکجاری. کۆتایی ئەندێشە و خەیاڵەکانی دەروون. هەناسەیەکی قـووڵ. سەرەداوی پچڕاوی خەیاڵەکان. بۆن و بەرامەی بیرەوەریـیەکان. خەونێکـی ئاوسـی دیـل. ڕێگـای خۆشـبەختی و گەیـشتن بـە ئارەزووەکـان، لـە گەڵ ڕێگای ماڵئاوایی چەند لە یەک نزیکن! نزیکتر لە من و فاتـێ، یـان لـە من و سماییل. ئەستێرەکان ساردن. دەمری یان نامری؟ گرنگ نی‌یە، جیهان نوقمی ڕووداوە سروشتی‌یەکانی خۆیەتی. گیای نەرمی پاڵ چیا لە ژێـر هەنگاوەکانـدا تـەخت دەبـن و بـەلادا دێـن. "بـا" ڕاسـتیان دەکاتـەوە. دەشـنێنەوە، ئەگـەر ئـاو فـریایان بکـەوێ. قورسـایی شـەو، لە سەر شان. لە چ بێدەنگـی‌یەکـدا هەمـوو شـتێک خەریکـە کۆتایـی دێت. دوای فاتێ پرسەیەکی نـوێ. گـوللەکان سـەر بـە هەمـوو شـوێنێکدا دەکەن. ویز... ویز! بۆ نەیکەن؟ ئەوانـیش دەسـتێکی دیکـەی دەسـتەکانی دەسـت درێـژیین. نـیوە شـەو، گـڵۆپەکانی شـار، کەم دەبنەوە. شەو بۆ نووستنە. نوستنی دوای کاری ڕۆژانە و هەڵڕشـتنی سـۆزو خۆشەویـستی، چەنـد بـە لەزەتـە! شـیوێکی بچـووک دەم دەکاتـەوە. تارمایـیە بـزۆزەکان هەڵدەلوشـێ. لـەو بێدەنگیـیانەدا کە جار و بار دەست دەدەن، خوڕەی بە ئاستەمی جۆگەلە ئاوێک دێتە گوێ. ڕامدەوەشێنن. تارمایـیەکان دوور دەکەونـەوە. یەکـیان، بـەدەم چـاو بەسـتنمەوە دووپـاتی دوا دەرفەت دەکاتەوە. بیر دەکەمەوە!

"نـە سمایـل دوا دەرفـەتی پـێ درا، نـە فاتێ... دەرفەت، قورسایی مەرگ زیاتر دەکا."

حـەز دەکـەم تێـر و پـڕ گـوێم لـە خـوڕەی جـۆگەلە ئاوەکە بێت. "تارماییەکان بـێدەنگ بـن، بێ چرپە و سرتە!" گوێم دەکرێتەوەو دەکرێتەوە. جریوەی ئەو باڵـندانەی کـە بـە شـەودا دێـنە گوێ. ڕەنگـە، وڕسـی دەکـەن یـان ڕەنگـە بێچوەکانیان دەجولێن و عاسی‌یان دەکەن.

کـە مـنداڵ بـووین لەگـەڵ خوشـکەکانم دەچووینە ژێر لێفەیەکەوە. لە خەیاڵی خـۆماندا دێـو و درنـج و پـەریمان دروسـت دەکـرد، ئەوسا لە ژێر لێفەکەوە بە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

یەکـەوە دەنووسـاین و، دەمانکـردە جـیق و فـیق و قـریوەی ترس. باوکم یان دایکـم دەنگـیان دەدایـن. ئەوسـا تـا ماوەیەک مت دەبووین. دواتر لێفەکەمان لادەداو دەنووستین.

دەنگی رەقی میلی تفەنگەکان، دەنگەکان دەخنکێنێ. دیسان بێدەنگی. ئێستا نا ئێـستا دەنگـی رێـژنەی پـەیام هێـنەرانی مەرگ. ددانە لە جیرِەوە بردووەکانی خاڵـم لـەو دیـو پەڕۆکـەی سـەر چاومـەوە دەبینـرێن. فاتێ چاوی کراوە بوو و گلێنەکانی بەلادا هاتبوون. دایکم دەمی نایە خوێنەکەی. مەمکی فاتێ پڕ بوو لە شـیر. ئەحمـەد قەت نەیمژییەوە! جەستەم رەق دەکەم ، وەک چۆن دەرزیت لـێ دەدەن. بـە منداڵـی کە دەرزییان لێ دەدام لە ترسی باوکم نەمدەوێرا هیچ بـڵێم، بەڵـام تـا دەمـتوانی خۆم رەق دەکرد. وەها کە دواتر زۆر خراپ پێوەی دەشەلیم. باوکم دەیگوت: "توخمەسەگ!"

ئێـستا نـا ئێـستا! زامـەکانی جەسـتەم دیـسان زامار دەبنەوە! زامێکی بێ سارێژ بـوونەوە. زامـێک کـە ئیتـر دەبـێ برِژێ، بۆ ئەوەی بسرِێتەوە. بایەک گەرمای لامـل و نـێوچاوانم لەگـەڵ خۆی دەبا. بۆ کوێ؟ نازانم. دایکم دەیگوت: "با، بە گەرمای هاوین نیعمەتە و بە سەرمای زستان بەڵا!"

- بۆ دایە با بە زستان سەرما دێنێ و بە هاوین گەرما؟

- رۆڵە! شاخەکانی ئێمە بە هاوینیش فێنکن.

کەواتە " با" گەرمای جەستەی من بۆ شاخەکان دەبا. دەیبا و لەوێ دەینێژێ.

دەمـم وشـکە. قـورگم وشـکە. حـەزی قـوتدانی تفـێک. لـێوەکانم بـە یەکـدا دەلکێن و تف لە دایک نابێ.

لە ژێر لێفەکە سەر دەردێنم. ژوورەکە تاریک تاریکە.

-دایە! توونیمە.

دوای ماوەیەک دیسان دووپاتی دەکەمەوە.

- دایک کەر بخەوە!... ئەوەتا لە پشت سەرتانەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەڵـام هەڵدەسـتێ و دەمداتێ. دەیخۆمەوە و دیسان خۆم لە ژێر لێفەکەوە بزر دەکەم.

ئێـستا نا ئێستا! گوللەکان دوا بڕیارن. کەللە ڕەقترێکن لەوەی پاش‌گەز بنەوە. دێـن. یـەک بـە دوای یەکـدا. بـێ پرس. گوللە بۆیە گوللەیە، چونکە حەزی بە پـرس کردن نی‌یە. دێت بۆ ئەوەی بەو پەڕی هێزیەوە پێت بڵێ چ مەبەستێکی هەیە و کێیە و چی پێدەکرێ.

قـاچم مانـدوو دەبـێت. خـۆم بـەملاو لادا دەخـەم. دەنگـێک ناگاتـە گـوێ. بـا، هەناسـەیەکی بـەردەوام. دەرفـەتی مـەرگ تا دێ درێژتر دەبێتەوە. درێژتر لە ترۆپکی خۆیدا.

درەخــتەکانی وەرزی ژان گوڵــیان کــردووە و خــەریکن بــەر دەدەن، بــەری مـەرگ! کۆڵـانەکان بـەرەو ئێـرە دەتهێـنن. تا دەتوانی سەما بکە! دوا وزەکانی سـەما هەڵـرێژە! سـووکتر دەبیت. سەما فێرە پێکەنین و شەڕ و مردنت دەکا. هەڵـپەڕە! جەسـتەت گێـژ و لـول بـدە! قـسە نەوتـراوەکانت بـە نەعـرەتەوە هەڵـڕێژە! هەموو قسەکان ناکرێن. تەمەن کورتە. تەمەنێکی ژاناوی، کورتترە. هەرچـی گـوڵ شـک دەبـەی لە بەرۆکی خۆشەویستەکان و ئەو کاتانەی ژیانت بـــدە کـــە دەزانی بـــە کەیفـــی خـــۆت تێـــیاندا ژیـــاوی. پـــەنا و پەســـێوی بـیرەوەری‌یەکانت بپشکنە و چی حەسرەتی بەجێماوی تێدایە، بیکە بە نەفرەت و هاواری بکە: " نەفرەتتان لێ بێت!... نەفرەت."

باڵـندەکانی سـیما، لـە شارەوە هەڵفڕیون و هاتوون لە قەراغ جۆگەلەی پاڵتەوە هەڵنیـشتوون. لەگـەڵ هـەر دڵـۆپە فرمێـسکێک، قومـێک لـە ئاوەکـە دەدەن. ئاوەکـە، وەک فرمێـسک سـوێر نی‌یـە. ئـاو تامـی نی‌یە، تەنیا دەنگی خۆشە... خۆشـی‌یـەک بـە درێژایـی بـوونی مـرۆڤ. ئـای مرۆڤـی ترسـناک! ئای مرۆڤی ترسـاو! مـردووی بـوونی خـەون و مـردووی نەبـوونی خـەون! بوونەوەری نێو بەرزەخـــی قەراغـــەکان! نیوەشـــەوە و شـــار هەناســـەی قـــووڵ و بـــە نـــەزم هەڵدەکێـشێت. بـیرەوەری‌یـەکان لـەناو کۆڵـان و شـەقام و خانـووە تەپـیوو و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تاریکـەکاندا خەریکی هاتوو چۆن. عەودالن. بۆنی پاییز و تامی بەهار دەدەن. لـە هەمـوو قـوژبن و شـوێنێک رادەمێنن. رامان، کاتەکان ئەبەدی دەکا. رامان، تەمەن دەوەستێنێ. تەمەن قورس دەکا و دەیباتە بەر کەرتە شاخێکی بلند.

نەغمـەی دەروون، وێلی نێو کۆلانی نێو چاوەکانت دەکا. کۆلانە تەماوییەکانی بالـندە ماتـەکان. نەغمـە بـە ناخـی هەمـوو شـتێکدا شـۆڕت دەکاتـەوە. نەغمە، دەروازەی هەمـوو ئارەزووەکـانی دنـیات بەروودا دەکاتەوە. جامی تەمەن سەر رێـژە و پیـتەکانی مۆسـیقا دەڕژێـن. تیـنووەکان بـە دەورییەوەن و دەمی پێوە دەنـێن. سەرخۆشەکان پاڵ بە پیالەی "مەی" ەوە دەدەن و خەون بە قارەمانێتی و هەلڕشتنی تەمەنی حەسرەتاوییەوە دەبینن.

"نەفرەتت لێ بێ فرمێسک، کە لە هەموو شوێنێک بەر بینگم پێ دەگری!"

ژانـەکان دەیانەوێ جەستە بخەن. جەستە بێ ئۆقرەیە. لاوازتر لەوەی قاچەکان تەحەمـولی فرمێـسک و مـەرگ بکـەن. شەرم، ناخ دەسووتێنێ. قنج دەبمەوە. وەها کە زامەکان دەکشێن و گڕ دەگرن. دەسووتێن.

ئێـستا نـا ئێـستا! بەلـام نـەء... چەند لە زەمەن تێپەڕیوە؟ ماندوویی دەلێ زۆر. بێدەنگی بەردەوامە.

"تەنیام، یان ئەوان بێدەنگن؟"

بـیری تەنیایـی بـۆنی کاتـەکان دەگـۆڕێ. ئـەم شـاخەی پشتەوە مرۆ ون دەکا. گـرێ خڕەکـە لـە سـەر سـێبەنەی پـشت هەسـت پێدەکـرێ. شـاخ بە قاچیش دەبڕدرێ. دەروون دەکرێتەوە.

"رەنگە تەها بیەوێ قەرەبووی هەموو شتێک بکاتەوە!"

رامـانی زیاتـر. بـزوان. یـەک دوو هـەنگاو بـەرەو دوا. قرمـژنی گـوللە، شـەو دادەچـلەکێنێ. بکـەوی یـان نەکـەوی؟ پرسـیاری هەنووکەیـی. ناکـەوی. دەم، وشـکتر. گـوێ، قورسایی هەموو ژاوە ژاوەکانی دنیا بەسەریەوە. تەقەی دیکە. ویـزەی گـوللەکان، خێـرا و بـێ کۆتاییە. ئەژنۆ شل دەبێت. هەست کردن بە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەمـوو ئەندامـەکانی جەسـتە. تـوک، داوای ژیـان دەکـا. نەفـرەت لـە مـردن!
کوڵمەکان خەریکن گڕ دەگرن.
کتوپڕ دەنگی قاقای پێکەنین.
"ئەو هەموو فیشەکە بۆ؟ تەنیا یەک فیشەک بەسە!"
تارمایـیەکان نـزیک دەبـنەوە. دەنگـی مـیل هێـنانەوەی دەمانچـە. تـەق... تـەق...تـەق. بـۆنی بـاروت، بـۆنی ئاسـنی ژەنگـاویم بـیر دەخاتەوە. جوێن و لێدان. دەکەوم.
... کە لە ژوورە بچووکەکە بەسەر پەتوەکاندا دەکەومەوە، تێر تێر دەگریم.

نـیوە شـەوە. لـە پـشت شووشـەکان راوەستاویت و نیگات ئەو دیوی سنووری چاوانـت ناکـەوێ. دەسـت هەڵـدەبڕێ و ئارام لە سەر شووشە ساردەکانی نیوە شـەوی دادەنـێ. لـەرەی بـسکە درێـژەکانت بەسـەر لامـل و گـوێچکەکانتدا هەسـت پێدەکرێ. وەک ئەو شەوە دیسان دنیا بێ دەنگە. شەوەکان تێپەڕیون و هـەمان خولـیا هێـناوتیەوە پـشت پەنجەرەکـە. خەونـەکان نارزێن، جەستەی مرۆڤ دەڕزێ. مرۆڤ دەمرێ خەونەکان دەمێنن. بە میرات بەجێ دەمێنن، لە تـۆوە بۆ کەمال... لە تۆوە بۆ فرمێسکەکانی باوک و خوشکەکانت... لە تۆوە بۆ پەنجـەرەکان و بۆ نیوە شەو. خەونەکان لە هەموو شوێنێک هەن. دەمێننەوە... دەمێـنـنەوە تا مرۆڤەکانی دیکە لە دایک بن، ئەوسا لە یەکەم گریاندا، لە یەکەم ئـازاردا، لـە یەکـەم بێدەنگـیدا، خـۆیان بـە جەسـتەدا دەکەنـەوە. واز ناهێـنن. عاشـقی ژیـانن. لـە فـەزای ئەفسانەیی ژیاندا دەمێننەوە و لەگەڵ یەک کەوتنی یەکـەم هـەورە سەرگەردانەکانی داخوازییەکان، وەک شەتاو، زەوی دادەگرن. تـۆش ئـەوکات شـێتانە دەرگـا دەکەیـتەوە و لـە کاتێکدا ئامێزت کردۆتەوە و، هـاوار دەکـەی، خـۆت دەدەیـتە بـەری. تـەڕم کە! بم خووسێنە! بم توێنەوە و لەگەڵ خاک بمکە بە هاوڕازی رووان!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کـە بـاران دەبـارێ، پەنجـەرەکان دەگـرین. تـۆش دەسـتەکانت بـە پـشتی فرمێـسکەکاندا دەگـێڕی. تـۆ لـەو دیوی فرمێسکەکانەوە دەژی. فرمێسکەکان شوورەی تۆن. تەنیا بێدەنگی بە سەریدا باز هەڵدەدات و دێت دەبێ بە میوانی چـاوە تیـشک مـردووەکانت. جارێکی دیکە، تیشکی چاوانت کەمال راناگوێزێ بـۆ نـاو تاریکخانـەی وێـنەکان. کـەمال و کۆڵـان بوون بە بۆن و بوون بە چرپە. وێـنەکان لـە قووڵاییەکاندان. دەستت نایانگاتێ. بە خوشکەکانت دەڵێی هەموو ئـێوارەیەک بتـبەنە سـەر قادرمـەکان. بەشـکە کـەمال بـێت و چـاو لـە چـاوە چاوەڕوانەکانت ببڕێ. وەک جاران دەست بە بسکتدا دێنی و سەرت بە ئاستەم نـەوی دەکـەیت و زەردەخەنەیـەک لـێوەکانت دەکـشێنێ. زەردەخەنە! رەنگە هـەر خەیاڵـی زەردەخەنە بێت. بەڵام نا نا ... قادرمەکان شوێنی لەدایک بوونی زەردەخەنەن و پەنجەرەکانیش فرمێسک.

ئێـستا وێنەکانی ڕابردوو بەهێز و گوڕێکی پترەوە بەرۆکت پێ دەگرن. وێنەی کۆڵـانەکەی دایکیـشت لـە هـەر کاتێکـی دیکـە تۆختـرە. ئەوەنـدە تـۆخ، کـە رەنگـەکان تیـشک دەهاوێـژن و سـنوورەکانی خـۆیان جـێ دێڵن. لە قڕیوەی خوشـکە بچووک چی ماوە، جگە لە بیرەوەرییەکی دوور؟ هیچ. دەست بە سەر درزی ئاوێـنەکەدا دەگـێڕێ. درزەکـە تیـژو بـێبەزەیـیە. بەڵام ئیتر سیمای تۆ دووکەرت ناکا. درزەکە رەهۆڵێکی گەورەی تاریکە. وەک چاوانت. سماییلیش دەکـرا پـێش مـردنی، چـاوانی تاریـک بـن، بەڵـام ئـەو لـە هەڕەتی گەنجیەتی چاوانیدا ، مرد. چاوانی دنیایەک روانینیان مابوو.

بـۆ نـسێی ژووری ئاوێـنەکە هـەر وەک خـۆیەتی. بـۆنی منداڵـی و سـەر دەمی هەرزەکاریـی تـۆیە. تێـر هەڵـیمژە! سـەر دەمانێک بیری دەکەی. هەر چەندە رەنگـە ئـەو سـەر دەمـەش نەیـەت و هـەر لـەم ژوورەدا ئاخـر هەناسەی ژیان هەڵکێشێ. وەک باوەگەورەی سەرەتای چیرۆکەکە!

دەستەکان بوون بە چاو. بەڵام تەنیا دەتوانن جەستەی کەماڵ هەست پێ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بکـەن. تـۆ ئیتـر نـە پـێکەنین دەبـینی و نـە بریسکەی چاوانی و نە خەمەکانی. ئەمانـە دەبـێ خەیاڵـی تـۆ بینوێنن! مێشک جەنجاڵە. جەنجاڵتر لەو شیوەی کە ئـەو شـەوە کـەماڵ تامـی مەرگـی تـێدا کـرد یـان رەنگە هەر بە قەد ئەو شەوە جەنجاڵ بێت. نە زیاتر، نە کەمتر.

دەسـت بـە دیـوارەکاندا دەگـێڕی. هـەر ئـەو دیوارانەن، بەڵام ئەمجارە چاڵ و چۆڵـەکانی و گەچـە هەڵـوەریوەکانی لە جۆرێکی دیکەن، زبرن و تیژ و قووڵ. زبرتــر لــەو کاتانــەی کــە درابــووی بــە خــوله... تیژتــر لــەو کاتانــەی کــە لەندکرۆزێـرەکە لـە کۆڵـان تـێدەپەڕی... قووڵتر لەو کاتانەی لە سەر قادرمە و پشت پەنجەرەکە چاوەڕوانیی کەمالت دەکرد.

ئێستا ئیتر دەنگەکانن، وێنەکان پیشانی تۆ دەدەن. دەنگەکان بە کەیفی خۆیان وێـنەکان دەکێشنەوە،دەنگی باوکت نیوە گرە... سیماشی ئیتر سمێڵییەکی برۆ پـڕی نـیوە مـۆنە،کە دەکـرێ هەمیشە جگەرەیەکی پێ بێت. کە دەنگی باوکت دەنگـی لاواندنەوەی تۆ نەبێت، رقت لێی دەبێتەوە. رقێکی وا کە حەز دەکەیت بگـریت. دەنگی خوشکەکانت ناسکە. ناسکتر لە خۆیان. سیماشیان بەهەرەیەکە لـە دوو پـەری کـە دەکـرێ هـەر یەکە جووتە باڵێکیان پێوە بێت و بەردەوام لە بێدەنگـیدا و دوور لە بینینی تۆ بفڕێن و بفڕێن. کە دەنگیان نەلاوێننەوە، رقت لێیان دەبێتەوە. رقێکی وا کە حەز دەکەی شەڕیان پێ بفرۆشی.

گـۆڕانی کاتـەکان و وەرزەکـان کۆتایـیان هاتـووە.سەردەم، سەردەمی گۆڕانی هەمـوو شتێکە لە وەرزێکدا. نامۆیی دەکەی. لە هیچ شوێنێک ئۆقرە ناگری. لە خـۆت و دەوروبەرت و خەونەکان وەڕزی. بەڵام دواتر دەبینی نا، لە خەونەکان وەڕز نیت. رووت تێ دەکەنەوە و، داوای سەمات لێ دەکەن.

دەچیـتە لای کتێـبخانە گچکەکـەت. بە پەنجەکانت کتێبەکان جیا دەکەیتەوە و، یـاری بـە پەڕەکانـیان دەکەیت،دەنگێکـی وەک فـڕە فـڕ، کاتێک باڵندە لە نێو مێرگەوە یان درەختێکی دارستانەوە بە هەڵەداوان دوور دەکەوێتەوە. دانە دانە دەیانکەیـتەوە و بۆنـیان پـێوە دەکـەی. بـۆنی پـەڕە زەرد و کـۆنەکان تایبەتن.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بۆنـێکە کـە تەنـیا هـی کتێـبە... بـۆنی کتێـبە تازەکـان، بـیری منداڵـی و پـشت کورسـی‌یـەکانی نـێو قـوتابخانەت دەخەنـەوە. بـیری تـرس و دڵە کوتێی چوار دیوارییەکان.

"کایە ئەگەر دەکرێ ئەم کتێبەم بۆ بخوێننەوە!"

خوشکەکانت یەکیان دەست پێ دەکا:

"... کاتـەکان هــی تۆن، ئەگەر بتەوێ هی تۆ بن! کاتەکان ڕادەبرن،بەڵام لە نێو لاپـەڕە و لـە تـان و پـۆی وشـەکاندا دەمێننەوە. گەر لە نێو کتێبەکاندا بژی لە هەمـوو زەمەنەکاندا دەژی. لە هەر کوێیەک بـیت زەمەنێک دەگا کە هەست دەکـەی دەبـێ بارگـە و بـنەت بخـەی و دەسـت پـێ بکـەی. بارگـە و بنەت بە درێژایـی ساڵـانی سـاڵ هـەر بـۆ ئێـستە و هەر بۆ ئەم مەبەستە بووە. پێکەنینت دێ. درامـای ژیـان لێرەدا تۆی گەیاندۆتە ترۆپکی خۆت. ئایا هەڵدەدێری یان دەیپێوی؟"

زەمـەن لـە تاریکی‌دا تێپەڕ دەکەیت. ئەی کە شەوو ڕۆژ نەبینیت، چۆن هەست بـە رووبـاری کـات دەکەیت ؟ بیر کردنەوە، یەکـڕەنگیی بینینت دەنەخشێنێ. هـەتاوی ئومـێد لە خۆتدا هەڵدێ و ئاوا دەبێ.نیوە شەوان لەو پەڕی دڵتەنگی‌دا هەڵدێ و ئێواران لەو پەڕی دڵ کراوەییدا ئاوا دەبێ.

ئێـستا هەمیـشە پەڕەکـەت پێ‌یە. لە بن پشتێن یان گیرفانی باغەڵت یان لە نێو مەمکانتی دەخەی. چڵکن و کۆن بووە. بەڵام بۆنی دەستی کەمال و تامی چاوی سماییل هەر دەدا.

خـولەی باجی عاسێ وازی هێنا. دایکی بۆ نێچیری ساغ و چەلەنگ،پەرتەوازەی کۆڵـانەکانی دیکـە بـوو. هـات. فرمێـسکی رشت. گریا. ماچی کردی. خولەش هـات. لاسـەرووی دیوەخان کەوت. چاوی لە زەوی بڕی. چایەکی خواردەوە و چایەکـــی دیکەشـــی هەڵـــقوراند. ئیتـــر ڕۆیـــشت. دواتـــر هەمـــوو شـــتێکیان هەڵوەشـاندەوە. بەڵـام وازی لـە نـاردنی دیاری نەهێنا. دوو جاری دیکە دیاری

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**نـارد. بەڵـام ئـەمجارە بـۆ تـۆ ئەم دیاریانە بۆنی بەزەییان لێ دەهات. خۆشحاڵ بـوویت کـە لـە نـێو جـیهانی خۆت و کەمالدا جێی هێشتی. بەڵام گریاشیت. بۆ نەگـری؟ کەمالیش پیاو بوو پیاو. دەبێ دەستت بگرێ، دەبێ کاری ناو ماڵت بۆ بکا، دەبێ لەگەڵ دانیشتنەکانت رابێت. کەمال ئەوە دەکا؟**

**لەندکرۆزێـرەکەش تەنـیا بـە چەند رۆژ جارێک دەنگیت دەبیست. ئەو دەنگە، دەنگی ئیش و کاری خۆیان بوو.**

**"نەکا کەمال بەم لەندکرۆزێرە، بە هەڵکەوت بەم کۆڵانەدا تێپەڕێنن!"**

**بیر دەکەیتەوە کە کەمال بە جۆرێک لەگەڵ ئەم لەندکرۆزێرە پەیوەندیی هەیـە. دەیبـینی و دەیبیـنێ. ئیتـر ئەمـەیش بـۆت دەبێ بە کەژاوەی نیگا. ئەو نیگایەی کە نەتزانی بێ ترس و بێ شەرم کردن لە خەڵکی گەڕەک ، لە دووەم پیاسەی عەشقیدا ، ئامێزی بۆ بکەیتەوە و هەتا هەتایە خۆتی تیا نوقم کەیت.**

**بـەیانییەکـیان زوو، یەکـێک لـە خوشکەکانت حەوشەی گسک دەدا. کتوپڕ بە پەلە خۆی کرد بە ژووریدا.**

**- دادە! وەرەقەی دیکە... هەر لەوەی جاران... ها.**

**خـستیە نـێو باوەشـت. چەنـد جـوان لـە سـەر رانـەکانت هەسـتت پـێ دەکرد. دەسـتت کەوتـە لـەرزین. هەڵت گرت. بۆ دەمت برد. بۆنت کرد. ماچت کرد یــان نــا؟ نــازانی. وەرەقەکــەی دیکــەت دەرهێــنا و خــستتنە ســەر یــەک. نوێیەکەیان بچووکتر بوو. لێدانی دڵت زیادی کرد.**

**"کەمال؟... ئازاد بووە؟... ئەی سما..."**

**دڵۆپە بارانەکانی ساڵی نەهامەتی لە سەر پەڕەکە رێچکەیان بەست.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕێچکـەیان بەسـتووە. یەک لە دوای یەک لە گەردەنەکە دێنە خوارەوە، دەیان ئۆتۆمبـیل و زیـل و دەبابـەی سـەر بازی . لە نێو شار نامێننەوە و بەرەو سنوور دەچـن. سـەربازەکان بـێدەنگن، تـاک و تەرا نەبێ لە نێو ئەم زیل و ئەو زیلدا خەریکـی گاڵـتە و گـەپن. خەڵـک لـە بێدەنگـیدا لێـیان دەڕوانـێ. چەند ڕۆژە خەڵـک بـەرەو ئاوایییەکان و شارەکانی دیکە ڕۆیشتوون. شار تا دێ جەماوەری نیـشتە جێـی کـەم دەبێـتەوە. کـەل و پەلـەکان، یـان ڕاگوێـزراون، یـان لـە ژێـرخانەکان خراون . دەرگاکان قوفڵ دراون. شار زۆربەی کات لە بێدەنگی و تـرس و چـاوەڕوانیدا دەژی. پەیـوەندی سـنوور و شەڕ خۆی داڕشتووەتەوە. سـنوور بـۆیە سـنوورە چـوونکە لەوێـیە شـەڕەکان دەسـت پێدەکەن. بۆ شەڕ پێویـستت بە سنوور هەیە. ئەگەر خاوەن سنووری، یان دەتەوێ ببی بە خاوەن سنوور، مەترسە! خاوەن مەنتقی دەروونی شەڕیت. دوا ماشێنی سەربازی کە لە شـار دەردەچـێ، چـوار لوولێکـی دژەهێرشـی ئاسمانی بە سەرەوەیە. ڕەشێکی قەتـرانییـە. هـەور بـە ئاسمانـەوە نییـە. ئاسمـانی شین، دڵ دەگوشێ و بۆنی کارەسـاتی لـێ دێـت. دەمـەو زسـتانە و زەوی مـوژدەی هـەور، سەرما و تەڕ و تووشی پێیە.

- ئەوەندەی نەماوە ئەم ماوەیە تێپەڕ بێت، ئیتر جووڵانەوە لەم شاخانە مەحاڵە.

- پێش تەڕ و توشی دەستیان پێ کردووە. ئەمە دوا دەرفەتە... خوا بکا بە خێر بگوزەرێ!

دەمـەو ئـێوارەیە. سـەربازخانەکان لـە جم و جۆڵدان. دەنگی ئاژیری خەتەر لە سـەربازخانەی گشتییەوە دێت. کتوپڕ دەنگی فڕۆکە ئاسمان دادەگرێ. یەک، دوو، سـێ... بـە شـوێن یەکتردا دێن. سپی و ڕەش. جار جارە دەبریسکێنەوە. بـەرە و ژێرخانەکان، گریان و پاڕانەوە و زریکە و بێدەنگی. چاوەکان، شتەکان ون دەکـەن و، تەنـیا لـە دیـوارەکان و چـاوانی دی دەگەڕێن. لە دیوارەکاندا لە قایمـی و پـتەوی دەگـەڕێن و لـە چاوەکانـدا لـە مـتمانە و ڕەوینـەوەی ترس و بەخشینی ئۆمێد. باڵندە ئاسنینەکان بەرەو زەوی دەکشێن.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بـەرەو رۆچـنەکە مـل دەکێـشم. حەزم لە بینینی دەرەوەیە. مێرووولەکان بەرەو هێلانەکانـیان پاشەکشەیان کردووە. جەستەم لە دەرەوەی کونەکانیانە. لە مێژە بـۆنی پاییـز لـە رۆچـنە و کون و کەلەبەری دەرگاکەوە خۆی بە ژووریدا دەکا. یەکەم باران و بۆنی یەکەم خۆڵ، بیری پێکەنینی خستمەوە. پێکەنیم. پێکەنینی ماندوویی! رەنگە نەء. گرنگ ئەوەیە هات. بۆ خۆی هات.

- دەچین بۆ مولاقاتی خاڵت، هەستە رۆڵە! دایکم گوتی.

تـێکڕا دەچـووین. ژنـان و چەنـد پیاوێک و منداڵەکانیش. دەمانکردە قریوە و بـەزم و هــەرا. لـێمان تـوڕە دەبـوون . دایکـم و ئـەوان شمـەکەکانـیان پــێ هەڵـدەگرتین و وەپـێش خۆیانـیان دەدایـن. زیـندانی شـار لـە کۆڵانێکی سەر شـەقامی گـشتی بـوو، دیوارەکانی بەرز و پەنجەرەکانی شین، لەگەڵ نیگابانێک کـە لـە نـێو کولانەیەکـی ئاسـنیندا بـە خـۆی و "ئـێم یـەک" ێکەوە راوەستابوو. دەچووینــە ژووریّ. خاڵـم دەهات و ماچی دەکردین . ئەوسا لەگەڵ گەورەکان دەدوا و ئـێمەش پـاش ئـەوەی بـۆ ماوەیـەک لێی رادەماین، سەرنجی چەک بە دەسـتەکانمان دەدا. جیهانێکی ئەفسانەیی! بێگومان خاڵیشم چەکی هەبوو و لە ژوورەکەی خۆی جێی هێشتبوو.

- دایە بۆ خاڵە چەکەکەی ناهێنێ؟

- وس بە!... چەکی چی... ئەیەڕۆ ئەم قسانە لای کەسی دیکە نەکەی!

پـێدەکەنم. دیـسان ئاوڕێکـی رۆچـنەکە دەدەمـەوە. ئاسمانی پاییز لە ئاسمانی هاوین تۆخترە. دێم و دەچم. مەودا پێنج هەنگاوە.

پێـنج کـەس دەگەنـە پێـنج رێگـا. لـە تابلۆیەکـی سـەر رێگاکـان نووسـراوە، هەڵـبژێرن! بەڵام تەنیا یەکێکیان رێگای خۆشبەختییە. سیانیان دەگەڕێنەوە و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دوانیان دەمێننەوە. سیانەکە دەڵێن: کەواتە هەر بە نسیبی یەکمان دەبێ. جا بۆ سەری خۆمان بێشێنین بۆ خۆشبەختی‌یەکی تاقانە!یەک ڕێگا جێی هەموو کەس دەبێتەوە؟ ئینسانەکان لە ڕێگاکان زۆرترن.
سیانەکە کە گەڕانەوە، جاڕیان دا، لە خۆشبەختی مەگەڕێن! خۆشبەختی تاقانەیە. دوانەکەی دیکەش چوون و هێشتا نەهاتوونەتەوە. ئەوسا سیانەکەی دیکە بەرە بەرە لە بەر خۆیانەوە دەڵێن: ئەو دووانە نەهاتنەوە، کەواتە لەو دوو ڕێگایەدا تێدا چوون. ئەوسا کەڵکەڵەی سێ ڕێگاکەی دیکە دەکەوێتە مێشکیانەوە. "لەو سێ ڕێگایە بێگومان یەکیانە."
وەڕێ دەکەونەوە. بەڵام ئەوان نازانن خۆشبەختەکان ناگەڕێنەوە.
ماوەیەکە جم و جۆڵ و هاتوو چۆ لە ڕاڕەوەکاندا کەمتر بووە . تامەزرۆی دەنگی پێم. دەنگ نایە. پێ دەچێ رامگوێزن. تامەزرۆی دەنگی پێی راگواستنم. بۆنی چڵک و ئارەقەی لەشم کاسی کردووم. تامەزرۆی بارانم. بارانێک و راوەستانێکی شێتانە لەبەریدا. دەست بە قژ و ریشمدا دێنم. چەور و پڕ و پێکەوە چەسپاو. دەمەوێ بخەوم. لە ژێر پەتووەکەوە زەق زەق دەڕوانم. بە ئاستەم گوێم لە دەنگی ئاژیرە. سمایل تەرم دەدا بە کۆڵیا و سوار پیکابێکیان دەکا. جار جارە سەیرم دەکا. پێی سەیرە یارمەتی نادەم . حەتم سماییل حەزی بە بارانێکە بۆ ئەوەی لە خوێن خاوێن بێتەوە. قەراغی پەتووەکە لە ژێر چاوانمدایە. قەراغی پەتوو سنووری روانینمە. لە دەرگاکە دەدرێ. "رۆڵە بیکەوە!" دایکمە. "دایە بۆم ناکرێتەوە، لای تۆوە دەکرێتەوە." ئیتر هیچ نالێ و دەڕوا. رادەپەڕم. دەمەوێ تکای لێ بکەم کە ئەوەندە لە دەرگا بدات تا بۆ خۆی دەکرێتەوە... دووکەڵی بافوورەکەی باوکم کتوپڕ لە رۆچنەکەوە خۆی بە ژووریدا دەکا. دووکەڵەکە گرژ و مۆن و دۆڕاوە. باوکم نایەوێ لە دەرگاکە بدات. بۆ؟ لە ژێر دەرگاکەوە سەیری دەرەوە دەکەم. دایکم وەک ئەو شەوەی مەرگی باوکی بووراوەتەوە. لە دەرگاکە دەدەم. "ئاوی بدەنێ، ئاو!" شێتانە لێی دەدەم.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەنگـی لـێدانی دەرگاکـە لەگـەڵ زرمـە و رمبە بەهێزە یەک لە دوای یەکەکان تـێکەڵ دەبـێ. ئـەوە دەستی منە وا بەهێزە؟ دەست دەکێشمەوە. بەڵام رمبە و زرمـە هـەناو تەزێـنەکان هـەر مـاون. وەک دەنگـی جـێ پێـی دێـون. ئەوسـا هاشەکانیـشم گـوێ لێـیە. بیـناکە دەلـەرزێ. دەنگـی هـاوار هاوار و پێکدادانی دەرگاکـان. دەچمـە سووچێکی ژوورەکە و هەڵدەتووتێم و سەرم لە نێو قۆڵ و ئەژنـۆکانمدا نـوقم دەکـەم. هاشـەکان دیـسان دەگەڕێـنەوە. رمـبەکان ئەوجار بەرزتـرن. هەمـوو شـتێ دەسـت دەکا بە رووخان. دەرگاکە دەردەپەڕێ. تەپو تـۆز و دووکەڵ و بارانی تیکە و لیکە. دەنگێکی وەک وەبەریەک کەوتنی دڵۆپە ئـاو و ئاسـنی سـوورکـراوە. ئـارام وەدەر دەکـەوم. دەنگـی ئـاە و ناڵە و قیژ و قاوێکـی دوورە دەست. بە نێو خۆڵ، شووشە، لەتە بەرد، بلوک و گەچدا هەنگاو هەڵدێنم. ژوورەکانی تەنیشتی ژوورەکەی من بەسەر یەکدا تەپیون. دەمەوێ بگەڕێمـەوە سەریان. چاوم بە دەرگاکەی دەرەوە دەکەوێ کە بە دەستە چەپی ژوورەکـەی مـندایە و بـەلادا هاتـووە. کەلێنـێک لە نێوان دەرگاکە و دیوارەکە، کەلـێنی ئـازادی! نیگابانەکەی سەنگەرەکەی سەرەوە دیار نیە. چی لێ هاتووە؟ خـۆم وە بـەینی کەلـێنەکە دەدەم و کـتوپڕ دەنگـی میل هێنانەوە و دەنگـدان. ئـاوڕ دەدەمـەوە. تـەها بـە برینداری سێرەی دەمانچەی لێگرتووم. سەیرە! بۆ دەسبەجێ تەقەی لێ نەکردم؟ هەست دەکەم خەریکە بڕیار دەدا. بە خێرایی، خۆم وەپشت دیوارەکە دەدەم و دەنگی تەقە هەڵدەستێ. تا دەتوانم رادەکەم. شار نە بۆنت دەکا و، نە هەستت پێدەکاو، نە دەتبینێ. تەنانەت تۆ لە نێو زاری شـاردا هـیچ چێـژێک نـادەی. تـۆز، کەپـۆی شـاری گـرتووە. هەسـتی شـار رووشـاوە... چاوەکانی خوێنین و فرمێسکاوی. زاریشی وشک وشکە. زمانی بە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مەڵاشـوویەوە چەسـپاوە و پەیـتا پەیـتا دەکۆکێ! کۆکەیەکی وشک و دواجار تا سـنووری رشـانەوە، رشـانەوەی کـێم و زوخـاوی بـرینەکان. ئـەو بـرینانەی کە سـنووری عەقڵیش دەبەزێنن. روو لە کەلاوەیەک دەکەی. بەسەر وردە بەرد و خۆڵ و پیسایی حەیوان و مرۆدا باز دەدەی.

کـەلاوەکان ئاسـوودەیی دەبەخشن. کەلاوەکان ئیتر لەو پەڕی سنووری دەست درێژیـی راوەسـتاون. ئیتـر دڵنیان لە تەنیایی خۆیان. دەست درێژیی مرۆ ئیتر بـازیـان بەسەردا دەدا، یان بێ ئەوەی ئاوڕیان لێ بداتەوە بەلایاندا تێ دەپەڕێ. کـەلاوەکان بـەجێ دەمێـنن. ئێـرە مـەودای تـێکەڵ بـوونی تەنیایـی و وێرانی و پیساییە. لێرە دانیشی یان نا؟ نازانی... لە کەلاوەکەدا سەرگەردانی... هەندێک ئەولاتـر بـە دەسـتی چەپـدا قوژبنـێکە بـە قـەد دانیـشتن و، خـۆ شـاردنەوەی مـرۆیەک. دیـوارەکان بـۆنی میـزیان لـێ دێـت. بـە قاچ تۆپەڵە پیساییەک توڕ دەدەیـت. قێـز دەکـەی یـان نـا؟ نـازانی. دەچیـتە نێوی. هەناسەیەکی قووڵ و، ئەوسـا کپـی دەکـەیت و، گـوێ هـەڵدەخـەیت. زرمـەی هـەنگاوەکان بـزرن. ئاسـوودەیی. سـەرەتا خـۆت لـە پـاڵدانـەوە دەپارێزی. دواتر ماندوو دەبیت و سەرت بە لایەکی دیوارەکانەوە دەسپێری. مانەوە و ماندوویی راتدێنێ. رادێی. چەنـد گـەڕەکت بڕیـوە؟ نـازانی. بـیرت دێـتەوە ئەم کەلاوەیە پێشتر بەشێکی خانوویەکی قەدیمی بوو، کە چەند بەرەباب تێیدا دەژیان. دواتر لە سەر میرات بـوو بـە شـەڕیان و یەکێکـیان لـە یەکتر کوشت و ئیتر ئەم خانووە چۆڵ کرا... خزمەت نەکرا و بەرە بەرە رووخا. کەلاوەکە دوو لای چۆڵە و لە لایەکەوە پاڵی بـە خانوویەکـی بـەرزەوە داوە و لـە لایەکـی دیکـەوە حەسارێک لە بەشەکەی دیکـەی جـودا دەکاتـەوە. چـاوەڕوانی تاریکی دابێت. تاریکی، کەلاوە بێزراوتر دەکا. کەلاوە، تاریکی بەسامتر دەکا.

کـە گەڕەکـەکانت یـەک لـە دوای یـەک بـڕی، ئەوەنـدەی کە تووشی چۆڵی و بێدەنگـی هـاتی، بـە تـووش مـرۆوە نەبـووی. مرۆی ترساو، کەس ناناسێتەوە. چەنـد کۆڵـان ئەولاتـر، جـووتێ چـاو، بـە تەوسـەوە لێیان روانیت. ناسیتییەوە؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نـازانی. نەتناسـی. بـاش سەرنجیت نەدا. بۆ؟ کاتێک خۆت بە کەلاوەکەدا کرد، جـوان سـەرنجی پشتەوەی خۆت نەدا. هەر کەسێک جوان سەرنجی پشتەوەی خـۆی نـەدا ، دەدۆڕێ. بچـی سـەرنجی دەرەوە بدەی یان نا؟ نازانی. نەکا لەمە خراپتـر بـێت. لـە ئێوارەیەکـی درەنـگ دەکـا. بەڵـام نـێو کەلاوەکە تاریکترە. فێنکیـی ئـێوارە، بـۆگەنەکە کـز دەکـا. ویـزە ویـزی مێشە سەوز و گەورەکان، خەریکـە لـە مەستی دەکـەوێ. گـەر نـیوەڕۆ رووت لێـرە بکردایە، دەخنکای. پێکەنیـنت دێ... سـەیرە! چـوار دیوارییەکـی تەسـک و ریقـنەی تـەقاوەی داڵاشـەکان نـەیان کوشتی، بەڵام حەزیای بۆگەن هەڵتی لووشی! شوێنەکەی تۆ تاریکتـرە. بەرامبەرت، هەندێک خوارەوەتر، نیوە دیوارێکی رووخاو، چاوت بە سـەر دوا تیـشکی ئێوارەیەکـی درەنگـدا دەکاتەوە. ئەگەر تاریک بکا، دەڕۆی. کـتوپڕ دەنـگ! دەنگـی چـپە و هـەنگاو و، راوەستانی یەک لە دوای یەک. پتر خـۆت بـە دیـوارەکەی پـشتەوەت جـووت دەکەی. هەناسە کپ‌تر. لێدانی دڵ زیاتـر. خـنکان. چـاوە تەوسـاوییەکان، بـێگومان ئەوجارە ئەگەر ڕوو بە ڕووت ببـنەوە، بە دەنگی بەرز بەڕووتدا دەتەقنەوە. قاقایەکی شێتانە، شێتت دەکا. ئەو شـێتی سـەرکەوتن و تـۆ شـێتی بـێدەرەتـانی. ئـەو هـێمن و دڕنـدە، تۆ مەند. چرپەکە زیاد دەکا. چرپەکە زمانی دەگیرێ:

- گیانی خخخۆت... ئەمججارە... لللێرە باشتر... ککوێ... ؟

دوو کـەس لـە پـشت نـیوە دیـوارەکەوە دەردەکـەون. یەکـیان پـیر و ئـەوی دیکـەیان لاو. پیرەکـە، مێزەرێکـی شیتاڵ شیتاڵ، جل و بەرگێکی دڕاو و چەند رەنـگ و پینەکـراو. لاوەکە، بە پەنجەکانی گۆنای نوقمی ریشی سپی دەگرێ و بە خەندەیەکەوە دەڵێ:

ـ دەی بەقوربببانت بم... ببباشە... !

پیرەکە خاوەن دەنگێکی هێواش و نووساوە. وەک ئەوەی بە خنکاوی لە دایک بووبێت. تێناگەی.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەیانناسی. دووراو دوور دەیانناسی. لاوەکە، حەمە شێتە، هەمیشە کورتەکێک دەدا بە شانیدا و لاسایی شەقاوەکان دەکاتەوە. کە بە گژیا دەچنەوە، زوو دەکشێتەوە و بە پێکەنین و "گیانی دایکت، گیانی دایکت" گوتن، دوور دەکەوێتەوە. ڕەشتاڵەیە و بە دوور لە چاوی گەورەکان هەمیشە دەور و خولی منداڵان دەدا. ئەوی دیکەشیان مام حەسەنە... ئا... مام حەسەن... وای پێدەڵێن. ئەویش وەک دەڵێن هەمیشە چاوی لە گەنجەکانە!

دوو ساڵ لەوە پێش بوو بینیتن. لە گوندێکی قەراغ شار بوو . خەڵک پەڕیوە بوون و لە گوندەکانی دەری شار گیرسابوونەوە. لە بەر دەرکەی ماڵێک، مام حەسەن ڕاوەستابوو. نازانی بۆ. بەڵام ڕاوەستا بوو. بە دوو هەنگاو مەوداوە لە دەرگایەکی دەڕوانی. حەمە شێت هات. وەک هەمیشە کورتەکێک بە سەر شانیەوە. کۆڵانەکە قەرەباڵغ بوو. حەمە شێت جارێک و دووان هات و ڕۆیشت. جاری دووهەم شانی لە شانی مام حەسەن دا. مام حەسەن ئاوڕی لێ دایەوە. حەمە ئاوڕی نەدایەوە. دیسان هاتەوە. ئەوجار بە زەردەخەنەوە ڕوانیە مام حەسەن و چەند هەنگاو لەولاتر پاڵی بە دیوارەکەوە داو دانیشت. دەستی بە سەریدا دێنا و دیسان بە زەردەخەنەوە لە مام حەسەنی ڕوانییەوە. مام حەسەن سەیری کرد. حەمە چاوی لێ داگرت و ملی بە لایەکدا بۆ قرتاند و، شانێکی بۆ هەڵتەکاند. مام حەسەن بەس لێی دەڕوانی. چەند منداڵێک کۆ بوونەوە. ئەوجار کەسێک لە دەرگاکە هاتە دەرێ و نانێکی بە مام حەسەن دا. مام حەسەن ڕۆیشت. منداڵەکان پتر دەوری حەمە شێتیان دا. حەمە هەستا، ڕۆیشت، هێشتا لە پێچی ناو کۆڵانەکە بزر نەبووبوو، منداڵەکان کەوتنە بەردە باران کردنی. پیاوان پێدەکەنین و ژنان بە ڕوومەتی خۆیاندا دەدا و لە شەرما سوور هەڵدەگەڕان.

خەریک بوو، تاریکی دادەهات. بۆنی تیژی پیسایی ئازاری دەدای. لە بیرت دەکرد. بەڵام کتوپڕ هەموو ئازای ئەندامی دادەگرتی. لە نیوە دیوارەکە ترازان. ئیتر هەر دەنگیان دەگەیشتە گوێت. دەنگ گۆڕا. بوو بە هەناسەی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شـێتانە و نـرکە. وشـەکان خـنکان. نـاو زارت تـاڵ بوو. ئاو. سەرت خستە سەر ئەژنـۆت. ئەژنـۆکانت دەیانـزریکاند. زریکـە، کاسـی کردی. کە چاوت هەڵێنا، پشیلەیەک زەق زەق لێی دەروانیت. وەستا. وەستایت. ترسای. ترسا. هەڵات. هەڵـاتنی کـتوپڕی داینەچـڵەکاندی. بـەردەکان لـە ژێـر پاژنەتـدا خزان، بەڵام هەناسە و نرکە کۆتایی نەهات.

لە پشت نیوە دیوارەکەوە پەیدا بوونەوە. حەمە شێت دوو جگەرەی داگیرسان و بـە دەم زەردەخەنەیەکی لیکاوییەوە، لە کاتێکدا کورتەکەکەی بە سەر شانیدا دابوو، جگەرەیەکی لە نێوان دوو لێوی مام حەسەن خنی.

"سیگار... ئێستا... زززۆر بەتامە... ووانیە؟"

کـەلاوەی تاریـک ، زووتـر دیوار و نیوە دیوارەکانی تێدا ون دەبێت. بە منداڵی قـەت بە شەودا توخنی کەلاوە نەدەکەوتی. کەلاوە بە شەودا ڕەمزی ترس بوو. ڕەمـزی جـنۆکە و دێـوە ئەفـسانەییەکان. لـە کایەی قەرا قەرادا ئەگەر گولیش کـرابان، بـۆ خـۆ داشـاردن قـەت نەدەچـوونە نـێو کـەلاوەوە. کـەلاوە، سـیمای نەفرینێکـی ئەبەدیـیە. ئێـستا لـە تاریکتـرین شـوێنی کەلاوەکەیت. لە شەوێکی ئەنگوستە چاوی تەنیایی شاردا. ترس، ماڵئاوایی کردووە. ئێستا دەزانیت کە لە پـاڵ پیسایی، مرۆ لیکیشی هەڵوەریوە. لیکی حەز، لە ئاوێتە بوونی دوو زەمەنی سەرەتا و دوا ژیانی دوو مرۆڤ.

ڕەنگـە ترسـەکانی منداڵی، ئێستاش هەر لە دەرەوە چاوەڕوانت بن و خۆزگەی بینیـنەوەت کاسـی کـردبێتن! ترسـەکانی منداڵی، ئێستاش هەر لەو کۆڵانانەوە لـەم کەلاوەیـە دەڕوانـن. ئـەوەتا! هەسـت بـە قورسـایی نـیگایان دەکەی. نیگا قـورس و بـزۆز! وەدەرکـەوە!... تـا نەڕۆیـشتوون بـا بیانبـینی! ئێستا منداڵانی گـەڕەک هەمـوویان لـەوێن. پێیان سەیرە کە تۆ چۆن هاتوویتە ئێرە. بێگومان ئەگـەر وەدەرکـەوی، هەمـوویان بـە چـاوی ڕێـزەوە سەیرت دەکەن. بەڵام نا! تەنـیا نـیگای سمایـیلە، قـورس نیە... ئەوە نیە هەر بە منداڵیش نەیتوانی گولی بکات. ئەو هەمیشە لە کایەی نێو گەڕەکدا دەیبردەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- سمایـیل! ئـەمجارە کـە بـووین بـە شـەریک منـیش لـە گەڵـت دێم بـۆ ئـەو کەلاوەیە.
- باشە، وەرە .... دەچین.
یەکـەم جـار کە چووی، لە بەر دیواری کەلاوەکەدا راوەستای. سەیری تاریکیی نێو کەلاوەکەت کرد. سماییل چووە ژوورەوە. بانگی لێ کردیت. نەبزوایت. لە نـێو تاریکیـیەکەوە هاتـە دەرەوە. ویـستی دەسـتت بگرێ و بتبا. ترسای. زۆر ترسای. هەڵاتی. سماییل لە جنۆکە و دێوە ئەفسانەییەکان ئازاتر بوو.
هەڵدەسـتی. دەتەوێ بچیتە دەرەوە. لە بیرت نەماوە چۆن. هەر لە بیریشتدا نەبوو. دەست بە دیوارەکانەوە دەگری. رەتل دەبەی. دەکەوی. بەری دەستت بـریندار دەبـێ. سـەرئەنجام ترووسـکەی چـرا تـاک و تەریکەکان لێت وەدەر دەکەون. کۆڵانیش تاریک تاریکە.
بـەرە و کـوێ بچـم؟ نـازانم. کۆڵانەکان هەڵم دەلووشن. رۆیشتنێکی بێهوودە! چراکان، ئاسوودەیی و نیگەرانی دەبەخشن. تاریکی موتڵەقە. موتڵەق سوکنایی و دڵـە ڕاوکـێ دەبەخـشێ. هەڵـبژێرە: سـوکنایی و دڵـەراوکێی تاریکـی، یـان سوکنایی و دڵەراوکێی رووناکی؟ ئەگەر هەڵبژاردنێک لە گۆڕێدا بێ!
خـۆ بەسـتنەوە بـە موتـڵەق چەشـنێکە لـە تەسـلیم بوون. دەست هەڵدەبڕی و وزەکانـت دوو دەسـتی پێشکەش دەکەی. بەڵام مرۆڤ چوونکە ناتوانێ هەموو شـتێ بـزانێ، مەجـبوور بـە تەسلیم بوونە. ئەگەر تەسلیم نەبی لە نیگەرانییەکی قووڵدا دەبیت. بەڵام تا کەمتر تەسلیم بیت، پترخۆتی.
زۆریـنە، بەو شتەی تەسلیم دەبن کە زۆربەی خەڵکی پێـی تەسلیم دەبن ، بەڵام هـی وا هەیـە خـۆی خـودایەک دروسـت دەکـاو ئەوسـا دەچێتە شەڕی خودای زۆرینە. ئیتر لێرەوە شەڕە قورس و ترسناکەکان دەست پێ دەکەن.
دەگەمـە شەقامی سەرەکی. بزە دامدەگرێ... بەرەو گەڕەکی خۆمانم، بڵێی لە ماڵـەوە بـن؟ دوا چـاو پێکەوتن، دوو مانگ لەوە پێش بوو. ئێتر نەهاتنەوە. یان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هاتوونەتەوەو چاو پێکەوتن سەری نەگرتووە. یەکەم هەنگاوی پەڕینەوە... بەڵام کتوپڕ چرا لایتی ماشینێک، دەکشێمەوە و، خۆم دەدەمە بن دیوارەکە. بە دەنگێکی ترسناک تێ دەپەڕێ. دەپەڕێمەوە. دوو تارمایی. دەرفەتی خۆ دزینەوەم نیە، لە یەک نزیک دەبینەوە. تارمایی چەکەکانیان. تا دەتوانم شێوەیەکی ئاسایی دەدەمە خۆم.

- کاکە زەحمەت نەبێ!

ئاوڕ دەدەمەوە

ـ سەعاتت پێیە... سەعات چەندە؟

سەیری مەچەکم دەکەم.

ـ ببورە... لە ماڵەوە لە بیرم چووە!

هەر دەگەمە سەری کۆڵانێکی دی، رادەکەم. نەرمە عارەقێک. راکردنی ئەو بەیانییەش هەر ئاوا بوو، گڤەی با و فێنکایی و... ترس. مرۆ تا زۆر لاوە، هەست بە دووپات بوونەوەی ژیان ناکا. دەژی... دەژی، تا کتوپڕ لە قۆناغێکدا تێدەگا کە وەک نەوەکانی پێش خۆی دەخوا، دەنوێ، غەم دایدەگرێ و خولیای ئاسوودە بوون لە مێشکی دەدا. ئەوسا پێکەنینی دێ. ژیان، کۆنێکی هەمیشە تازە! دووپات بوونەوە لە قۆناغێکدا، وا لە مرۆ دەکا دەست بداتە داهێنانێکی شێتانە یان شێتیەکی داهێنەرانە. رەنگە بە کۆمەڵ کوژی یا خۆ کوژیی بە کۆمەڵ، رەواندنەوەی ترسی مەرگی تاک تاک بێت.

نازانم پەلە دەکەم یان نا، بەڵام کۆڵانەکان یەک لە دوای یەک خەریکە دەبڕم. هەنگاوەکانم هەست بە بێسنووری ڕێگا دەکەن. هەنگاو دوای هەنگاو. لە نێو یەکتردا نوقم دەبن. هەنگاو، تەواوکەری هەنگاو. هەنگاو، هەنگاو دەکوژێنێتەوە. دەگەمە ئەو پێچەی کە لەوێوە راستە کۆڵانەکەی خۆمان دەست پێ دەکا... تاریکی، وێنەکانی کوشتووە. تارمایی وێنەکان یەک لە دوای یەک بەرۆک بە هەنگاوەکانم دەگرن: شەڕی دراوسێکان... شەڕە گەڕەک... کۆشی پڕ گوڵە بەڕۆژەی ژنانی بەر دەرگا... شەرم و هەوەسی ئاوساویی ئەو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کچانـەی بە دەم کوڕانەوە پێدەکەنن... تەشی رستنی پیرێژنان... گەڵ و قونی خۆڵـاوی سـاوایان و مێـشە میوانەکانی دەوری دەم و لووتیان... فڕکەی چوونە ژوورەوەی خوشـکەکانم، ئـەو کاتـەی باوکم لەو سەری کۆڵان دەردەکەوت... خـۆ فـشکردنەوەی تاقـە پـیاوی قـۆزی گـەڕەک، کاتـێک رادەبـرد و هەمیـشە بزەیەکـی لـە سـەر لـێو بوو... جویێنی شەوانەی نێو ماڵەکان کە دەگەیشتنە نێو کۆڵان... ئەو پیرە پیاوانەی کە بە سەر گۆچانەکانیاندا شۆڕ دەبوونەوە... رەوی بـە کۆمەڵـی ئـەو سـەگانەی کە منداڵان بەردیان تێ دەگرتن... تەپوتۆزی بای پاییـزی... خـۆ گـیڤ کـردنەوەی مریشکە کورکەکان... پەنجەرەکەی فاتێ... هــەنگاوەکانی حەمــید کــە تەســبێحیان دەســووڕاند و ملــیان بــە لایەکــدا دەشـکاندەوە... تـراکتۆرەکەی تـەها کە بە جوێندان رادەبورد... پێکەنینەکانی سمایـیل، کـە لـەو سـەری کۆڵان ئاوا دەبوون... دەگەمە بەر حەسارەکەمان. لە بـەر دەرگاکـەمان رادەوەسـتم. لێـی بـدەم یـان نـا؟ دەسـت دەخەمـە سـەر جەڕەسـەکە "خـۆ کارەبا نىیە!" تەقولبابەکە سەرنجم دەقۆزێتەوە... دەستم بە سـەریەوە شەتڵ دەبێت. دەکشێمەوە. نابێ دەنگ بەرزبێتەوە. بە حەسارەکەدا سـەر دەکـەوم. مەچەکـی چەپم دەڕووشێ. لە سەر حەسارەکە دادەنیشم. چرا لامـپایەک ژوورەکـە روون دەکاتـەوە. سـێبەرەکان لـە سـەر دیـوارەکان پـاڵ کەوتـوون. سـێبەری دایکـم دەناسمـەوە. سـێبەری دایکـم جـۆرەیەکە. دەڵێی هەمیشە نەوییە. گرێی سەرپۆشەکەی چاڵایی نێوان سەر و شانی پڕ کردۆتەوە. سـێبەری لکـی دارقەیـسی و قۆخەکان بە ئاستەم دەلەرێنەوە. شتێک لە ناخمدا هەڵـدەزنێت و لـە ئەوکمـدا گـیر دەخـوات. سـێبەرێکیان، بـاڵ بـە سەر ئەوانی دیکـەدا دەکێشێ. دایکـم هەڵدەسـتێ. رەنگـی جـل و بەرگەکەی بە زەحمەت لـێک دەکـرێنەوە. دوای ماوەیەکـی کورت، بە ئافتاوەیەکەوە، ئاوی ئینجانەکان دەدا. یـەک بـە یەک. هەست دەکەم باوکم جگەرە دەکێشێ و بێ ئەوەی گوێ لـە هـەواڵ بگرێ، خەریکی گرتنی یەک لە دوای یەکی ئێزگەکانە. ئەوەتەی لە بـیرم دێ هەواڵـەکان هەمیـشە هەواڵـی ناخۆشـیان بـۆ ئـێمە پـێ بووە. هەواڵی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ناخـۆش، سـەرنج راکێـشترین بەشـی هەواڵـە. بـاوکم لە کاتی هەواڵدا زیاتر لە کاتەکانی دیکە تووڕە دەبوو. کەس لەم کاتانەدا فزەی نەدەکرد.

دایک و باوک بۆنی کارەسات دەکەن. زووتر لە هەر کەسێکی دیکە هەست بە هەڵـس و کـەوتی نـائاسایی دەکەن . سەرەتا هیچ ناڵێن، شەرمە یان ترس یان دەرفـەت رێخـستن؟ بـاوک گرژتـر و مۆنتر دەبێ و، دایک هەراسانتر. باوک کەمتـر لێت دەروانێ و، دایک پتر. بیانووەکانی باوک روو لە زیاد بوون دەکاو، ئیـشارەتەکانی دایکـیش پتـر دەبن. سەرئەنجام هەر رۆژێک لەم ژوورەدا بوو کـە بـاوکم بـە بـیانووی قـسە لەگەڵ یەکێک لە خزمان ناراستەو خۆ بە سەرمدا تەقییەوە:

_ چـاو لێکەریـیە. دەوران دەورانی چـاو لێکەریـیە. دواتـر تـێ دەگـەن کە دنیا واش نیـیە کـە ئـەوان لێی گەیشتوون. ئەوسا فسیان دەنیشێتەوەو، چاو چنۆکتر دەبـن. بـە وەڵـاهی لـە مـن و تـۆ و کێـیتـر بلـێم حاجـی! نەوسـنتر و نامووس پەرەسـتتر دەبـن... خـۆ مـن بـە هـیوای فلسێکی نیم. ژیان لە خۆی دەشێوێ. خـۆی پەشـیمان دەبێـتەوە... هەڵـبەت زۆریـش ناخایـەنێ. چـاو لـێکەریش بۆ ماوەیـەک خۆشـە. سیاسـەت ئیـشی دەسـت بەتاڵییە. دەستیان پێدا دەچزێ و ئەوجار بەری دەستیان وەخرو دەکەوێ. کوڕی حاجی مەحە شەل خۆ دەناسی؟ باوکـی سـاواکی بـوو. مامـی سـاواکی بـوو. چـووزانم ، تـا بـڵێی پارەیان هەیەو، ئێـستاش کـوڕەکەی بووەتە دەمراستی حزبایەتی و، ئەوەی قسەی زلی دونیایە کاوێـژی دەکاتـەوە. دەزانی بـۆ؟ باوکـی پێـی گوتـووە. وتـوویەتی رۆڵـە ئـاوا سـامانەکەمان باشـتر دەپارێـزرێ. تۆ برۆ بیکە بە هەرا بۆ ئەوەی خۆتی تیا ون کـەی. ئێـستا کـوڕەکەی ئەوەنـدە تـڕ زلە، هەر مەپرسە! بەڵام رۆژی دێ تڕی بـبڕن و، پێـی حاڵـی بکەن کە دنیا واش نییە. بەڵام خۆ تا ئەو رۆژە کەرەکەیان لە پردەکە دەپەڕێتەوە و، ئەوسا هەش بە سەر کەرەکانی ئێمە!

بە سیلەی چاو سەیرێکی کردم. زۆر جوان ئاگام لێیەتی. بەڵام لە پەنجەرەکەوە نیگام بۆ شاخەکەی قەراغ شار گواستووەتەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- ... تـۆ سـەیر کـە! ئەوەی دەکوژرێ کوڕە فەقیرە و، ئەوەی دەمڕاستە کوڕە دەوڵـەمەند. تـا پـارەت زۆرتر بێت شۆڕشگێرییەکەت زیاتر برِ دەکا. بۆ کوڕە فـەقیرەکان تفەنگـنان بـە تاریکی‌یەوەیە، بەڵام بۆ دەوڵەمەندەکان شاییەکی پڕ تـریق و هووڕە... بەلای یەکتردا دێن، پچە پچێک دەکەن. کەس نازانێ دەڵێن چـی! دواتـر کـە لـە یەکتر جیا بوونەوە، تیسکەی تفەنگ نایانگاتێ. وەک بڵێی قـسەکانیان پـشکۆیە و دەبـێ پـێش ئـەوەی سارد بنەوە لە کوورەی پەستێون. بەڵـام بـە سـەری تـۆ هـیچ نـیە! هەر لە خۆڕا وەقوونە جووڵە کەوتوون، باریان سـووکە بـۆیە وا بـە پەلـە دەڕۆن... بـناوانەکەیان شـلە، باشیان هەڵنەبەستووە! باشـە تۆ پیاوێکی ماقووڵی ئەو شارە دەبینی ئاوا بە ڕێدا بڕوا؟ نەخێر! بە سەری تـۆ قـەت شـتی وا نەبـووە و نابێ. دواتر دوو دوو و سێ سێ لەماڵان دەکەون. دەرگـا لـە خۆیان دادەخەن و دیسان کە گوێ بە کونی دەرگاکەوە دەنێی، هەر پچـە پچەکـەی جارانـیانە. کەس نازانێ لە کوێ بە کەیفی خۆیان دەدوێن. باشە ئەگەر لە هەموو شتێک دڕدۆنگن، دەیانەوێ چی بکەن... چۆن بیکەن؟ کە من و تـۆ و ئـەو خەڵـکەیان تـێ نەگەیـشت، ئیتـر مەبەسـتیان چیـیە؟ بـە سەری تۆ دەست ڕەشیشن، کەس خێریان لێ نابینێ!

دەنگی تەواو بەرز کردەوە:

ـ ... خۆ قەتیش بیر لەوە ناکەنەوە، ماڵی خۆیان و باوو باپیریان و خزم و کەس و کـار و دراوسـێیان بـە ئـاورەوە دەنـێن. باشـە ئەگەر جارێک هاتن و دەوری خانـووەکەیان داو، بـەر تەقـەیان داو وەک ئەو دەیان و سەدان خانووەی کە لە شـاران و کوێ و کوێ سووتێندران، دەڵێن چی؟ یان ئەگەر چوونە سەر ماڵێک و سەر و بەری خێزانەکەی ڕاپێچ بدەن... سیا بەختیان بکەن... دەڵێن چی؟ ها ... دەڵێن چی؟

لەگـەڵ دایکـم نـیگامان لـە یەکتـر چەقـی. دەچمە دەرەوە. دەنگی تا دێ تین دەستێنێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- ... بـووەتە منداڵ بازاڕی ... دەڵێی حەمامی رەواحیلە... نە لە خۆیان دەگەن و نە دێڵن کەسیش تێیان گەیەنێت!

دواتر بە سەر دایکما تەقیبووەوە.

- پێی بڵێ گەر واز نەهێنێ، یان ئەم ماڵە یان دەرەوە... ئیتر کەیفی خۆیەتی بۆ کوێ دەچێ...!

دایکـم هـات. لارەمل و چاو بە فرمێسک... بە سەرپۆشێکی سپی نوێژەوە و بە دەنگێکی کز و گوشراو و داماوەوە:

-تـۆ هەمـوو هـیوای خوشـکەکانتی... بەزەییت بە تەنیایی ئەواندا بێتەوە! باشە دول لە گیانی زیندووەکانیان، ئەوانی دیکە بە کوێیان گەیاند؟!

نازانم دەگریا، یان نا، درێژەی پێدا:

- ... مـن چـاوم دەرێ. مـن بـە بەدبـەختی راهاتـووم. مـن لـە پـشتیرێکیش‌دا هـەڵدەکەم، ئەگەر سەد گامێشی وەک باوکیشت لەگەڵم بێت! بەڵام چی دیکە تاقـەتی بینینی مەرگم نەماوە. بەزەییت هەبێ! کە تۆ نەمێنی، خوشکەکانت پاڵ بە چ کۆڵەکەیەکەوە بدەن؟

گۆشـەی سەرپۆشـەکەی بۆ چاوانی برد. پێ‌پلیکانە و ... شاخی سپی پۆش و... روانـین. سـەرمایەکی بـە بڕشـت گـوێ و گـۆناکان دەسمـێ. گەرمای دەروون پاشەکـشەی پـێ دەکا. هەناسەی قوڵ بۆ فێنک کردنەوەی دەروون. پشکۆکان دەگەشێنەوە و داوای ئاوردو دەکەن.

بـیر دەکەمـەوە، دەبـێ بـۆ کاری پێویست هاتبێتنەوە. ئەوانیش بێگومان وەک زۆربـەی خەڵـکی شـار لـە ئاوایـیەکانی دەور و بـەر دەژیـن. بۆ چەندین ساڵی دواتـر بوو زانیم، دایکم قەت شاری چۆڵ نەکرد. خۆی لە شار بوو، کچەکان لە دەرەوەی شـار و باوکیـشم لـەو نـێوەدا دەهـات و دەچـوو. ئیـنجانەکان تاقـە سـەرگەرمیی دایکـم بـوون. دواتـر کـە مـن دەربـاز بووم، دایکیشم شاری جێ هێشت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆڵـان خەوتووە. دەنگەکان باوێشک دەدەن. نەمامە گوێزەکە پتر هەڵکشاوە. چەنـد چـاوەڕوانی سێبەری بووم! هێشتا ماویەتی. کە سێبەرەکەی پێ گەیشت، رەنگـە منـیش بگەڕێمـەوە! نەمامەکـە ئێـستا بـە سەر هۆدەکەی مندا دەڕوانێ. پەنجـەرە، ئاوێـنەی نوێـنەری باڵـای ناسک و بە لەنجەیەتی. لە دیوارەکە دێمە خـوارەوە. بـە ئەسـپایی دەچمـە لای نەمامـە گوێـزەکە. ئێـستا سێبەرەکانی نێو ژوورەکـە جۆرێکـی دیکـەن. دەنگـەکان بـە روونی دەبیـستم. تەزوویـەک، دەمتەزێـنێ. دەمـەوێ بچم لە سووچێکەوە سەیریان بکەم. ناتوانم. ئینجانەکان سـەرنجم دەقـۆزنەوە. سـەیرێکی ژوورەکـەی خـۆم دەکەمـەوە. سێبەری تاقە ئیـنجانەیەک بـە سـەر شووشـەکانەوەیە. لێـی نـزیک دەبمـەوە. گولێکـی ورد، لقـەکانی تەنـیوە. دەرگاکـە نـیوە کـراوەیە و، رووناکاییەکی کەم هێز، کتێبخانە گچکەکەی داگیر کردووە!

"کتێبەکانیش تەنیان!"

سمایـیل دەیگـوت: "بەزەیـیم بە کتێبدا دێتەوە... مرۆ جاری وایە ئازار لە بیر دەکا بەڵام کتێب قەت لە بیری ناکا."

لـەم ژوورەدا بـوو کـە "فادایـەف" و "ئالێکسی تۆلستۆی" گوتیان بە پێکەنینەوە تێبکۆشـە. مەکـسیم گۆڕکـی هـیوای تـێکەڵ بـە خۆشەویـستیی مرۆڤـی چاندو، نووسـەری "مـرۆڤ دۆستە جل شڕەکانیش" نەفرەتی پەروەردە کرد... ڤیکتۆر هۆگـۆ، پەیکـەری خۆشەویـستیی ئافـرەتی بـە وردەکارییەکـی سـەیرەوە لـەم ژوورەدا تاشـی، "جـەک لەنـدەن" یـش وتی بۆ ناسینی سروشت دڵ سەخاوەت بـە. رەسـتەکانی هۆگـۆ چـر و رژد بـوون... مـرواری بـوون، کە لە بەر هەتاودا دەدرەوشـانەوە و چـاوانی ئـازار دەدا، بەڵـام هـی لەنـدەن سـادە و بەخـشەندە بـوون. دان چەرمـوو گـوتی هەنگاونانی ناو ئاو و بەفرت خۆش بووێ، "مارتین ئیدین" یش گوتی رێز لە کورسی بگرە!

هاتمەوە لای نەمامەکە. خواحافیزی یەکجارەکی بکەم یان نا؟ یان لانی کەم خۆ گۆڕینـێک؟ کـتوپڕ دەنگـی گـرمەی ماشێن، یان رەنگە چەند ماشێن، بێدەنگی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆڵـان دەخنکێـنێ. ئەوانن؟ دەچمە حەوشەی پشتەوە. دەنگەکە رادەوەستێ و دەرگاکـان بـە پەلـە دەکـرێنەوە. بە دیوارەکەی پشتەوەدا هەڵدەگەڕێم و خۆم فـڕێ دەدەمە حەوشی دراوسێکەمان. کۆلیتی مریشکان، لە ژێر هەندێک دار و تەختە و تەنەکە و کەل و پەلی جۆرا و جۆردا. دەخزێمە نێوی. کۆلیتەکە بەتاڵە. بۆنی جیقنەی مریشک و رەنگە هی مراویش، تامی تاڵی زارم دەڕەوێنێتەوە.

***

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# دوا پاژ

کولـووە بەفـرەکان کـشاونەتەوە. هـەورەکان بـەرزن. مژی تەنیا، لە لوتکەکان ئاڵـاوە. چـار نـیە، دەبـێ بـەرەو گـوند بڕوا، خانووە لاپەڕەکانی ئاوایی دەشێن! ئەوەتا! خانوویەک لە شیوەکەی پشت ئاوایی دایە. دووکەڵێکی سپی وەک مژە دوورە دەستەکان لە ڕۆچنەکەی سەر بانەوە، بەرەو ئاسمان پێچ و لوول دەخوا. هـەوا مەنـدە و جەستەی ئارەقاوییە. جاری وایە ئەوە مرۆ نیە هەنگاو هەڵدێنێ، بەڵـکو هـەنگاوە پاڵ بە مرۆوە دەنێ. دەتبات و دەتبات بەرەو ئەو شوێنەی کە سەرەتا بڕیارت لە سەر داوە، کەچی ئێستا لە بیرت نەماوە.
ئـاو و ئارەقـە، سـنووری جـل و بەرگیان بڕیوە و بە دیتنی یەکتر شادن. بەفری راسـتەڕێ ، بـۆ بـڕین خۆشـە. ئاوایـی و مرۆڤەکانی نێوی، چەند دوورە دەست دەنوێـنن. خانـووەکان تـا نـیوە لـە بەفـردا نـوقمن، پەڵـەی رەش رەش لە نێو پانتاییەکی سپیدا.
خـاوەن خانووی نێو شیوەکە ئەگەر پیاو چاک بێت، دەتوانێ بیشارێتەوە. دواتر لـە هـەل و مەرجێکـی لەبارتـردا دەتـوانێ بڕوا. خێرا خێرا ئاوڕ لە جادە دوورە دەسـتەکە دەداتـەوە. پـشوی سـوارە. ڕادەوەسـتێ. پشوو سواری، ئازار رەقتر دەکـا. کۆلیـتە مریـشکەکەی دێـتەوە یاد کە ئارەقەی تێدا کردبووەوە. "چەند گـەرم بـوو!" دەنگـی تـوڕە بـوون و هەڕەشـە کـردن لـە حەوشە و ژوورەکانی خـۆیانەوە هاتـبوونە گوێـی. "بـلێی ئینجانەکان بەر نەبوویێتنەوە؟" مرۆ هەمیشە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کاسی ئەو ترپە دوورە دەستەیە، کە بەرەو ئێستا دێت و هی ئێستاش نیە! سمایل زۆر جار دەیگوت: " لە جوغرافیایی خۆمان دەترسم! جوغرافیایەکی سەر تا سەر نەگبەتی، تاکە ناوەندی پەیوەندی گرتن لەگەڵ ئاسمان! مرۆی ئێرە ئەوەندەی لە بیری ئاسماندایە، لە بیری خاکدا نیە!"

نازانێ چەندە لە کۆلیتەکەدا مابووەوە. بێگومان خانووەکەیان لە ژێر چاودێریدایە. بە ئارامی دەرگاکەی دەکاتەوە. هەوایەکی سارد خۆ بە ژووریدا دەکا. "رەنگە ئەوەندەی نەمابێت بۆ تاو کەوتن!" هەوای بێگەردی بەیان، ئەوەندەی دیکە برسیەتی و تینوویەتی دەوروژێنێ. سەیری دەرەوە دەکا. خانووەکە چۆڵە. سەربان و حەسارەکەی خۆشیان کەسی لە سەر نیە. دەبێ چاوەڕوانی شەو بێت. جەستەی وەخرۆ دەکەوێ. مێروو، ئەسپێ و کێچ و قالۆنچە تەراتێنیانە. خەونووچکە و راچڵەکان. خەونووچکە و راچڵەکان. دێتە دەرەوە. لە بەر کۆلیتەکەدا هەڵدەتروشکێ. خەونی گەورە، ئازاریشی گەورەیە. مرۆڤی بێ خەون ( خەونی گەورە ) نوقمی رابواردن، خۆ کوژی یان کاوێژ کردنەوەی رابردوو دەبێت. دەبێتە بوونێکی گریاناوی... بوونێکی کزە، کە بە چوار دیوارییەک قایلە بۆ هەموو تەمەنی. خەونە بچووکەکان ماڵ و خاک جێ ناهێڵن... پەرەوازە نابن... ئاوس نابن... لە بەزینی سنوور دەترسن... پێش ئەوەی دان بە خۆیاندا بنێن، دان بە دەرەوەی خۆیاندا دەنێن. خەونی بچووک لە بەرەنگار بوونەوە و تێهەڵچوونی گەورە دەترسێ... پەنجەرەیەکی بۆ ڕوانین بەسە و، تەنیا لە دەرگایەکەوە هات و چۆ دەکا.

هەموو خەونێک لە بەر مەترسیدایە، بەڵام خەونی بچووک زۆرتر. هەموو شتێک دەتوانێ سنوورەکانی ببەزێنێ و داگیری بکات، هەورە گرمەیەک، شەستە بارانێک، لوورەیەکی نێو دڵی شەو، دوورە تەقەیەک، دوور کەوتنەوەی ئەندامێکی خێزان، نەخۆشی یان گریانێک دەتوانێ بیهاڕێ، وە لەرزی بێنێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خـەونی بچـووک، ترسنۆکە. خاوەنی بەسۆزترین سۆزە. لە بەر ئەوەی ئامێزی بچووکە، خاوەنی گەرمترین ئامێزە.

... کە پانتایی ئامێز بەر فراوان بێت، سۆز روو لە کزی دەنێت. پاڵەوانی خەونی بچـووک، ناتـوانێ پاڵـەوانی خـەونی گـەورە بـێت. ئەمـە خەمێکـی ئەبەدیـیە. خوڵقێنەری تەنیاییەکی کوشەندەیە.

سێبەری کۆلیتەکە درێژ بووەوە. دواتر سێبەری خانووەکە دایپۆشی. چەند جار لـە ئـاوی بەلـۆعەی نـێو حەوشەکەی خواردبووەوە. لە نێو باغچەکە، پاشماوەی هەنـدێک سـەوزە دەبینـرا. لێی خواردن. تامی تیژی پیاز و مەیلە و تیژی تەڕە تیـزە، گـەدەی ئـازار دەدا. تامـی خۆشـی جەعفەری هێواشی کردەوە. رووانیە دیـوارەکە. تەنـیا دیـوارێک! بەڵام بەرز بەرز. بەرزترین دیوارەکان، ویستی بە هاویشتنی وردە بەرد سەرنجیان راکێشێ، بەڵام پەشیمان بووەوە.

دەسەڵـات پتـر بـە پێـی خـوو خـەدە دەجووڵـێتەوە، تـا بـیر و لێکدانەوە، خوو خەدەیەکـی هـەزار ساڵـە. "خـوو" پێـی دەڵـێ ئاگـات لـەم خانـووە بـێت. جـا هاویـشتنی وردە بـەرد رەنگـە ئـەم "خـووە" بـۆ جارێکـی دیکـە بە سەرکەوتن بگەیەنێ. جارێکیان بە سماییلی گوت:

- دەسەڵـات زۆر بیر لە رابردوو ناکاتەوە، بەڵام بەردەوام بە مەجبووری بیر لە داهاتوو دەکاتەوە. ئەی ئەو هەموو رەقی و گرژی و مۆنی و بەگژدا چوونەوەیە چیە؟ ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە بەردەوام مێشکی خەریک و قەرەباڵغە!

- لـە بـیرت نـەچێ، زۆربـەی شـتەکان بـە پێی خوو خەدە، بە پێی بوونی خۆی، بـەرەو داهاتوو رادەگوێزێ. کە راشیگواست، مانای ئەوەیە لە داهاتووش‌دا بیر لـە زۆر شـت ناکاتـەوە. بـۆ ئـەوەی خـاوەنی داهاتوو بیت، مەجبوور نیت زانا و بیرمەند بیت. داهاتوو پتر پێویستی بە دەسەڵات هەیە تا بیر کردنەوە.

- بیر کردنەوە، تان و پۆی دەسەڵات دەپسێنێ... دەتوانێ دووشەقی بکا.

- سەیر کە! دەسەڵات هەمیشە لە بیرکردنەوە ناترسێ. ئەو باش ئەوە دەزانێ، کـە ئەگـەر قـەرارە بـیر کـردنەوە شـتێک بکـا ، لـە داهاتوودا دەیکات. کەواتە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەمیشە دەرفەتی ئەوەی هەیە بیر لە داهاتوو بکاتەوە. بیر کردنەوە، تەنیا بەشێکی کاری دەسەڵاتە. ئێستا ئیتر فێڵ کردن گەلێک دژوارە.

- یەعنی پێت وایە ئیتر دەبێ بەشێک بین لەو دیاردانەی کە ڕۆژانەی لە ئارادان؛ خۆ شاردنەوە ناکرێ، وانیە؟

- ئەمە لە خۆیدا قازانجێکی گەورەیە. دەبێ شمشێرەکان لە ڕوو ببەستین و بە ئاشکرا وتەکانمان بخەینە بەر باس.

- لە یەکەم جەولەی نواندنی بیرماندا دەکوژرێین. ئەمەش ئاساییە. چونکە تا ئێستا خاوەنی بیرێکی وەها قووڵیش نەبووینە کە بەرامبەرەکەشمان بە چەشنێک بخەینە ژێر تەئسیرییەوە. ئەگەر بەرانبەرەکەت هەست بە کەم و کوورڕییەکی قووڵ لە خۆیدا نەکات، تۆ دەیدۆڕێنی. ئەمە هەمان مەنتقی شەڕە کۆنەکانە.

دیسان شەو... دیسان کۆڵان ... دیسان هەنگاوە سرکەکان. کۆڵانەکان لە شەودا دەکشێن. جەمسەرەکانیان ونن. دەڵێی دەرناچن. شەوەکان وەک یەک. دووپات بوونەوەیەکی ڕەنگە ئەبەدی. نیوەیەکی کۆنی هەمیشە تازە. کۆن لە ڕابردوودا و تازە لە ئێستادا. تا عەشق هەبێت هیچ شتێک کۆن نابێت. عەشق لە دووپات بوونەوەدا، لەزەتەکەی دەکشێ، کشانێک بە قەدەر مێژوو.

مرۆڤ تا گەنجە، ئاگای لە دووپات بوونەوە نییە. دووپات بوونەوە تەنیا لە تەمەنی پیریدا بارێکی قورسە. هەم قورسە و هەم سووکە. قورسێکی سووکە!

ماڵی سیا بە تەپۆڵکەکەی نێو شارەوەیە. ئەگەر کارەبا هەبوایە، هەر لە دوورەوە دەیناسییەوە. لە مێژە ئاگای لە " سیا" نیە. " سیا" تەنیا هەواڵێک بوو، کە لە ماڵەوە قسەی بڕی دەکرد و دەیتوانی بە کەیفی خۆی هەڵس و کەوت بکا. دایکی ئینسانێکی بێدەنگ و، باوکی، ئارەق خۆرێکی لە ڕادە بەدەر. دوو برای بچووکیشی هەبوو. هەمیشە پارەی چاکی پێ بوو. خاوەن خوێندنەوەی زۆر و بیریکی تیژ. مەرگی سمایل مەندی کرد. ئەوەندە مەند، کە لە بیر کردنەوەی دەترسا. جارێکیان پێی گوت: " جا ئەگەر لە نزیکەوە بتناسیایە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئیتـر هـەر هـیچ!" لە وەڵامدا گوتی: "پتر ژیانی سەرسامی کردووم. جاری وایە مەرگ ژیان باشتر دەخاتە بەر چاو. ئەوەندە باش کە تێیدا نوقم دەبیٚ!"

کتوپڕ خۆی لە چوار ڕێیانەکەدا دەبینێتەوە. سماییل ئالێرەدا بوو کەوت. دواتر گوتـیان، خەڵکی گەڕەک عەردە خوێناوییەکەیان شوشتبووەوە. خوێنی تێکەڵ بـە خـۆڵ زوو رەش دەبـێ. وەک پەڵـەیەکی چـەور دەنوێـنێ. ئـەم خۆڵـە دوا هەناسەکان و دوا نیگاکانی قۆستۆتەوە. رەنگە دوا چرِنووکەکانیش.

دەسـتێک بـە خاکەکـەدا دێـنێ. خاکێکی زبر و رەق. حەسرەتی پێ دەبەخشی، سەرمای پێ دەبەخشێت. تەنیایی خۆی پێ دەبەخشی، نەزۆکی پێ دەبەخشێت.

"ئاخ سماییل!" جارێکیان گوتبووی:

"ئەوانـیش حیماسـین، بـۆیە لـە کـاری حیماسـی دەترسـێن. ئـەوەی لـە رێگای حیماسـەوە بـە دەسەڵات گەیشتبێ، چاک دەزانێ کە گەورەترین خاڵی لاوازی هـەر ئـەم لایەنەیەتی. کاتێک دوو حیماسە بەرامبەر بە یەکتر ڕادەوەستن، هیچ چارێـک لـە گـۆڕدا نیە. دەبێ خوێن برِژێ و دەشرِژێ. هەر دوو لاشمان پاساو دانەوەی خۆمان هەیە. مێژوو بۆ هەموو کەس بەڵگەی پێویستی پێیە."

"سیا" ش کە ئەم قسەی بیستبووەوە، گوتبووی:

"تـا بـە شـێوەیەکی حیماسـی گـۆڕانەکان روو بـدەن، دەرفەتی ئەوە نارەخسێ، نەزۆکی ئەم خاکە برِەوێتەوە."

چـوار ڕێـیانەکە تـێدەپەڕێـنێ. ئەوسا بـە دەسـتی چەپدا دادەکشێ و گەڕەکی حەمامەکـە دەور دەداتەوە. لە دەرگا نادا. هەڵدەزنێتە سەر حەسارەکە. تیشکی چـرا لامـپایەک، ئەسـتووریی پـەردەکان دەبـڕێ. دەچێـتە خـوارێ و لـە قەراغ پەردەکانەوە دەڕوانێ. کەس دیار نییە. کات تێدەپەڕێ. ئەم سەر و ئەو سەری پەنجەرەکـە دەکـا. بـێ سـوودە. پـەردەکان دەلەرێـنەوە. وا دیـارە دەرگاکـە کـراوەتەوە و، ئـەوجار بەسـتراوەتەوە. مانـدووە. ئەوەندە ماندوو، کە هەر چی دەبێ بابێ! لە پەنجەرەکە دەدا... لە ئامێز گرتن و راماوسانێکی درێژ...

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پاڵ بە درەختێکەوە دەدا، بۆ حەسانەوە. بەفرەکان لە لکەکانەوە دەوەرێن. بارینێکی کورت خایەن. چاوەڕوانی ئاسایی بوونەوەی هەڵبەز دابەزی سینگی یاخی. خوشکەکانیشی چاوەڕوان بوون. لە نێو گەمارۆی بازنە خۆڵەمێشییەکاندا، خەیاڵیان بۆ ئەو دیوی ژێیە گڕەکان دەفڕی. بیری فاتێ کەوتەوە کە لە بەر ئاوێنە درزاوییەکەدا بە دەم قژ داهێنانەوە گۆرانی دەوت، گۆرانییەکی مەند و شەرمن. وەک ئەو کۆترانەی کە جارێکە نازانن بگمێنن.

ژان و ئازار لە بێ دەسەڵاتییەوەیە. کە دەسەڵاتت بە سەر ژیانی رۆژانەدا نەبوو، گینگڵ دەدەی. کە دەسەڵاتت بە سەر داهاتوودا نەبوو، گینگڵ دەدەی. کە هەموو ڕابردووت لێوا و لێوی حەسرەت و سووکایەتی و لێدان و حەزە خنکێندراوەکان بێت، گینگڵ دەدەی... تووڕە دەبی... شەڕ دەکەی... جوێن دەدەی، یان بە پێچەوانەوە زیاتر لە ڕابردووت سەر کز دەگری و هەر بیر دەکەیتەوە و بیر دەکەیتەوە، تا رۆژێک دێ کە دەبینی چ زوو لاجانگ و، تاڵ تاڵ لە ڕدێنت سپی کردووە. بەڵام هەیە، نە ئەوە و نە ئەمە... نە تووڕە دەبێ و نە سەر کز دەگرێ. لە نێوان هەر دووکیاندا بە هەنگاوێک لە پێشتر ڕادەوەستێ. ڕادەوەستێ و بیر لەو شۆڕابە ئاگراوییانە دەکاتەوە، کە بەڵێنە، رۆح تێیدا سەمایەکی شێتانە بکات. سەمایەکی ئاگراوی. کە بەڵێنە، هەموو ڕابردوو بسوتێنێ، سووتاندنی ئاوێنە درزاوییەکان، سووتاندنی بیر کردنەوە خەمۆکیەکان... سووتاندنی جوێن و شەڕ و سووکایەتییەکان... سووتاندنی خۆ، بۆ ئەوەی "من" ێکی دیکە لە دایک بێت، لە دایکێکی دیکە!

باوەگەورەی جارێکیان گوتبووی:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

"یەکەم جار کە تاڵە سپییەکان دەبینی، مۆن دەبیت، ناو چاوان تێک دەدەیت، ئیتر بە تەواوی هەست بە سنووری نێوان خۆت و تافی لاوی دەکەیت، بەڵام ڕەنگە دواتر پێبکەنی!
تۆش بیرت کردەوە کە:
"پێکەنین بەوەی کە هەر سپی دەبوو."
رۆحێکی سۆفیانە لە جەستەدا گەرا دەکا و، ئەوسا بە بێ وازی و بە سەرەلەقەوە خۆت لە ئاوێنەکە دوور دەخەیتەوە. بریا مرۆ تەنیا لە لاویدا ئاوێنەی دیبا و ئیتر قەت نەیدیبا... ئەگەر رۆحیشت ئاگای لە پیر بوونی تۆ نەبێت، ئەوا ئاوێنە هەر بیرت دەخاتەوە. ئاوینە ئەوەندەی دیکە چرچ و لۆچ دەخاتە لاچاوو تەوێڵ و نێوان چەناکە و گوپەکان! بەڵام ئەمە هەر ماوەیەکە! دواتر بۆ قوتار بوون لە پیری دیسان پەنا دەبەیتەوە بەر ئاوێنە. پشتی ئاوێنەکە لە پەنجەرە دەکەیت و ئەوسا دوور ڕادەوەستیت و لە خۆت دەڕوانی. شەوقی رووناکی، گرێ و گۆڵەی پێست دەکوژێ.
پیری تەمەنی حەسرەتاوی قوڵتر دەکاتەوە و، تەمەنی حەسرەتاویش، پیری دەستەمۆتر دەکا.
وەرێ دەکەوێتەوە. کرپە کرپی بەفر. شاخی سپی دەڵێی قەت نانوێ. زیت زیت دەڕوانێ. باڵندە دەشتەکییەکان، ئەوانەی وا قەت کۆچ ناکەن، لە کوێن؟ لە درەختەکان دەڕوانێ. بێ گرێی هیچ بوونەوەرێکن. شەوی شاخ، چرپە و تەنیایی دەبەخشێ. دەبەخشێ بۆ ئەوەی لێی قوتار بێت. سەر هەڵدەبڕێ. هەورەکان شین دەچنەوە.
"برین... شینی تۆخ... برینی کۆنی شین هەڵگەڕاو. برین جاری وایە مرۆڤ دەکوژێ و جاری واشە هەر لە جەستە و رۆحدا دەمێنێ. دەمێنێ و دەمێنێ. تا وای لێ دێت جیهانت دەبێ بە جیهانی برین، جەستەیەکی شینی تۆخ، یان رۆحێکی شینی تۆخ... ئیتر بۆنی غوربەتی لێدێ. یان ڕەنگە هەمووی هەر غوربەت بێت!"

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئـاورِ دەداتـەوە. سـەیری جادەکـە دەکاتـەوە. دوو ماشـین بـە دوای یەکـدا بە خێرایـی دادەکـشێن. نـیگا، قەتـیس. ماشینەکان لە جادەکە لادەدەن و، روو لە ئاوایـی دەکەن. سەیرێکی خانووی نێو شیوەکە دەکا. ئەوەندەی نەماوە. گوند، بە داوێنی چیاوەیە، جادە لە تەختایی نێوان دوو ریزە شاخدا.

"ماشینەکان بۆ ناو گوند برِ دەکەن؟"

بـێگومان نـا. بەڵـام هـەر دێن، بە پێرەۆ. روو لە شاخ دەکاتەوە. شاخ، باشترین پەنایە. دیسان بە بزەوە ئامێزی بۆ دەکاتەوە.

ماڵـی باوکی سیا روویان لە گوند کردووە. خانووەکەیان چۆڵە. هەر وەک چۆن گـەرِەک چۆڵـە. سـیا جـار جـارە بـۆ سـەردان و بـردنی شـتومەکـی پێویست دێتەوە. خانووەکە، کەل و پەلێکی ئەوتۆی تیا نەماوە.

- ماوەیەکی کەم دەرکەوتم.

- کارێکی باشت کرد.

-بارودۆخەکـە زۆر شـێواوە. ئێستا گوندەکانیش بۆردوومان دەکرێن. سەیرە! هەم بە قازانجە و هەم بە زەرەرە!؟

- ...

- دەڵێن تەها کوژراوە... لە بۆردوومانەکەی زینداندا...

- ... دەمەوێ ماوەیەکی باش بحەسێمەوە... حەسانەوەیەکی درێژ خایەن!

- بتەوێ و نەتەوێ دەبێ جارێکە هەر لێرە بیت... حەسانەوەیەکی داسەپاو!

بـزە دەیانگرێ. دیسان ژێرخانەکە. لەگەڵ جاران ئەوەندەی فەرق نەکردووە. بـنەکەی چیمەنـتۆ کراوە. رۆچنەکە وەک جاران تەنیا دەتوانێ چەند تیرێژێکی رۆژ هەڵمژێ، تیشک خۆرێکی هەناو تاریک!

ماسـوولکەکان خاو دەبنەوە. ئێسکەکان دەکرێنەوە. دەمارەکان لە پاڵ یەکتردا راکـشاون و، بـە شـێنەیی خوێن بەرِێ دەکەن. بەفری باپەستاوتەی کەلێنەکانی رۆح وەخـرو دەخـەن. خۆهەڵخـستنی بوون لە بەر هەتاوی حەسانەوەدا. خەوو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خەونـوچکە و بـیر کردنەوە. پاڵ کەوتن و جگەرە بە با کردن. لەزەتی تەنیایی خـۆیایەتی. گەشـانەوە، داواکارییەکـی جەستە و رۆح لە دوای چڕبوونەوەیەکی ئەفـسانەیی لـە نـێو ئـازاردا. پاشەکـشەی خەمـەکان تـا قووڵـاییەکانی نەسـت. بەرزەخـی نـێوان شادی و خەم. خاوبوونەوە. ژیان، ڕێگایەکی چەند فاقە، فاقیی گشتی و فاقیی تایبەتی. گشتی بۆ گشتیەکان و تایبەت بۆ تایبەتەکان.
کتێـبەکان بـە دەسـتە لـە پاڵـیدان. خوێندنەوە و خوێندنەوە. لەم چکێک و لەو چکـێک و سـەرئەنجام سـاغبوونەوە لـە سـەر یەکـیان. وشـەکان سـیحراوین، سەرسامی دەکەن. هەر وشەیەک رەنگە بە قەد جیهانی دەروونی بێت. بەشیان دەکـا؟ مۆسـیقای سـیحراویی وشـەکان ناخـی وەلـەرز دێـنن. ناخـی دەکشێ و دەکـشێ. بـەرین وەک فـڕین. ڕێگاکان بە لووتکە گەیشتوون و لەوێ دەبن بە نیگا. قەڵەم و کاغەز و، جار جارە لە دایک بوونی رەستەیەک. ئەوسا دڕاندنی و لێخورد بوونەوەیەکی زیاتر لە جیهانی وشەکان.
شـەوانە کارەبـا بـێت یـان چـرا لامـپا، پەتویەکـی ئەستوور بە رۆچنەکەدا دەدا. ژوورەکـانی دیکـە قـوفڵ دراون و تەنـیا دەتـوانێ هات و چۆی داڵانەکە بکات. زۆر جـار سـەیری نـێو شـار دەکـا. هەمیـشە گەڕەکـی خـۆیان دەبینێـتەوە و دواتـریش خانووەکەیان، یان خانووەکەیان و دواتر گەڕەکەکەیان. شار هەر وا تەنـیایە. دەنگـی ئاژیـر و دەنگـی تەقـەو جـار جارە هاتنی فڕۆکەکان. کاتەکان خەریکی خۆ خۆرین.
- سیا! هەواڵی باوکم و ئەوان؟
سیا لێی دەڕوانێ.
- ئەوانیش وەک هەموو خەڵکی دیکە لە گوندەکانن.
- درۆ نەکەی رەحەتترێکم!
- باوکـت گـل دراوەتـەوە و... هـەر ئەو شەوە بردبوویان ، هەڵبەت هەموویان بردبوون، بەڵام دواتر دایکت و خوشکەکانت هاتبوونەوە ماڵێ.
بیری کۆلیتەکە کەوتەوە ، کە تێیدا هیچ دەنگێکی نەبیستبوو.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕۆژێکی دیکە:

- سیا ئەی هەواڵی سەیران؟

زۆر خێرا وەڵامی دایەوە... وەک بڵێی چاوەڕوان بوو.

- لە گوندی... ن، باشن. وەک ئەو خەڵکە!

ڕۆژان و شەوان تێدەپەڕن، بێ هیچ گرێ چنێکی دەرەکی. پاییزە. هەناسەی هەوا گۆڕاوە. چەند ڕێژنە بارانێک دایکرد، بەڵام چوونکە هەوا هێشتا گەرم بوو، گژ و گیا بووژابوونەوە. گەڵای زەرد، سوور و سەوزی نێو بێشەکان سەرنجی ڕادەکێشا. پەڕەسێلکەکان لە مێژ بوو کۆچیان کردبوو. هێلانەکان تەنیا مەکۆی پوش و پەڵاشەکان بوون. گەرای وەرزێکی دی خۆی لە قلشی ئاسمان و خاک دەهاوێ و ئاو سارد دەبێ. چیمەنتۆی ژێرخانەکەش سارد هەڵگەڕاوە. دوو بەتانییەکە کە لە پاڵ یەکتر رایخستبوون، وەسەر یەک دەنێ، پاش ماوەیەکی دی سەرما پەتووەکەی سەرەوەش دەبڕێ، بەڵام بە بڕشت نیە. جگەرەیەک دادەگیرسێنێ. ئانیشک دەداتە سەر بالێفەکە. چرا لامپاکە تیشک دەهاوێژێ. چەمەری داڵغە، مێشک دەقۆزێتەوە. چاوەکان بچووک دەبنەوە و سەر بە لایەکدا بە ئاستەم دەشکێتەوە. پێشەنگی کاروانی خەو، زرمەی هەنگاوی دێ. هەنگاوەکان یەکتر بە کێش دەکەن. بێ پەلە کردن. خۆ هەر دەگەن، کەواتە هەرچی هەنگاوەکان قایمتر و بە زەبرتر بن، گەیشتن بەپێزتر و ڕەگ داکوتاوترە... خەون لە دایک دەبێ:

"لە پەردەیەکی خۆڵەمێشییەوە یەک بە یەک وەدەر دەکەون، شەبەنگ ئاسا و ئەو جار ڕەش و سپی و دوا جار ڕەنگاو ڕەنگ. فاتێ ناپاڕێتەوە. کونێک بە ناو چاوانیەوەیەتی. بە سەر دایکیا دەگوڕێنێ. مەرگ جەسووری کردووە،

- ئەگەر بە منداڵی گەمەی دەمانچەم کردبا...

دایکت ناگری، دەڵێ:

- لەعنەت لە باوکت!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

حەمـید جەستەی کون کون کراوی وەر دەگێڕێ. تەسبێحەکەی دەسووڕێنێ و دەماری ملی دەتەقێنێ:

- پەشیمان نیم، جەستەم تەزیبوو، هەستم بە هیچ نەکرد!

سماییل پێدەکەنێ:

- کۆتاییەکان قەت دان بە خۆیاندا نانێن.

باوکـی کـەمال و باوکـی سمایـیل لەولاتـرەوەن. بەرامبەر بە یەکتر. هەر دوو لە ژێـر جاجمـی سەر شانیاندان. باوکی سماییل پارووییەک نان دەخاتە دەمیەوە و قومـێک ئـاوی بە سەردا دەکا. باوکی کەمالیش چەسپێک لە بافوورەکەی دەنێ و دوای لێدانی مژێک شانی پتر دادێتەوە. بە باوکی سماییل دەڵێ:

- گـوێ مـەدەرێ! تەمـەنی مـن و تـۆ تـازە هەر بەشی پەرداخێک و چەسپێک دەکا.

باوکی سماییل دەڵێ:

- وەسـیەتم کـرد لـە پـاڵ سمایل و دایکیا بمنێژن. سماییل لە باوەشی دایکیا و منیش لە پاڵیاندا، وەک زەمانی زوو.

سەیران لە سەر پلیکانەکانەوە هەر چاوە چاویەتی. دەڵێ:

- کۆڵان قەت کۆتایی نایەت!

سماییل دیسان پێدەکەنێ:

- سەرەتاکان هەمیشە لێڵن.

کـەمال دوو مـۆم هەڵـدەکا. لـە سـەر لا پاڵ دەکەوێ و قۆڵی دەکا بە کۆڵەکەی سەری. تیشکی مۆمەکان پەنجەرەی کچە کوێرەکە رووناک دەکاتەوە.

دەڵێ:

ـ سماییل سەیر کە! ئەوەتا! ئەوە نیە لێت دەڕوانێ! وەرە بەر ئەم دوو مۆمە! دەتبینێ.

سماییل پێدەکەنێ. کەمال دەڵێ:

- چاوەکانی، ئەم دوو مۆمەن لە کیسیان مەدە!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سماییل دەڵێ:

- بــە قــەد تەمــەنی خۆشەویــستی... ڕەنگــە ئەگــەر چــاوی هــەبا، هەر ئەوەندە داگیرسابا!

خوشکەکانی کەمال و خوشکەکانی سەیران لە دوو هۆدەی بەرامبەردان. ئاوێنە درزاویــیەکان لــە یەکتــر دەڕوانــن. ڕووخــسارەکان دووشەق دەبن، خەندەکان دووشەق دەبن. عیشوەکان دووشەق دەبن، تریق و هوڕەکان دووشەق دەبن.

مــام عەزیز لەولاوە دێت. لەگەڵ باوکی و باوکی سماییل دەبن بە سێ کوچکەی ورتە ورت، دەلێ:

- ســوێند دەخــۆم هەلیکۆپــتەرەکە تەماحی لە ژنەکەم کردبوو، ئەگینا بۆ لە ناو ئەو هەموو مێینەدا تەنیا ئەو تیا چوو!

باوکی کەمال:

- تەنیا چەسپ کۆتایی بە تەماح دێنێ.

باوکی سماییل:

ئەرێ وەڵڵایی! تەمەح ژنەکەی منیشی جەڕاند.

تەها دێت، تەپو تۆزاوی و بە جەستەی پارچە پارچە کراوەوە:

- بریا هەر خاوەن تراکتۆر بوومایە، نەک ژن!

ئەحمەد گەورە بووە و نووکی سمێڵی لە گۆنای دەدا:

-ئەگــەر ئــەو ڕۆژە گەشــکەم نەگــرتبایــە و مابــام ئێستا ئاوا دەبووم "دەست بۆ سمێڵی بابڕی دەبا"

سمایل:

- خەونەکان، خۆیان خۆیان ئاوس دەکەن!

حــەزی لــە قومــێک ئاوە. سەر هەڵدەبڕێ. هەورەکان دێن و دەچن، بێ ئەوەی داکــەن. باشــە. کــەی دادەکــەن؟ خــاک گــەر زۆر چــاوەڕوان بــێ، قڵشت دەباو دەســووتێ و نەزوک دەبێ. دەم دەکاتەوە "ڕەنگە تا زمانە وشک هەڵاتووەکان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نەبینن دانەکەن!". " با" سووکە تەڕایی ژێر زمانیشی دەقۆزێتەوە. چاوی وشکیش بروسکەی تیا دەمرێ.
پریاسکەکەت دەکەیتەوە. ئەوەی خەندەی کۆ کراوە بوو، هەراجت کردن. کەس نەیکڕین. خەندەکانت کۆنن. کۆنتر لە گریانەکانت.
پەردە خۆڵەمێشییەکە دەکەوێتە سەما. کەمال ڕادەپەڕێ، دەڵێ وەرن ئاگر بکەینەوە! ئەم ئاگرە بەشی هەموومان دەکا، بەشی شەوانی چاوەڕوانی، کاتە ساردەکانی تەنیایی، ژێر جاجمی سارد، بافوور و رووناککردنەوەی چوار ڕێیانەکە دەکا. کەسیان نایەن. تەنیا سماییل دێت. پێدەکەنێ و دەڵێ:
- دیسان بووم بە دوا کەس!
- بووی یا بووین؟
ئاگر پێویستە. ژیان بێ ئاگر رەنگ و روانینی لێ ون دەبێت. ئاگرەکە دەکاتەوە و، پەردە خۆڵەمێشییەکە دەکشێتەوە. لە نێوان پەردە و ئاگرەکەدا کۆ دەبنەوە و فاتێ دەڵێ:
- کاکە! ئاگرەکە زۆر درەنگ کەوت.
ئەحمەد:
- خاڵە! منیش ئیتر لە ڕقی دایک و باوکم بەتاڵ بوومەتەوە.
باوکی:
- ئاگردانەکە لە قەرەی ئاگرەکەدا نیە.
باوکی سماییل:
- یەکەم جارە هەست دەکەم جاجمەکە بە سەر شانمەوە قورسایی دەکا!
سەیران:
- تامی کۆڵان دەدا.
مام عەزیز:
- بڕوام پێی نیە، ناگاتە باڵای هەلیکۆپتەرەکان!
سماییل بە پێکەنینەوە:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- ئاگر تەنیا درەنگ ناوەوەوی خۆی پێ دەخوێنرێتەوە!
بە دەوری ئاگرەکەدا دەکەوێتە سەمایەکی شێتانە. ئەوانیش دێن یان نا، نازانێ! سەما رۆح دەکا بە ئاگر. بە هەر سووڕێکی پتر کڵپە دەستێنێ. گڕ، رۆحی جەستە جێ دێڵێ. وەک شەپۆل، خۆ لە قەراغی لم و هەڵەمووت و گڕە بەردەکان دەسوێ و هەڵیان دەقرچێنێ و دەیانسووتێنێ. ئەوانەی سەیری سەمای شەپۆلانی گڕ دەکەن، پتر خۆ لە یەک نزیک دەکەنەوە. ترس و سەرسوڕمانی نیگایان پتر تین دەستێنێ. سەمای شێتانە، شێتانە سەما، دەریایەکی تورەیە. گەمیەکان دەکەونە گەمەیەکی دووکەڵاوی. لە دووڕڕا هەڵمی زێوین و تیشکی زێڕینی خۆری رۆژ ئاوا، بەرەو یەک دەکشێن. دەکشێن و دەکشێن تا دەبن بە دیوارێکی ئاڵتوونی. ئەمە ئاخر دیوارە. پەڕەسێلکە کۆچەرییەکان لەوێن ـ ئەوانەی وا دوایین کۆچیان بوو ـ وێنە ئەبەدییەکانی ژیان لەوێن ـ ئەوانەی وا پەڕەسێلکەکان بە شوێنیاندا وێڵ بوون ـ سەما دەبێ بە خۆر و بەرە بەرە ئاوا دەبێت. پەردەیەکی خۆڵەمێشی دیسان لە ئاسمانەوە دادەکشێ. سمایل یەکەم وێنەیە، رەنگەکانی بزر دەبێ. ئیتر یەک بە دوای یەکدا."

ماوەیەک پێش ئەوەی یەکەم بەفر دابکاو، پەڵە هەورینەکان شیناوەردی پاییز و گەڵا رزیوەکان بە نیوە رووتی داپۆشن، باوکی سیا هاتەوە. هەر لە دەرگاکە ئەم دیو بوو دەنگی گەیشتە گوێی کەمال:
- لە مێژە لێرە نەمخواردۆتەوە... هۆ خواردنەوەکان یادتان بەخێر!
کەمال ویستی خۆی پشت کۆمێدە کۆنەکەی نێو ژێرخانەکە بدات. سیا بە کەمالی گوتبوو باوکم دەیەوێ بیفرۆشێ، بەڵام دایکی دەڵێ یادگاری بووکێنیمە، تا من ببم، دەبێ ببێ! بە پەلە بوو. لە کۆمێدەکە هەڵەنگوت. تەپەی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پێـی باوکـی سیا بڕا، سیا لە نێو دەرگاکەدا بوو کە باوکی ئاوڕی دایەوە. نیگایان لـە یـەک چەقـی. لـە نـێو چاوانـیدا دەخوێنرایەوە "دز". ماوەیەک کش و مات. ئەوسـا بـە ئامـاژە پـیٚکـردن داوای تێڵای کرد. سیا ریٚوراست بەرەو دەرگاکە چوو.

- بابـە، حەتم پشیلەیە، دزی چی و کەشکی چی!... ئەوەتا لە دەلاقەکەوە خۆی فڕیٚ دایە دەرەوە... لە ترسانا.

دەرگای ژێرخانەکەی داخستەوە.

دەنگی باوکی جارجارە دەهات.

- دەخۆمەوە بۆ سڕینەوەی چەند مانگ دووری.

پەپـوولەی کات بالّەفڕەی بوو. هەنگاوە سووکەڵەکانی بەرەو حەوشە رۆشتن. کـەمال لـە دەلاقەکـەوە ڕوانیە دار تووەکەی نێو حەوشەکە، بەلۆعە و تاتێکی لە ژێـردا بـوو. باوکـی سـیا چـووە لای دار تووەکە. ڕەتی دەبرد. کزۆڵە و سەر و سـیمایەکی پـیری گەنجانـە... بـەدەم فیکەلـێدانەوە دەسـتنوێژێکـی سەقەتی گـرت و، لـە سـەر تاتەکـە قۆڵـەکانی دادایـەوە. وەک دارە بی، نـەرم نـەرم دەشکایەوە.

-کوڕم وەک دەڵێن پیاوی مەست دەروونی خاوێنترە... نوێژ دەکەم بۆ ئەوەی خاوێنیەکەم لە کیس نەچیٚ!

سیا دەرگاکەی کردەوە. بە ئەسپایی:

- وەزع باشـتر بـووە. تـاک و تـەرا خەڵـک دەگەڕێـنەوە. دەبیٚ لە فکری ڕێگا چارەیەکدا بین!

- باوکتم هەمیشە لە یاددا دەمێنیٚ!

راوەستانێک. دەرگاکە دەبەستریٚ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کە یەکەم بەفر دایکرد و هەناسەی هەوا بۆنی بەفری گرت و جۆگە قوڕگ وشکەکانی نێو شاخەکانی قەراغ شار، هومێدی ئاوازیان تێ گەڕایەوە، سیا رووی لە ماڵەوە کردەوە.

-چەند ڕۆژی دیکە دایکم و ئەوان دێنەوە. بە باوکم گوتووە کە تۆ لێرەی! دوو شەوی دیکە وەڕێ دەکەوین. دەچینە قەراغ ماڵەکان. کە ڕۆژی کردەوە ئیتر تۆ بڕۆ. بچۆ گوندی... لەوێ دەبێ بەڕێت بکەن!... چارمان هەر ئەمەیە.

دوو شەوی دیکە "سیا" نەهاتەوە. بەفر یەکبین دەباری. کتوپڕ هەور ڕەوینەوە و، هەتاوێکی گەرم دنیای گرتەوە. بۆ شەو دیسان هەورە رەش و سپیەکان لە پشت شاخە نزمەکانی رۆژئاوای شارەوە گەڕانەوە. کولوو بەفرەکان دیسان لە باڵای دارتووەکە ئاڵان. شەوی دواتر "سیا" هاتەوە.

- هەی لەو بەختە!... دەتوانی بەفری کوێستان ببڕی؟

- بەڵام هەر دەڕۆم!

- دەڕۆین.

دەمەو بەیان هاتنە دەرەوە. تویژاڵە بەفرێکی ئەستوور زەوی داپۆشیبوو. کۆڵانە تاساوەکانی نوقمی بەفر، دەڵێی بە تاسەی ریبوارەوە بوون. بێ چرپە رێ دەکەن. تارمایی دوو جەستە لە سەر چیمەنی بەفر. تارمایی دوو درەختی گەڕۆک. هەوای خاوێن و بێگەرد و سارد، داوای هەناسەی قووڵ دەکا. هەناسەی قووڵ بۆ نوێ کردنەوەی سییەکان. خانووەکان تامی خەو دەدەن. رەنگە دنیایەکی دوورە دەست بن. هەنگاوەکان ساردن. ئارام و لە سەر خۆ جێ هەنگاوەکان یەکتر جێ دێڵن. دوورن و پەیوەست. هێڵێک بە درێژایی ئەو ئارەزووانەی ماڵئاوایی لە دوێنێ و ئێستای خۆیان دەکەن. دوێنێ بەفر و ئێستا بەفر و رەنگە ئەو دیوی سنووری ئێستاش هەر بەفر بێت. بەڵام تەمەن هەر چێژی خۆی هەیە. پریاسکەیەکی لەشان کراوە و پریاسکەیەکیش لە پێشتەوە "ئێستا" کۆ دەکاتەوە. هیچ شتێک ون نابێت، تەنیا گیانێکی شەتاو ئاسای دەوێ. ژیان بەو پەڕی هێز و گوڕەوە. وەها کە هیچ شتێک لە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

قەراغەکانـدا جـێ نەمێـنێ. ژیـانی بـە گـوڕ لـە سنووری مەرگ گەلێک نزیکە. ڕووداوەکـان، لانکـەی مـەرگن. تا ڕووداو کەمتر، زەمەن و مەرگ ڕاوەستاوتر. شوێنیش کەڕواویتر.

مـرۆڤ هەمیـشە کاسـی ئـەو ترپە دوورە دەستەیە کە بەرە و ئێستا دێت و هی ئێـستاش نـیە. بیگەیـتێ، بەخـتەوەری. نەیگەیـتێ، نوقمی خولیای بەختەوەری. جـاری وایـشە بەتاڵـی لە هەر چەشنە بیر و بیرکردنەوەیەک، بێ بەختەوەری و بـێ خولـیای بەخـتەوەری. قـسە ئەمەیـە: چەنـد هەسـت بـە خۆت دەکەی یان ناکەی؟

سـەرەتاکان، بـێ ئاوێـنەی کـۆتایین، بەڵـام کۆتایـیەکان ئاوێنەی سەرەتاکانیان پێـیە. جـاری وایـە بێ ئەوەی سەیریشی‌کەی، رواڵەت و دیمەنەکانی دەستپێک دەبـینی. بینینێکـی بـێ‌خواسـت. پچـڕ پچـڕ، وەک بـڵێی ئاوێنەکە هەزار پارچە کـرابێت، چاوێـک ـ دڵـۆپێک، لێوێک ـ لەرینەوەیەک، بزەیەک ـ هەناسەیەک، شـەرمێک ـ شـێتیەک، ئاوێـنەیەک - درزێـک. ئـاه! ئاوێنەیەکی درزاوی لە نێو ئاوێــنەدا! وێنەیەکــی لــەت، کــە لــەتی دەبەخــشێ. کەشــتی نــووح دەبــێ ئاوێنەیەکیـشی تـێ خـرابێت. ئاوێنەیەکی درزاویش بووبێت قەی ناکا! ئاوێنەی درزاوی دەتـوانێ دوو ئاوێـنە بـێت. درز، دەبێت بە سنووری دیمەنەکان. زەوی ئاوێنەیەکی لەت لەت کراوە.

ڕووناکیـی چـرای ماشـینەکان بـڕ ناکەن. لێرە و لەوێ لە ناو مژێکی تەنک و لە نێو بەفردا دەخنکێن. دیسان هەناسەبڕکێ. هەناسەبڕکێ لێرە هاواڵی سەفەرە. سـەفەری ئـارام، ڕەنگـە لەو دیوەوەی ژیانەوە بێت. لەو شوێنەی بێت کە ژیان بـێ سـەفەر نابێت. ئاوڕ دەدەیتەوە. گوند و خانووی لا سەرووی گوند لێڵ‌ترن. وێــنەکانی ڕابــردوو هــەر وان، لێــڵن. زەمــەن ژەنگاویــیان دەکــا و لــە نــێو گەردەلـوولی بێدەنگـی تـۆزدا نوقمـیان دەکاو دواتر دەیدا بە کۆڵتا. بە دەست ناسـڕێنەوە. تەنـیا بـە لـێخوورد بوونەوەیەکـی تیـژ و مەنـد دەتـوانی ئاودیـوی دیواری ژەنگ و تۆز ببیت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چـۆک دادەدەی. چنگـێک لـە بەفـرەکە هەڵـدەگری. لـە نـزیک نزیکەوە لێی دەنـۆڕی. بەفری قرتاو و پەیوەست، گڕنی گڕنی. سارد. لە سەر پەنجەکانتەوە بـوونی خـۆی دەسـەلمێنێ. سـەرما، بـوونە. بوونێکـی تیژ. تەزێنەر و چوست و چـالاک و وەگـەڕ خـەر. بـۆ ئـەوەی بـژی، دەبـێ بجوولـێی. وەستان، وەستانی کۆتایـیە. هەسـت دەکـەی ماسـولکەکانت سـڕن. دەمارەکـان ناتوانن گەرمیان بکەنەوە. پێچ و لوولی دەمارەکان لە پێچ و لوولی ماری سڕ دەکەن، دەیبەی بۆ زارت. لـێوەکان بـیری بـوونی خـۆیان دەکەنـەوە. ئەوانـیش، بوونێکـی سـڕن. بەفـرەکە قـووت دەدەی. گـەرووی وشک دەکشێ و، وێک دێتەوە. "بۆ ناکرێ مـرۆڤ تـا ئەژی وەک خۆی بژی" بەزەیەکی تاڵ. پەڕەسێلکەکان وەک خۆیان ئـەژین، بـۆیە هەمیـشە کـۆچ دەکەن. هەنگاوی کۆچ، تاڵە و ریگا بزر و نادیار، هەمیشە لە بەر سنوورەکاندای. خۆت و سنوور. خۆت و ئەو دیوی سنوور.

"سیا" تۆپەڵە بەفرێک بۆ زاری دەبا. پێت گوت:

- نەمگوت با لێرەوە نەڕۆین!

پاڵـی بـە دیـوارەکەوە داوە و دەستی لە سەر کەلەکەیەتی. خوێنی سەر بەفر لە خوێنی ناو دەمار سوورترە.

گـولله یەک لە دوای یەکیان بە ویزە ویز بە لاتاندا تێدەپەڕن و، تەڵەزم و وردە گـڵ و خـشت بـە سـەر و رووتانـدا دەبارێـنن. تەقـە دەکەی. دەمانچەکە گەرم بووە. دیسان گرێی بەیانیی چوار ڕێیانەکە ئەوکت دەگرێ.

- هەستە... دەبێ لە گەل خومدا بتبەم... دەتوانم!

- نا برِۆ برِۆ... ئیتر من ...!

باوەشـی پـێدا دەکـەی. ماچـی دەکەی. تا دێ بە سەر بەفرەکەدا دەشکێیتەوە. فرمێسک ، ناو دەمت سوێر دەکا. سەری دەخەیتە نێو دوو لەپی دەستت:

- بە قوربانت بم... دەبێ بێی لەگەڵم!

کولـــی هەناســـە قورســـەکان راتدەتەکێـــنن. دیـــسان تەقـــە. نـــەڕە نـــەڕی نـــێو کۆڵانەکانی ئەوسەر، بەفر هەراسان دەکەن. دەنەڕێنی و تەقە دەکەی.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- بە قوربانت بم... تاقەتم نەماوە.
سیا ئەوەی هێزی تیا ماوە یەکانگیری دەکاو دەنەڕێنێ.
- بڕۆ... بڕۆ!
ڕۆیـشتن ئاسـانە... جـێ هێـشتن گـرانە. هـەنگاو سووکەڵەیە، بەڵام کە مایەوە درەنـگ پـێ هەڵـدەگرێ. کـە بـەردەوام بـڕۆی، مانـەوە نابـێ بە هی تۆ. بەڵام هەنـدێک مانـەوە هـەن هـی ڕۆیشتنن. ڕۆیشتن بۆیە ڕۆیشتنە، چونکە خاوەنی ئەم مانەوانەیە.
سـیا دەکەوێـتە گیـنگڵ دان. هەناسەکان شۆڕ دەبنەوە. شتێک قورسیان دەکاو دەیانکرێـنێ، پەڵـە تـەڕەکانی سەر دیوارەکان ڕەنگیان خەستترە. بەفری سەر گوێـسوانەکان چـاو شـارکێی نـێو کۆڵـانیانە. وێـنەکان لـە نـێو چـاوی تەڕتدا دەشکێنەوە. بەفر و خانوو و کۆڵان و تارماییەکان دەبن بە دوو و، ئاوێتە دەبن. بـڕیاری مانـەوە، قـورس و سـارد و مەنـدت دەکـا. مانەوە لەم کۆڵان و خانووە قـوڕین و ئاسمانـە داتەپـیوەدا تـا ژیـان مـەودا دەدا. مانەوە بێ بیر کردنەوە لە مـەرگ. مـەرگ هـی داهاتـووە، ئێـستا بـۆ؟ مـەرگ قـەت هی ئێستا نەبووە. لە ڕابـردووەوە دێـت و لـە دواهاتـوودا بارگە و بنە دەخا. کە واتە مرۆف هەمیشە دەتوانێ "ئێستا" بڕیار بدا.
ئێستا هی خۆیەتی. خاوەنداریەتییەکی خێرا.
سـەری سـیا دەخەیـتە سەر کۆشت. سیا بە قاچ بەفرەکە دڕ دەدا. باوەش دەکا بـە کەمەرتـدا و سـەری لـە بـن باخـەڵ و سکت جووت دەکا. قژی دادێنی و لە بەفـرەکە دەنـۆڕێ. بەفـر دەکـرێ وەک چـۆن ڕووناکیـی چـرا دەخـوات ، ئاوا نـیگاش بخـوات! خواردنێکـی سـارد. بـێ هـیچ لرفە و لێو لێستنەوەیەک. ئارام دەبێتەوە. هەناسە قوورسەکان دەرفەتێکی خەون ئاسا دەڕەخسێنن.
- گەر نەڕۆیت دەبینە تەرم و دیلێک... یان دوو تەرم.
چـاوانی نـووقاندووە. سمایل دەیگوت: "تەرمەکەی ئەو شەوە بۆیە قورس بوو، چـونکە بـە بـزەوە مـردبوو، هێـشتا ژیـان لـە جەسـتەیدا مابـوو!" ئـاخ سمایـل!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تەرمـەکان پێش ئەوەی بچنە نێو خاک دەبێ بە سەر کۆڵەوە جەولەیەک بکەن، جەولەی ئەو کۆڵانانەی کە لە کاتی منداڵیدا هەموو جیهان بوون.
"سـیا" خـۆی بە سەر شانەکەی دیکەدا وەردەگێڕێ و دەکەوێتە سەر بەفرەکە. ئامێزێکـی کراوەی چۆڵ. هەڵدەستێ. لە قەراغ دیوارەکەوە سەیری ئەو سەری کۆڵـان دەکـەی. تەقـە دەکەی. دەچیتەوە لای سیا و ماچێک دەوەرێ. بە سەر دیـواری خانوویەکـی لا خـواروی خـۆتاندا باز دەدەی. هەر لەم کاتەدا لە بانی نزیک شوێنەکەی "سیا" تەقەت لێ دەکەن. دیوار دەتپارێزێ.

بـەردی نـێو بەفـر چەند تەنیایە! تا نیوە نوقم و کلاوێکی سپی بە سەرەوەو، نێو قـەد رەش. بـا بەفـری کـردووە بە پەیژەو بە لایەکیدا هەڵزناوە. هەڵدەزنێ بۆ ئـەوەی تێـپەڕێ. پـێش ئـەوەی تێپەڕێ، "با" بووەو لە کاتی پەڕینەوەشدا هەر "بـا" بـووە، بەڵـام دواتـر... نازانی. بەردە نێو قەد رەشەکان، لێرەو لەوێ لە نێو لێـرەوارو بـە سەر سینگی سپی شاخەوە، تاریکی شەو دەبڕن. تۆخترن. ئەوەی دەمێنێـتەوە، تۆخـتـرە. خـاوەن دەروونێکــی قـورس و چـەق بەسـتوو. مانـەوە، سـنووری رەنگـەکان بەر تەسکتر دەکاتەوە، دەرفەتی ئاوێتە بوونێکی دیکەیان لــێ دەسـتێنێ، نـەخش و نیگارێکــی ئەبــەدی. ڕابــردوو نەخــشێک و، ئێــستا نەخـشێک و، داهاتوو نەخشێک، مرۆ چەند توانای نەخشاندنی زەمەن و شوێنی هەیە!
سـەرما بـەرە بـەرە جەسـتەت سـڕ دەکات. دەبێ پێ هەڵبگری. هەڵیدەگری. خانـووەکانی گـوند، ئێـستا وەسـەر یـەک نیـشتوون. تارمایـیەکانی خوار گوند، وەدەر دەکـەون. ئێـرە ئیتر چوار ڕێیان نیە. دوو ڕێیانی گوند و شاخە. ئامێزی مـرۆ، مـرۆ داڵدە نادات. ئامێزی مرۆ، دەترسێ. چاوەڕوانە، ڕوانینەکان بتارێن،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئـەوجار لـە ئامێـز بگـرێ. لـە ئامێـز گرتنێکی ترسنۆکانە. خۆشەویستی، پەنای گرتووە. خۆشەویستی لە مەرگی خۆی دەترسێ. "دونیای گەورە خۆشەویستیی بچووک دەترسێنێ. دەرگاکان داخەن! خۆشەویستیی بچووکی ئێمە تەنیا بەشی نـێو ماڵـەکانمان دەکـا" تاقە خانووی لاسەرووی گوند، لە مێژە ونە. نە خۆی، نە دووکەڵی، نە رووناکیی کزی گڕ سۆزەکانی، دیار نین.

ماندوویەتی لە ئەژنۆ و سێبەنەی پشت و چاوەکاندا، خەریکە بارگەو بنە دەخا. داهێـزرانی شـانەکان. جووڵـەی بـێ ئاگایانەی پەنجەکان. بێ دەربەست بوونی روانـین. روانین کە بە دەربەستەوە نەبێ، خەمی مەرگ دەڕەوێتەوە. بێزاری لە مـەرگ هـی چاوە بزۆزەکانە. بە شەوقەوە بڕوانە بۆ ئەوەی ژیانت خۆش بوێ!

سمایـیل کـە زستان دەهات لە پشت عەرەبانەکەیەوە، کە چەوەندەری کوڵیوی لـە سـەر بـوو، دەسـتەکانی لـێک دەهاڵـاندن و دەیگـوت: "تـا ساردتر بـێت چەوەندەرەکـە بە لەزەتترە!" هەڵمی جەستەی خوێن ئاسای چەوەندەر ، لە نێو کولوو بەفرەکاندا بێ سەرو شوێن دەبوو.

منداڵـە چڵـمنەکان بـە چـاوی دەرتۆقـیو و نیگایەکـی بـە لـەزەوە لـە دەسـت و مەچەکـی سماییلـیان دەڕوانی و دوا لەتەکانـیان بـە حەسـرەتی تـەواو بـوونەوە هەڵـدەدایە نـێو زاریـان. دەسـتی سمایـیل و ئـەو منداڵە چڵمنانە زۆر لە یەکتر دەچـوون. دیـتنی لاقـە بـێ گۆرەویـیەکانی نێو پێڵاوە لاستیکیەکانیان، سەرمای بەتینتر دەکرد.

روانیـتە پانتۆڵـەکەت، تەڕێکـی بەسـتوو. رەق رەق. کـەژی گـەردنکـەش بـە پـشتێکی کـووڕەوە. دەڵـێی ئـەویش لـە پانتۆڵـەکەت دەڕوانـێ. نـیگای مەنـد، درەنـگ بـە سەر وێنەکاندا تێدەپەڕێ. نیگای مەند، بەشێکە لە وێنەکان. تێیدا، ئیتـر قووڵـاییەکان خـۆ بـە دەسـتەوە دەدەن و... دەستەمۆ دەبن. دەستە مۆی روانین.

دەست بۆ دوو گوێت دەبەی. سارد ساردن. ساردێکی ئازاراوی. دوا هەناسە و دوا وتـەکانی "سـیا" بـەم گوێـیانەدا هەڵـزنان: "سەیران کوێر بوو، باوکیشت...

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بارمــتەیە... لەجــیاتی تــۆ..." ئــاورِ دەدەیــتەوە. گەڕانــەوە، دوا ســاتەکانی بارمــتەبوونە. "لەگەڕانــەوەدا تــۆ دەمــریت و، داهاتــووت دەمــرێ و، گوڵــە دۆزەخیەکانیش پتر دەپشکوێن" سەفەرێکی دۆزەخ ئاسا لە نێو بەفردا.

"سمایـیل بـدوێ! رەنگـە ئەمـە دوا دووانی مـن و تـۆ بێت لەم خاکە نەگبەتەدا. ئەوەندەم نەماوە بگەمە نێو مژی خەستی سەرشاخی... باسی سنوور و ئەودیوی سـنوورم بـۆ بکـە! لـەوێ سیمای شارەکەم و کۆڵانەکانی و تۆ و فاتێ و سەیران چـۆن دەبـێت؟... دایکـم لـەوێش هـەر دەگـریت؟باوکم کوورِتر دەبێت؟ یان، ئەوێ گۆڕستانی ڕابردووە؟"

سمایـیل وەڵـامم ناداتـەوە. دەڕوانیـتە پانتایی بەفر و لێرەوار و مژ. پانتاییەکان چۆڵەوانین. مرۆ، وازی لە سروشت هێناوە.

"سمایـیل! رەنگـە لـەم سەرمایەدا زمانت پتر بگیرێ. سەرما، زمان دەترسێنێ. ئـاه، بـبورە! دەزانم، مــردنی تــۆ دوا قــسە بــوو. رەنگــە ئیتــر نەتــەوێ لــە کۆتاییەکانەوە دەست پێ بکەیتەوە. تۆ بە کۆتایی خۆت گەیشتیت. لە خۆتدا مردی. زویری؟ زویری لەوەی ئێرە جێ دێڵم؟ زویر لەوەی لێرە نامرم؟ سەیر کە! شاخە و بەفرە و مژو... جەستەیەکی تەڕ و ماندوو و لەرزۆک. کوڕی باش! کـێ لەم کاتەدا سەفەر دەکا؟... جگە لە من و تۆ. هەموو ژیان سەفەرو، هەموو دەرفەتـەکان سـەفەر... "سـیا" ش لـە نێو کۆڵانەکاندا مرد. بەفر گەرمای لەشی مـژی. مـژی و کەچـی نەتـوایەوە. سمایـیل! تـۆش مردی و کەچی خاک گڕی نەگرت. لێرە هەموو لە ئەرکی خۆماندا نوقم دەبین. دەبڕێینەوە. بڕانەوەیەکی پـڕ لە کۆتایی. دەست پێ کردنەکان ئەستەمن. ئەستەمتر لە مەرگ. سەیر کە! بـزانە باڵندەیەک دەبینی، جگە لەو چێشکە تەڕ و بێ دەسەڵاتانەی کە عەوداڵی کۆڵـان و بـەر هەیوان و ژێر گوێسوانەکانن... دەلەرزین و یەک بە دوای یەک هەڵـدەوەرین. سمایـیل! بـۆ ئـەوەی هەڵـنەوەرین، دەبـێ فێرە کۆچ بین. کۆچ نوێتـرین ئامـرازی ژیـان. مانـەوە بـۆ ئـەوەی چێـشکەکان گـەورە بن و ببن بە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پەڕەسێلکە، خاوەن دوو باڵی گەورەو تیژ تێپەڕ و چالاک. هەموو شوێنێک وڵاتی پەڕەسێلکەیە!"

"با" قایمترە. مژ، کاروانێک ئاوی لە بەستێن بڕاوە کە بە سەر بەفردا دەکشێ. نوقم دەبێ. ئاوڕ دەداتەوە. ڕابردوو کۆچی کرد. فرمێسک دەوەرێ. دەیەوێ وەدووی کاروانی مژ کەوێ. سەرما بێ پەلە کردن نەرم نەرم خزاوەتە نێو هەموو کەلێن و کەلەبەری جەستەوە. ڕاوەستانێک لە گۆڕێدا نیە. جل و بەرگ، توێکڵە دارێکی خووساو. برسیەتی، سەرما بەتین دەکا. گەدەی چرچ و لۆچاوی داوای ئاو دەکا. چنگێک بەفر، ددانەکان دەتەزێنێ و، گەروو دەسمێ و، گەدە لە بەر یەک دەکشێنێ. چاوەکان ئێستا پتر دەڕواننە دەورو بەری خۆیان. دڕندەکان لە سەرمایەکی وەهادا بەرەو داوێنەکان و قەد پاڵەکان دادەکشێن.  شەو و شاخ و سەرما، هەر هەواڵی خۆیانن.

"سماییل! زۆر کەس پێش ئەوەی بمرن، دەمرن. ژیان دەبێ بە تابووتیان. بە درێژایی تەمەن تێیدا رادەکشێن... دەڵێی سەر دەمی زەنگە گەورەکان بە سەر چووە. زەنگی گەورە لە وڵاتی بەفردا دەنگی ترسناکە. وەدەرکەوتن، بە تووشی سەرما و سۆڵەوە بوونە. ئەوە نیە تەرمەکان لە کووچە و کۆڵانەکاندا بە جێ دەمێنن! کۆڵان جێی ڕابواردنە، نەک مردن. مردن هی پشتەوەی پەنجەرەکانە، ئەو پەنجەرانەی بە سەر کۆڵاندا دەڕوانن. لە کۆڵان تێدەپەڕی و دەرگا دەکەیتەوە و، پەنجەرە واڵا دەکەی، ئەوسا لە نێو نوێنی پشت پەنجەرەکەدا پاڵ دەکەوی و چاوەڕوانی مردن دەبیت. مردنێکی وەها کە بتوانی بۆ دوا جار لە جێ هەنگاوەکانت بڕوانی و سەیری ئاسمان و شاخی دوورە دەست بکەی. داخۆ هیچ بە جێ نەماوە؟ داخۆ هیچ نەماوە جێ بە جێ نەکرێ؟ سمایل هەنگاوەکانی تۆ دەگەنە من و منیش جێ دێڵن. واوەتر لە مەرگی من. واوەتر لە سنوور و لە مژی پەڕینەوە و لەو بیرەوەرییانەی کە قەرارە لە داهاتوودا بێن. داهاتوو، ئەو جەستەیەیە کە بە سەر کۆڵی بیرەوەریەکانەوەیە. سمایل! لە ژیانی ئەو دیوی سنوور دەترسم. لە هەر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شوێنێک کە لە سەرەتاوە دەست پێ بکەین، دەترسم. سەرەتای ئەوێ، کۆتایی ئێرەمە. ئێرە دەبێ بە تەرم. تەرمێ لە سەر کۆڵی داهاتوو. بەردەوام دەبێ ڕایگوێزم. ڕاگواستن و ڕاگواستن. ڕاگواستنێکی تەنیا."

وەهمی تەقەیەکی دوورە دەست یان دەنگی تەقەیەکی دوورە دەست، ڕێ بە کاروانی مژ دەگرێ. وردە شەپۆلە چەق بەستووەکانی بەفر، بەرەو شیوەکان خلۆر بوونەتەوە. شەو بەستوویەتی. زستانی پاییز بە بڕشتترە. زستانی پاییز، سام بە زستان دەبەخشێ. تاشە بەفرەکانی نێو بەفر و نوقمی مژ، دێوی ئەفسانەکانن. دەستی زەمەن نایانگاتێ. ڕاوەستانێکی ئەبەدی.

هەر چەند هەنگاو و، ڕاوەستانێک. جمگەو ماسوولکەکان خاو دەبنەوە. گەرمای خوێن، بەشی جەستە ناکا. دەنگێکی نادیار لە گوێ دەئاڵێ. لێدانی دڵ خاو دەبێتەوە. سینگ، دەریایەکی ئارامە، ئارامیی پێش عەشق، یان ئارامیی کاتی کارەساتی عەشق. دەنگی دەرەوە تەنیا "با" یە، گەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی بوون.

"سەرەتا "با" بوو و " با". دنیا، بۆشاییەکی بێ سنوور. "با" دەنگی نەبوو، چوونکە هیچ لەمپەڕێک نەبوو. "با" ڕەورەوەیەکی بێ گەڕانەوە، لە ئەزەڵەوە بەرەو ئەبەد، سەرئەنجام لە سووڕی نێو بۆشایی وەڕەز بوو و خۆی پتر لە قەراغە بێ سنوورەکان هەڵسوو. قەترەیەکی لێ تکاو ئیتر گرێ کەوتە نێو بۆشاییەوە. لەو کاتەوە لەمپەڕ لە دایک بوو، دەنگ و زەمەنیش لە دایک بوون."

لەپەو ڕوو دەکەوێ. جەستە، قورسایی نامێنێ. ماندوویی و ژان لە ناو بەفردا، خەریکی خۆ حەشار دانن. کە بەهار هات ئەوانیش لەگەڵ بەفر دەتوێنەوە.

"هەیهۆ تا بەهار!"

چنگ لە بەفرەکە گیر دەکەی و ڕادەبیتە سەر چۆک. تا دەتوانی بەفرەکە دەگوشی. چوار چنگ سەر دەکەوێ. چڕنوقی سەر بەفر، دەست بریندار ناکا.

"هەوراز لە کووڕیدا کۆتایی دێ"

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**وزە پەرتـەوازەکان، ئەوانـەی وا جەسـتە لـە بیریان دەکا، خەریکی گەڕانەوەن. کۆتایـیەکان، هـەمیـشە دژوارتـرین بەشـی ڕێگاکـانن، کۆتاییی‌یە، یان گەڕانەوە دەبـێت بـۆ سـەرەتا؟... یـان مانـەوە لـە بـەرزەخدا؟ چارەنووسی بەرزەخی. لە بـەرزەخدا لەگـەڵ مـەرگ و ژیـان ڕادەوەسـتی. نـە بوونێکـی مـەرگاویت و نە بوونێکی ژیاناوی. لە بەرزەخدا هیچ لە دایک نابێ. بەرزەخ، مەرگی خەونەکانە.**

**"نەفرەتتان لێ بێت سالاّنی نەزۆک!"**

**سـەر هەلـدەبڕی. بەفـر ڕێـنوێنی نـیگا دەکا. هەنگاو بە هەنگاو نیگا لێت دوور دەکەوێـتەوە. تارمایـیەک دەبـینی. تارمایيەکـی بـێ جوولـە. سەرنج. هێڵەکانی جەسـتەی، لـێک ناکـرێتەوە. هـەنگاوەکانت خێـرا دەکـەی. مـرۆی یەخسیری دەستی سروشت، لە تارمایی سڵ ناکات.**

**"هۆو سماییل! کەواتە لێرە چاوەڕوانمی."**

**قاقای پێکەنین، بە لا پاڵەکاندا دەخشێ و بزڕدەبێ. بێدەنگی. ڕوانین.**

**دەڕوا. دەڕواو، تارماییش دەڕوا.**

**"سماییل ڕاوەستە! قسەم زۆر پێیە. دەمەوێ باسی "سیا" و "سەیران" و دایکم و بـاوکم بکـەم. تـۆ لـە شـەوی کۆلـانەکەوە ئیتـر ئاگـات لـە ڕووداوەکـان نیە... دەزانی! نـیگای سـەیران لـە گۆمی چاوەڕوانیدا خنکا، " سیا" وەک تۆ مرد، بەو جیاوازییەوە بەفر نەیهێشت تینووی بێت، باوکم ..."**

**تارمایی نەما، ویستت پێبکەنی. زاری کردەوە و ڕاما.**

**"بـێگومان ئـەو دیوی شاخ کەوتووە، وا دیارە سماییل دەیەوێ کۆچ بکا، کۆچی ئەو دیوی سنوور."**

***

لە سەرەتای رەشەمەی نەوەدو هەشتەوە تا کۆتایی بانەمەڕی هەر ئەو ساڵە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com